کتێبی فەلسەفی "فەلسەفە لە مێژوودا"، وەرگێرانی لە نۆرویژییەوە: "فەڕۆخ نێعمەتپوور"

فەلسەفە لە مێژوودا

(پوختەیەک)

نووسینی: ئانفین ستیگن

وەرگێڕانی لە نۆروێژییەوە: فەڕۆخ نێعمەتپوور

2008

ناوەرۆک:

- پێشەکی وەرگێر 9

- سەردەمی کۆن 11

- سەدەکانی ناوەڕاست 35

- سەردەمی نوێ 46

- سەردەمی ئیستا 68

پێشەکی چاپی سێهەمی کتێبەکە بە زمانی نۆرویژی

دوای مردنی ئانفین ستیگن لە ساڵی 1994 بەردەوام لە زانکۆ لە کتێبەکانی بەشی خوێندنی فەلسەفەدا گۆڕان پێک هاتووە، بە پێی نیازی سەردەم نوێ کراونەتەوە شتی تازەیان پێ زیاد کراوە. بۆیە لە چاپی سێهەمی ئەم بەرهەمەدا ئەم پێویستیە لە بەرچاو گیراوە و هەوڵ دراوە کە گۆڕانی پێویستی تێدا ڕەچاو بکرێ کە ئەمانەن:

- ئەو بەشانەی کە چیدی لە زانکۆ ناخوێندرێن، لە کتێبەکە وەدەرنراون.

- بە گوێرەی گۆڕانی کتێبەکان، بابەتی تازە بە بەرهەمەکە زیاد کراوە.

- هەندێک پەرەگراف بە گوێرەی گونجانی پتری ئەم بەرهەمە لە گەڵ کتێبەکانی زانکۆ، هەڵگیراون.

پێویستە دیسان لە سەر ئەوە پێ دابگرینەوە کە گۆڕانکاریەکان تەنیا لەم چوارچێوەیەدا ئەنجام دراون.

ئۆسلۆ و ترۆمسۆ، نۆڤێمبەری 1996

کۆلبین برێدە

پێتەر نافستاد

پێشەکی وەرگێڕ

وەک لە پێشەکیی چاپی سێهەم بە زمانی نۆروێژیدا باسی لێکراوە، ئەم کتێبە تایبەتە بە خوێندکارانی بەشی فەلسەفە لە زانکۆکانی نۆروێژ. ئەم بەرهەمە لە بنەڕەتدا بە شێوەی پرسیار و وەڵام نووسراوە و نووسەر هەوڵ دەدا کە مودێلێک بۆ وەڵام دانەوەی پرسیار لە کاتی تاقیکردنەوەکانی زانکۆدا پێشکەش بە خوێندکاران بکا. هەر بۆیە لە کۆتایی کتێبەکەدا چەندین وەڵامی خوێندکاران لە کاتی تاقیکردنەوەدا لە گەڵ نمرەکانیان (دەرەجە) هاتوون کە من خۆم لە وەرگێڕانیان بواردوە. هەڵبەت ئەمە هیچ لە ئاستی کتێبەکە کەم ناکاتەوە خوێنەر بە بێ ئەوانیش دەتوانێ زانیاری پێویست و بە کەڵک لە بابەت ژمارەیەک لە فیلسووفە بە ناوبانگەکانی جیهان وەربگرێ. ئەم بەرهەمە چەندین چاخی فەلسەفی لە خۆی دەگرێ و هەوڵ دەدا کە نێوەرۆکی بیر و ئەندێشەی فیلسووفەکانی ئەم سەردەمانە بە کورتی و بە شێوەیەکی پوخت بخاتە بەردەست خوێنەرانی. وەک دەبیندرێ کتێبەکە باس لە هەندێک فیلسووفی گرنگی دیکە بە تایبەت سەردەمی ئێستا ناکات و تێیاندەپەڕێنێت. ڕەنگە مەودای نووسینێکی لەم چەشنە دەرفەتی ئەوە نەدات کە نووسەر هەموو فیلسووف و بیریاران بەسەربکاتەوە. بەڵام بە هەر حاڵ ئەم بەرهەمە دەتوانێ بەش بە حاڵی خۆی سوودمەند بێت و دەلاقەیەک بێت بە ڕووی گرنگترین چەمکەکانی فەلسەفەدا.

ئەم نووسینە لە دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم بەرهەم هێنراوەو بێ گومان ئێستاکە لە چاو ئەو کاتە گۆڕانی گەورە بە سەر شێوازی کتێبەکانی بەشی فەلسەفە لە زانکۆکانی نۆروێژدا هاتووە، بەڵام بە هەر حاڵ ئەم بەرهەمە دەتوانێ لەجێگای خۆی بە سوود و بەکەڵک بێت و سەرەتایەک لە بیری فیلسووفە گرنگەکان پێشکەش بە خوێنەران و هۆگرانی فەلسەفە بکات.

04.05.2008

سەردەمی کۆن

تایبەتمەندییەکانی دابڕان لە بیری میتولۆژی1 لە یۆنانی کۆندا کامانەن؟ فیلسوفەکان لەم بوارەدا لە گەڵ چ کێشەگەلێک رووبەڕوو بوون؟

1- لە دەوروبەری ساڵی 600 ی پێش زایینەوە بەرە بەرە بیرمەندان و لێکۆڵەوەران لە ناوچە یۆنانی زبانەکان سەرهەڵدەدەن، بۆ وێنە خودی یۆنان، کەنارەکانی ئاسیای بچوک و کۆلۆنیەکانی یۆنان لە باشوری ئیتالیا. ئەم بیرمەند و لێکۆڵەوەرانە کە دواتر ناوی فیلسوفیان لێنرا، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە سەرقاڵی هۆ یاخود هۆیەکان لە سروشتدا بوون. واتە ئەو هۆیانەی کە دەیانتوانی بنەمای رووداوو و دیاردەکانی ناو سروشت بخەنە روو و دەست نیشانیان بکەن. ئەوان بە شوێن هۆکارە سروشتییەکاندا دەگەڕان و لە راستیدا وازیان لە هۆکارە بانسروشتیەکانی وەک خودا و میتولۆژیا هێنابوو. شیکردنەوەکانیان پشت ئەستور بوو بە شتە هەستپێکراوەکان، واتە ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیتوانی لە رێگای هەستەکانەوە پەیوەندیان لە گەڵ بەرقەرار بکا. شایانی گوتنە کە زۆربەی فیلسوفەکان تەنیا بە فەلسەفەوە سەرقاڵ نەبوون، بەڵکو ماتماتیک، ئەستێرەناسی و سروشتناسی بوارەکانی دیکەی کار و ماندوو بوونی وان بوون. لە راستیدا تا سەدەی 18 بە هەر چەشنە زانست و سروشت ـ زانیارییەک 2 دەگوترا فەلسەفەی سروشت. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە جوڵە ـ یاسای نیۆتۆن بکەین کە پێی دەگوترا فەلسەفەی سروشت.

فیلسوفەکانی پێش سوفیستەکان بە دوو کێشەی سەرەکییەوە سەرقاڵ بوون: 1- کێشەی "بن مەتریاڵ"3 واتە ئەو مەتریاڵەی کە هەموو مەتریاڵەکانی دیکە لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. 2- کێشەی جوڵە و گۆڕان.

کێشەی بن مەتریاڵ: ئایا مەتریاڵێکی سەرەکی هەیە کە هەموو مەتریالەکانی دیکە لەوەوە سەرچاوەیان گرتبێ؟ ئەمڕۆکە ئەم پرسیارە بەم شێوەیە ئاراستە دەکرێ: ئایا لە بنەڕەتدا شتێک هەبووە کە شتەکانی دی بەرهەمی گەشەی ئەو شتە بنەڕەتییە بن؟ داخۆ دەتوانین یەک یان چەند بن مەتریاڵێک دەستنیشان بکەین کە مەتریاڵەکانی دی لەوانەوە پێک هاتبن؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا "تالس" یەکەمین فەیلەسوفی جیهان دەڵێ کە ئاو بنمەتریالە و هێراکلیتیش دەڵێ ئاگر.

کێشەی گۆڕان و جولەش دوو پرسیار لە خۆ دەگرێ: ئایا جوڵە و گۆڕان راستەقینەن؟ چ جۆرە شتێک دەگۆڕدرێ و چ جۆرە شتێک ناگۆڕدرێ؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا سێ بیرو ڕای سەرەکی هەیە: 1) فەیلەسوفی ئیلیایی پارمەنیدێس دەڵێ کە هیچ شتێک ناگۆڕدرێ. 2) هێراکلیت دەڵێ کە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە. 3) ئەتۆمیستەکان دەڵێن ئەتۆم کە پێکهێنەری شتەکانن ناگۆڕدرێن، بەڵام شتەکان کە لە ئەتۆم پێک هاتوون، دەگۆڕدرێن.

دەبێ بڵێین کە پلاتون وەک پارمەنیدێس بیری دەکردەوەو ئەرەستوش وەک هێراکلیت. پلاتون دەیگوت کە تەنیا "ئایدیا" ڕاستەقینە و نەگۆڕە و، ئەرەستۆش دەیگوت ئەم جیهانەی ئێمە لە ڕێگای هەستەکانمانەوە پەیوەندی لە گەڵ دەگرین، ڕاستەقینەیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە.

پارمەنیدێس وەک وتمان دەڵێ گۆڕان نامومکینە. دەلیلیشی ئەوەیە کە هیچ شتێک ناتوانێ لە شتێکەوە بێتە بوون کە بوونی نیە، یان هەر شتێک کە بوونی هەیە ناتوانێت ببێ بە هیچ. زێنۆن کە قوتابیی پارمەنیدێس بوو بە هێنانە گۆڕی کۆمەڵێک پارادۆکس لە بابەت ئەم وتەزایە دەیویست ئەوە نیشان بدات کە گۆڕان واتایەکی بێ مانایە.

هێراکلیت دوو بۆچوون دەهێنێتە ئاراوە: 1) شتەکان لە جیهانی هەستپێکراو و مەتریالیدا بەردەوام لە گۆڕاندان. 2) بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕان بسەلمێنین دەبێ کۆمەڵێک پێوەر، وتەزا و تاریفی دیاریکراو هەبن کە بۆ خۆیان نەگۆڕ بن. لەم پەیوەندییەدا مرۆ دەتوانێ سەرنجی ئەم وتەیەی ئەرەستو بدات کە دەڵێ جیهانی هەستپێکراو لە گۆڕاندایە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نەگۆڕیش هەن.

ئەتۆمیستەکان دەڵێن کاتێک ئێمە شتێک بە سەرخۆیدا دابەش بکەین، سەرئەنجام دەگەینە شوێنێک کە ئیدی ناتوانین لەوە زیاتر ئەو شتە دابەش بکەین. ئەوان دەیانگوت کە ئەم توخمە هەرە بچوک و نەگۆڕە ناوی "ئەتۆم"ە و لە ڕاستیدا هەموو شتەکانی جیهان لەوان پێکهاتوون. هۆی ئەوەی کە ئەتۆمەکان لەوە زیاتر دابەش ناکرێن ئەوەیە کە وەها لە ماددە تۆکمە و تێئاخنراون، کە چیدی دەرفەتی دابەشبوون نادەن. هەروەها ئەتۆمەکان بە هۆی بچوکیی لەرادەبەدەریانەوە هەست پێناکرێن، بەڵام بە عەقڵ دەرکیان پێدەکرێ. ئەوەی کە شتە هەستپێکراوەکانیش جۆراوجۆرەن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ئەتۆمی جۆراوجۆر پێکهاتوون. لە ڕاستیدا ئەتۆمەکان دەتوانن فۆڕم و قەوارەی جۆراوجۆریان هەبێ، هەروەها کێش و جوڵەی جۆراوجۆریش.

بە پێی بۆچوونی ئەتومیستەکان، جیهان لە ئەتومەکان پێکهاتووە. هەرچی لە سروشتدا ڕوودەدات ئاکامی لێکگرێدان و لێکپچڕانی ئەتومەکانە. ئەتومەکان بە شێوەی میکانیکی لە سەر یەک کاریگەرییان هەیە. بە وەها بۆچوونێک دەگوترێ "تێگەیشتنی میکانیکیانەی سروشت". بە گوێرەی ئەم بۆچوونە جیهان وەک ماشین کاردەکا. واقعییەت جگە لە تایبەتمەندیی ئەتۆمەکان شتێکی دیکە نیە. هەربۆیە واقعییەت بێ ڕەنگ، بۆن، تام، دەنگ و گەرمایە.

mytologisk tenkning -1

naturviten - 2

urstoff -3

ئەو ڕوانگانەی سوفیستەکان هێنایانە ناو فەلسەفەوە چ بوون؟ تایبەتمەندیی کاری سوقرات لە چدا بوو و بە چ پرسیارگەلێکەوە سەرقاڵ بوو؟

1 ـ یەکەم سوفیستەکان لە دەورو بەری ساڵی 450 ی پێش زایینەوە لە یۆنان سەریان هەڵدا. بیروبۆچوونی وان لە راستیدا کاردانەوەیەک بوو لە بەرامبەر فیلسووفە سروشتگەراکاندا، ئەوانەی بۆ وێنە دەیانگوت هەموو شتێک لە ئاو یاخود لە ئاگرەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها ئەوان دژی بیرو بۆچوونی ئەتۆمیستەکانیش بوون. سوفیستەکان سەرنجیان لە جیهانی دەرەوە بۆ ناوەوە قۆستەوە، واتە بۆ مرۆڤ و کیشەکانی. بۆ وێنە بۆ سروشتی مرۆڤ، تواناییەکان و ئاکار و کرداری. هەڵبەت دواتر سوقرات، ئەفلاتون و ئەرستوش لە بابەت ئەم کێشانەوە دووان.

2 ـ سوفیستەکان گەڕۆک بوون و لە بەرامبەر وانەگوتنەوەدا پارەیان دەستاند. کە ئەمە لە راستیدا پێچەوانەی ئەو ناوەی بوو کە لە خۆیانیان نابوو. چونکە ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە ئەوەندەی سەرنجیان دەدایە حەز و خواستی گوێگرەکانیان، سەرنجیان نەدەدایە کێشە گرنگەکان. فیلسووفەکان ئەم جیاوازییەیان بەم شێوەیە پێناسە کردووە: فیلسووف بە واتای کەسێکە کە بە شوێن زانایی و حیکمەتدا دەگەڕێ و سوفیستیش بە واتای کەسێکە کە خاوەنی زانایی و حیکمەتە.
ئەفلاتونیش ئەم جیاوازییەی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: سوفیست وەک ئاشپەز وایە کە چێشتی خۆش و بەتام بۆ خەڵکی ساز دەکا، بەڵام فیلسووف پزیشکێکە کە تەندروستی و سەلامەتی دەبەخشێ.

3 ـ پێویستە لێرەدا باس لە دوو سوفیست بکەین: پروتاگوراس و جورجیاس. پروتاگوراس پتر بەم رستەیەوە دەناسرێتەوەو بەناوبانگە: " مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە"، بەڵام روون نیە کە مەبەستی لەم رستەیە چیە. جورجیاش بە ناوبانگترین سوفیستی سەردەمی ئەفلاتونە. مرۆڤێکی زیرەک و دەوڵەمەند بوو. ئەویش لەو بابەتەوە بە ناوبانگە کە پێی وابوو ناسین بە گشتی بۆ مرۆڤ دەست نادا.

4 ـ لە دوا وشەدا سوقراتیش وەک سوفیست حسێبی لەسەر دەکرێ. ئەویش دەگەڕا و لە گەڵ هەرکەس کە دەستی دابا، سەری گفتوگۆی دەکردەوە. حەزی بە دیالۆگ بوو و بە ئاراستە کردنی پرسیار، زەمینی بەرامبەرەکەی دەوروژاند. بەڵام وەها نەبوو کە وەک مامۆستا وانە بڵێتەوە، بۆجوونەکانی بنووسێتەوەو پارە وەربگرێ. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە پێی وابوو هیچ نازانێ! لای وی گەڕان بە شوێن حەقیقەت لە خاوەنداریەتی حەقیقەت گرنگتر بوو. هێنانە گۆڕی کێشە فەلسەفیەکان لای وی، لە دوا وەڵام دانەوە گرنگتر بوو.

5 ـ سوقرات شێوەی خۆی لە گفتوگۆکاندا ناو نابوو "هونەری مامایەتی". واتە ئەو تەنها یارمەتی لە دایک بوونی کۆرپەی بیری دەدا. گرنگترین شت لای وی ئەوە بوو کە خەڵکی بخاتە بیرکردنەوەو یارمەتیی ئەوەشیان بدا هەر بۆخۆیان بگەنە وەڵام. بنەمای میتۆدی ئەو بەم چەشنە بوو کە پرسیار ئاراستەی خەڵکی بکا، بێ ئەوەی فێریان بکا. لێرەدا کەڵکی لە ئیرۆنی Irony وەردەگرت. واتە وای نیشان دەدا کە نازانێ، بەڵام لە راستیشدا گەلێک شتی دەزانی.

6 ـ لە راستیدا دەبێ لەمە وانەگەین کە سوقرات پێی وابوو، یان زۆر کەم دەزانێ یان هەر هیچ نازانێ. شورای دلفی Delfi دەیانگوت سوقرات زاناترینی مرۆڤەکانە. سوقراتیش دەیگوت زانایی ئەو لەوەدایە کە بە پێچەوانەی خەڵکانی دی دەزانێ کە نازانێ!

7 ـ سوقرات لە کاتی گفتوگۆدا زۆربەی کات بە چەمکە گرنگەکانی ئێتیکەوە دەستی پێدەکرد (بۆ وێنە چەمکگەلی وەک عەداڵەت و ئازایەتی). هەوڵی دەدا هەندێک پێناسەی تەواو و پێویست لە بابەت ئەم چەمکانەوە بە دەستەوە بدات. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە پێی وابوو ئەوەی ڕاستی دەزانێ، بە شێوەیەکی ڕاستیش هەڵس و کەوت دەکا، وە ئەوەی نازانێ ڕاستی چیە، نازانێ بە شێوەیەکی ڕاستیش هەڵس و کەوت بکا. بڕوادار بوون بە عەقڵ و زانایی تایبەتمەنیی سوقرات بوو. بێ هۆ نەبوو کە شورای دلفی دیانگوت زاناترینی مرۆڤەکانە. هەروەها هەر ئەم تایبەتمەندییە بنەمای ئەم ڕستە بەناوبانگەی سوقرات بوو کە دەیگوت: "خۆت بناسە!".

8 ـ لای سوقرات ژیان و فێربوون پێکەوە گرێ درابوون. ژیان و فێربوون تەواوکەری یەکتر بوون. لێردەا کاتی ئەوەیە هەندێک لە ڕووداوە گرنگەکانی ژیانی سوقرات بە سەر بکەینەوە: سوقرات تەواوی ژیانی لە ئاتێن بەسەر برد، لە گەڵ خانتیپە Xantippe ژیانی هاوبەشی دامەزراند، لە بابەت ئەوەو شکاتی لێکرا کە بە دژی خواکان پڕۆپاگەندە دەکا و گەنجەکان لە ڕێ بەدەر دەکا، لە کۆتاییشدا هەر بەم بیانووەوە سزای مەرگی بەسەردا سەپێنراو جامی ژەهریان دەرخوارد دا. وەک گوترا سوقرات هیچ نووسراوەیەکی لێ بە جێ نەما، بەڵام ئەفلاتون لە نووسینەکانی خۆیدا گەلێک باسی سوقرات دەکا، وەها کە گەلێک ئەستەمە بزانین ئەوەی ئەفلاتون نووسیویەتی، بیرو بۆچوونی خۆیەتی یان خود سوقرات.

مەبەستی ئەفلاتون لە ئایدیا چ بوو؟ لای ئەو چ شتێک فۆڕمی زانستی لە فۆڕمی ناسینەکانی دی جیا دەکردەوە؟ بە ڕای ئەفلاتون مرۆ لە چ بوارگەلێکدا دەتوانێ زانستی هەبێ؟ بۆ شیکردنەوەی باشتر کەڵک لە سێ وێناکەی ئەفلاتون وەربگرە!

1) بنەمای مەعریفەی ئایدیا بە قەدەر خودی مەعریفە گەنگیی هەیە. بیرۆکەکە ئەوەیە کە زانست (واتە ئەوەی کە ئێمە دەڵێین دەیزانین) نەبزاوت و نەگۆڕە، بەڵام ئەوەی ئێمە لە ڕێگای هەستەکانمانەوە دەیانناسین (واتە تەواوی ئەو شتانەی کە بەر هەست دەکەون) بگۆڕن. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە ڕاستییەکە کە ئێمە زانستمان هەیە، بۆ وێنە زانستی ماتماتیک. زانست دەبێ ئەو شتە نەگۆڕانە بگرێتە خۆ کە لە جیهانی هەستپێنەکراودا پەیدا دەبن. کە ئەم جیهانە هەست پێنەکراوەش (واتە ئەو جیهانەی کە ناکەوێتە بەرهەست) جیهانی ئایدیاکانە. ئەو ئایدیایانەی کە هەر کامیان نموونەیەکی سەرەکین کە شتە هەستپێکراوەکانیان لە ڕووەوە دروست دەبێ (بۆ نمونە هەموو ئەو مرۆڤانەی کە هەست پێدەکرێن، لە ئایدیای مرۆڤەوە هەڵقوڵاون. ئەو ئایدیایەی کە تەنیا بە فکر پەی پێ دەبەین).

2) ئاکامی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە مرۆ دەتوانێ تەنیا لە سەر شتە نەگۆڕەکان زانستی هەبێ، جا چ سەبارەت بە ماتماتیک بن، یان ئایدیا ئەفلاتونیەکان. شتەکانی دی کە ئێمە ناسینمان لەسەریان هەیە، وەهم و گومانن، جا چ وێنەیەک بن لە بەرهەستەکان یان خودی بەرهەستەکان.

3) بە هۆی ئەوەوە کە ئەفلاتون جیاوازی دادەنێ لە نێوان زانستی ماتماتیک و زانست لە مەڕ ئایدیاکان، هەروەها لە نێوان ئەو زانیاریانەی مرۆ لە ڕێگای وێنەوە بەدەستیان دێنێ لە گەڵ ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگای هەستی ڕاستەوخۆوە وەچنگ دەکەون، ناسین بە سەر چوار ئاستدا دابەش دەکا، کە هەر کامیان نیشاندەری چوار پلە لە حەقیقەتن.

4) ئەم چوار ئاستە لە "وێنا هێڵ" دا باسیان کراوە. لەم وێنایەدا ئەفلاتون بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێ، کە یەکەم قۆناغ لە خوارەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە چوارەمین کە لە سەرەوەی هێڵەکەدایە. قۆناغەکان بەم شێوازەن: 1 ـ قۆناغی وەهم. 2 ـ تێگەیشتن 3 ـ تێگەیشتنی زیاتر 4 ـ ئاوەز یاخود تێگەیشتنی تەواو. هەر کام لەم قۆناغانە زانیاریمان لە سەر ئەم شتانە

پێدەدەن: 1 ـ وەهم وێنەیەک لە شتە بەرهەستەکان 2ـ تێگەیشتن بریتیە لە دەرکی ئەو شتانەی کە لە جیهانی هەستدان 3 ـ قۆناغی تێگەیشتنی زیاتر، مرۆ دەگەیەنێتە ئاستی وشە و دەستەواژە، بۆ وێنە وشەگەلی سێگۆشە و جەغز لە ماتماتیکدا 4 ـ لە قۆناغی ئاوەزیشدا مرۆ دەگاتە ئایدیاکان. وەک دەبینین پێ بە پێی بڕینی قۆناغی وەهم بەرەو ئاوەز، ناسین روونیەکی زیاتر پەیدا دەکا، هەروەها بەم پێیە پلەی حەقیقەتیش لە وێنەوە بەرەو ئایدیا بەرز دەبێتەوە.

5) کلیدی ئەوەی کە بۆچی ناسین، تێگەیشتن و حەقیقەت بە گوێرەی بڕینی پلەکان زیاد دەکا، لەوەدایە کە هەر کام لە پلەکانی خوارەوەی وێناهێڵەکە، لە پلەی سەرەوەی خۆیان دەچن. هەر وێنەیەک لە مرۆڤێکی دیاریکراو، کۆپیەک یاخود وێنەیەکی لێکچووە لە خودی مرۆڤەکە. هەر مرۆڤێکیش بە نۆرەی خۆی کۆپیەکە لە وشە یاخود دەستەواژەی مرۆڤ کە ئەمیش دیسان بیچمی خۆی لە ئایدیای مرۆڤ وەردەگرێ. گەر کورتی بکەینەوە ئاوای لێدێ:

ئایدیای مرۆڤ <ـــ وشەی مرۆڤ <ـــ مرۆڤ <ـــ وێنەی مرۆڤ

6) ئەفلاتون هەوڵ دەدا لە وێنایەکی دیکەدا ئەوە نیشان بدات کە چۆن مرۆ دەتوانێ پلەکانی ناسین ببڕێ. ئەم وێنا نوێیەش بریتیە لە "وێنائەشکەوت" لێرەدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک مرۆ دەبینەوە کە لە ناو ئەشکەوتێکدا یەخسیر کراون، کە ئەمە نیشاندەری بارودۆخی ئێمەیە لە جیهانی هەستدا. ئەو جیهانەی کە ئێمە سەرەتا پێمان وایە تەنیا حەقیقەتی بەرزی جیهانە، بەڵام دواتر تێدەگەین کە تەنیا سێبەرێک بووە لە جیهانی حەقیقەت، واتە ئایدیاکان. هۆکاری ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە سێبەرەکان تەنیا حەقیقەتەکانی جیهانن ئەوەیە کە ئێمە جگە لە سێبەرەکان شتی دیکەمان نەبینیوە.

7) سێهەمین وێنای ئەفلاتون "وێناهەتاوە". ئەم وێنایەش باس لە پەیوەندی نێوان پلە جۆراوجۆرەکانی نێوان ناسین و حەقیقەت دەکا، بەڵام تێیدا خوارترین پلە، واتە پلەی وێنە فەرامۆش کراوە. واتە لێرەدا تەنیا باس لە بەرهەستەکان، دەستەواژە و ئایدیاکانە. وێنای هەتاو دەیەوێ ئەوەمان نیشان بدات کە تێگەیشتنی ئێمە لە جیهان بە بوونی ئایدیاکانەوە بەستراونەتەوە. لێرەدا ئەفلاتون ئایدیا بە هەتاو دەشوبهێنێ، شتە بەرهەستەکان بە رەنگ و تێگەیشتنی ئێمەش بە ئەزموون کردنی رەنگەکان. بە رای وی گەر هەتاو نەبا نە مرۆ دەیتوانی ەرنگەکان ببینێ و نە شتەکانیش رەنگیان دەبوو. ئەفلاتون دەیەوێ بەم شێوەیە نیشانمان بدات کە بە بێ بوونی ئایدیاکان نە جیهانی شتەکان لە ئارادا دەبوون و نە ئێمە دەمانتوانی تەسەورمان یاخود تێگەیشتنمان لە سەریان هەبێ.

روانینی ئەفلاتون بۆ رۆح و پەیوەندیی رۆح لە گەڵ جەستە، چۆنیەتی پەیوەندی ئەم باسە لە گەڵ "خەسڵەتی پڕبابیدار"1 و لە گەڵ مرۆ وەک بوونەوەرێکی ئاکارگەرا. یۆتۆپیای ئەفلاتۆ ن و رۆڵ و دۆخی ژن لە نێویدا.

1ـ با سەرەتا کەمێک سەبارەت بە رۆح لە زمانی فەلسەفەدا بدوێین. رۆح لە زمانی فەلسەفەدا جیاوازە لە رۆح لە زمانی رۆژانەدا. لە زمانی فەلسەفەدا تەنها مرۆ خاوەنی رۆحە. لە زەمانی کۆن وا بیر دەکرایەوە کە هەموو ئەو شتانەی کە زیندوون (وەک گیا، ئاژەڵ و مرۆ) خاوەنی رۆحن.وەک دەزانین تواناگەلی وەک هەست و بیرکردنەوە جۆرێک وشیاری دەبەخشن، جا لێرەوە بیر لەوە دەکرایەوە کە لە پەیوەندی نێوان رۆح و جەستەدا توانا رۆحیەکانی وەک (هەستکردن و بیرکردنەوە) بە جەستەوە بەستراونەتەوە یاخود جیاوازن و سەربەستن؟

2- بە پێی ئەم دابەش کردنە کە ناسین یاخود وشیاری دەکا بە دوو بەشەوە (هەست کە وشیاری سەبارەت بە دنیای هەستپێکراو دەخوڵقێنێ و بیر کە وشیاریمان لە بابەت دنیای ئایدیاکانەوە پێشکەش دەکا)، ئەفلاتونیش ڕۆح بە دوو بەش دابەش دەکا: بەشی نزمتر کە جێگای هەست و مەیلەکانە و بەشی بەرزتر کە جێگای عەقڵە. بەشە نزمەکە بە جەستەوە گرێ دراوە و بەشە بەرزەکە سەربەخۆیە لە جەستە.

3- بۆ ئەفلاتون عەقڵ گرنگتر بوو، چونکە عەقڵ بە بۆچوونی ئەو بە جەستەوە گرێ نەدراوە و هەربۆیە لە گەڵ جەستە نامری و لە ناو ناچێ. ئەو پێی وابوو کە لە دوای مەرگ ڕۆح دەچێتە جەستەی دیکەوە، بەڵام هەتا ڕۆح بە جەستەوە گرێ درابێ ناتوانێ خاوەنی تێفکرینی ڕوون بێت. هەر بۆیە ئامانجی فەیلەسووفەکان جیا کردنەوەی ڕۆح و جەستەیە. واتە سەرەتا دەبێ ڕۆح بە حاڵەتی سروشتی خۆی بگا بۆ ئەوەی بتوانێ حەقیقەت بناسێ (ئەگۆستین لە ژێر سریمەی ئەم بۆچوونەدابوو. بە بۆچوونی وی ژیانی مرۆیەکی مەسیحی بە دوورە لە هەست و مەیل، ئەرەستوش دژی ئەم بۆچوونە بوو. ئەو پێی وابوو کە مرۆ یەکەیەکی پێکهاتوو لە ڕۆح و جەستەیە. ئەم یەکەیە لێک جا ناکرێتەوە).

4- مرۆ وەک بوونەوەرێکی چالاک دەبێ لە نێوان ئەم دوو بەشەدا هەڵبژێرێ: جا یاخود عەقڵ هەڵدەبژێرێ یان هەست و مەیل (حەز). ئەوەی کە کردەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدا ویستە کە بەشێکە لە ڕۆح. شوێنی ویست لە نێوان مەیل (حەز) و عەقڵدایە کەواتە لە ڕاستیدا سێ بەش لە گۆڕێدایە: عەقڵ، ویست و مەیل (حەز).

5- بە پێی ئەفلاتون کاتێک ڕۆح لە جەستە دادەبڕێ ئیتر دەتوانێ زانست و زانیاری لە سەر هەموو شتێک پەیدا بکا، بەڵام کاتێک لە گەڵ جەستەدایە ئەم توانایە لە دەست دەدا. هەڵبەت نەک سەداسەد، چونکە لەم کاتەشدا دەتوانێ لە ڕێگای وەبیر هێنانەوەی ئایدیاکانەوە زانست و زانیاری دەستەبەر بکات.

6- سەبارەت بە ئاکاریش ئەفلاتون پێی وایە بۆ ئەوەی بڕیارێک لە باری ئەخلاقییەوە دروست بێت دەبێ ئەو سێ بەشە بە جوانی پێکەوە هاوکاری و هاوئاهەنگیان هەبێت. ئەمەش زەمانێک دەکرێ کە هەر کام لە بەشانە بە باشترین شێوە ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن. هەر بەش دەبێ خەسڵەتە ئایدیاییەکانی خۆیان تا ئەو پەڕ بنوێنن. کە مەبەست لە خەسڵەتە ئایدیاییەکان هەمان "خەسڵەتە پڕباییدارەکانە". ئەم خەسڵەتانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەگەر ئەرکێک ڕاپەڕێ، ئەوا بە شیاوترین شێوەی گونجاوی خۆی ڕاپەڕێ (بۆ وێنە دەتوانین بڵێین کە چەقۆ دەبێ تیژ بێت بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی خوڵقێنراوە، بەکار بهێنرێ. تیژیەتی خەسڵەتی پڕبایداری چەقۆیە). بە شێوەیەکی کۆنکرێتی دەتوانین بڵێین: 1- بیرکردنەوە خاوەنی عەقڵە. 2- ویست خاوەنی جورئەتە (بۆ ئەوەی بتوانێ پێ لە سەر ئەو شتەی دابگرێ کە بیر پێی گەیشتووە) 3- مەیلیش (حەز) ئارامی و میانەڕەوی دەنوێنێ. ئەمانە هەموویان پێکەوە لە کردەیەکی هاوئاهەنگدا دەتوانن ئەو گرنتیە ببەخش بە کردەیەک بۆ ئەوەی لە باری ئاکارییەوە دروست بێت. (هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوان ئەم بەشانە دەتوانێ گرێ بدرێ بە تەندروستییەوە کە لە یۆنانی کۆندا باسی لێکراوە. مەبەست لە تەندروستی لای ئەوان بریتی بووە لەوەی کە هەموو بەشەکانی لەش و ڕۆح وەک یەک گرنگیان پێ بدرێ. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆ وەک یەکەیەک یا خود ئۆرگانیسمێک بە باشترین شێوە چالاک بێت).

7- ئەفلاتون لە بەشێکی بەرچاوی نووسینەکانیدا باس لە پرسی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکا. لە کتێبی "دەوڵەت" دا وێنەیەکی ورد لە یۆتۆپیامان پێشکەش دەکا. هەڵبەت هێشتا ئەوە ڕوون نیە کە ئەفلاتون پێی وابوو کە ئەم یۆتۆپیایە دەتوانرێ بەدی بهێنرێ یان نا.

8- دەبێ کۆمەڵگا لە چەند چین و توێژ پێک هاتبێ بۆ ئەوەی بتوانێ وەک ودەوڵەتێکی شیاو خۆی بنوێنێ؟ بە گوێرەی ئەفلاتون کۆمەڵگا دەبێ لەم سێ چینە پێک بێت: 1- بەرهەم هێنەران واتە جوتیاران، کرێکاران، ماسیگرەکان، بازرگانەکان و خزمەتکاران. 2- ڕابەران و پارێزەران، واتە ئەوانەی وا بڕیاری سیاسی و یاسا دەردەکەن. 3- بەرگریکەران و یاریدەران، ئەوانەی وا یارمەتی ڕابەران دەدەن لە پێناوی چەسپاندن و ڕاپەڕاندنی یاسا و بڕیارەکاندا، هەروەها ئەوانەی وا ئاسایشی ناوخۆی وڵات دەپارێزن و لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا پارێزگاری لە وڵات دەکەن.

9- کەواتە دەوڵەت پێویستیی بە سێ بەشە (هەر وەک چۆن ڕۆح خاوەنی سێ بەش بوو): 1- ڕابەران و پارێزەران. 2- یاریدەران و بەرگریکەران. 3- بەرهەم هێنەران. لێرەدا کۆیلەکان کە بەشێکی بەرچاوی حەشیمەتی یۆنانی کۆنیان پێک

دەهێنا، وەک چینێک چاویان لێناکرێ. ئەوان وەک بەشێک لە ماڵ و موڵکی هەر کام لەو سێ چینە سەیر دەکران.
ئەفلاتون پێی وابوو کە ئەو سێ چینە هەمان ئەرکیان هەیە کە سێ بەشەکەی رۆح هەیانە.

10- بۆ ئەوەی دەوڵەت وەک یەکەیەک بتوانێ ئەرکی خۆی بە جوانی راپەرێنێ، دەبێ ئەم سێ چینە خاوەنی چ خەسڵەت گەلێک بن؟ خەسڵەتە باییدارەکانی وان کامانەن؟ لە راستیدا هەر ئەو خەسڵەتانەی کە ژیانی رۆحیان وەک رۆحێکی ساغ بەرجەستە دەکرد، هەر هەمان ئەو خەسڵەتانەن کە دەتوانن کۆمەڵگایەکی ساغ بەرجەستە بکەن. ئەم خەسڵەتانەش بریتین لە: 1- رابەران دەبێ خاوەنی عەقڵ بن، واتە دەبێ بزانن کە چ شتێک باشترینە بۆ کۆمەڵگا. 2- بەرگریکەران دەبێ خاوەنی جورئەت و ئازایەتی بن، واتە دەبێ بتوانن سەرەڕای ئەگەری هەر چەشنە مەترسی و دڵەراوکێیەک بڕیار و یاساکان بچەسپێنن. 3- بەرهەم هێنەرانیش دەبێ ئارامی و میانەڕەوی لە مەیل و حەزەکانیاندا بنوێنن.

بە وەها خەسڵەتگەلێکەوە دەتوانین بڵێین کە خاوەنی کۆمەڵگای دادپەروەرانەین.

11- سەبارەت بە دوو چینی یەکەم و دووهەم ئەفلاتون پێشنیاری مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو دەکا (داوایەکی وەها رادیکاڵانە هەتا شۆڕشی مەزنی فەرانسە نەهاتە گۆڕێ). بە گوێرەی ئەفلاتون ژنان دەبا وەک پیاوان خاوەنی هەمان دەرفەتی خوێندن و خۆ پێگەیاندن، هەمان ماف و ئەرک بان. هۆکارەکەیشی دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە ژنان وەک پیاوان لە هەمان توانا و لێهاتویی بەهرەمەندن.

12- بۆ ئەوەی رابەران لە ناو خۆیاندا بە تووش کێبەرکێ، دوژمنایەتی و مەراقی پلە و پایەوە نەبن، ئەفلاتون پێشنیار دەکا کە خاوەنداریەتیی تایبەتیان لە نێواندا نەبێت. هەروەها پێشنیار دەکا کە پەیوەندی هەمیشەیی لە نێوان ژن و پیاودا نەبێ، ژن و منداڵ گشتی بن و منداڵ لە لایەن کۆمەڵگاوە پەروەردە بکرێ.

***

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە بەشێک لە رۆح واتە عەقڵ دەتوانێ لە جەستە جیا بێتەوەو بە بێ جەستەش بژی (نەمرە).
رۆح دەتوانێ دوای جیابوونەوەی لە جەستە، لە جەستەیەکی دیکەدا درێژە بە ژیان بدا. لە کاتی جیابوونەوەی لە جەستە، رۆح لە پلەیەکی بەرزتری ناسین و زانستدایە. مرۆ وەک بوونەوەرێکی چالاک و هەڵبژێر، رۆحی لە سێ بەش پێک هاتووە: عەقڵ، ویست و مەیل (حەز). کردەیەکی ئەخلاقیی باش ئاکامی هاوکاریی گونجاوی ئەم سێ بەشەیە. هاوکاری و هاوئاهەنگی، پێویستی بە عەقڵ، جورئەت، ئارامی و میانەڕەوییە.

لای ئەفلاتون یۆتۆپیا باشترین شکڵی دەوڵەتە. دەوڵەت دەبێ لە سێ بەش پێک بێت: رابەران و پارێزگاران، بەرگریکەران و بەرهەم هێنەران. رابەران دەبێ خاوەنی عەقڵ بن، بەرگریکەران جورئەت و بەرهەم هێنەرانیش ئارامی و میانەڕەوی. ئاکامی ئەمە دەبێ بە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە.

ئەفلاتون هەروەها باوەڕی بە یەکسانی مافی ژن و پیاو لە چینی یەکەم و دووهەمدا هەیە، بڕوای بە خاوەنداریەتی تایبەت لە ناو رابەراندا نیە و ژن و منداڵیش بە هی هەمووان دەزانێ.

1- فضیلت، Dygd

ئەرەستو چۆن دەڕوانێتە هاریکاریی نێوان هەست و بیر لە چێکرنی زانستدا. چۆنیەتی روانینی وی بۆ مەتریال، کۆسمۆلۆگ و هۆکار (چوار هۆکار و چوار شێوە گۆڕان)

1- خاڵی دەستپێک و کێشەی ناسین لای ئەرەستو هەر هەمان ئەو شتانەن کە ئەفلاتون بیری لێدەکردنەوە. خالی دەستپێک سەبارەت بەوە بوو کە دەبێ زانستی ئێمە سەبارەت بە شتە نەگۆرەکان بێت، بەڵام لە هەمان حاڵدا کێشە ئەوە بوو کە جیهانی بەرهەست نەک نەگۆڕ نیە بەڵکو بەردەوام لە گۆڕاندایە. جا چلۆن دەکرا کە مرۆ لە ناو جیهانی بگۆڕدا بە زانست بگا. ئایا مرۆ دەتوانێ لە سەر جیهانی بەرهەست زانست پەیدا بکا؟ وەڵامی ئەفلاتون بۆ ئەم پرسیارە "نە" بوو. ئەو پێی وابوو زانیاری ئێمە دەتوانێ سەبارەت بە ئایدیاکان بێت نەک سەبارەت بە شتە بەرهەستەکان. ئایدیا نەگۆڕە، هەر بۆیە دەتوانێ زانست ببەخشێ. جیهانی بەرهەستیش چونکە بگۆڕە ناتوانێ بێتە ناسین و لە راستیدا سەرچاوەی زانست نیە. وەڵامی ئەرەستوش بەم پرسیارە "ئەرێ" بوو. ئەو دەیگوت هەموو شتێکی جیهانی بەرهەست لە گۆراندا نیە، کە مەبەستی لەمە فۆڕمی شتەکان بوو.

2- نموونە: زانیاری ئێمە لە سەر پشیلە لە بابەت فۆڕمی پشیلەوەیە. واتە ئەو شتەی کە لە پشیلەکاندا نەگۆڕە و هاوبەشە لە نێوان هەموویاندا.

3- کورتکراوەی بۆچوونی ئەرەستو: لە گەڵ ئەوەی کە زانست دەبێ لە بابەت شتە نەگۆڕەکان بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ لە بابەت شتە بەرهەستەکانیش بێت. هەندێ لایەنی دنیای بەرهەست نەگۆڕە. ئەویش بریتیە لەو لایەنانەی کە هاوبەشن لە نێوان تاکەکانی جۆرێک لە بوونەوەراندا. جا زانست بریتیە لە زانیاری ئێمە لە بابەت خەسڵەتە نەگۆڕەکانی جیهانی بەرهەست.

4- ئەرەستو پێی وایە ئەوەی کە هەیە بریتیە لە لە شتەکان substans. وەسفی ئێمە لە جیهان وەسفی شتەکانە. شت بریتیە لە یەکەی فۆرم و تۆز stoff.

5- وشەی فۆرم بە چەشنیک درێژە و گەشەی وشەی ئایدیای ئەفلاتوونە. گرنگترین جیاوازیی نێوان "فۆرم" ی ئەرەستو و "ئایدیا"ی ئەفلاتون ئەوەیە کە کە فۆرم وەک بەشێکی گرنگی شتەکان بوونی هەیە، لە حاڵێکدا ئایدیا سەربەخۆ و سەربەستە لە شتەکان. کەواتە بۆ ئەرەستو تەنیا یەک راستی بوونی هەیە: شتە بەرهەستەکان کە بنەمان بۆ بیر و خەیاڵاتی ئێمە. بەڵام بۆ ئەفلاتوون دوو شت بوونی هەیە: دنیای ئایدیاکان (کە بنەمان بۆ بیر و خەیاڵ و شتە بەرهەستەکان)، دووهەم، دنیای بەرهەست

6- فۆرم تەنیا بەشێکی شتەکانە. بۆ وێنە گەر پشیلەیەک لە بەر چاو بگرین بریتیە لەو شتەی کە هاوبەشە لە نێوان هەموو پشیلەکاندا. لایەنێکی دیکەی شت هەروەها بریتیە لە تۆز کە بۆ وێنە لە نێوان پشیلەکاندا هاوبەش نیە. تۆز ئەو شتەیە کە تاکیەتی شت دەخولڤێنێ. هەر شتێک بریتیە لە یەکەی فۆرم و تۆز، کە تەنیا دەتوانرێ لە بیردا لە یەک جودا بکرێنەوە. فۆرم شێوە کردە بە شت دەبەخشێ و هەر شتێک لە راستدا خاوەن شێوە کردەی تایبەت بە خۆیەتی. فۆرم بۆ شتی زیندوو بۆ وێنە بریتیە لە ژیان و هەڵس و کەوتی ئەو شتە. بۆ شتێکی وەک تەوریش فۆرم بریتیە لەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دروست کراوە. تۆز بۆ ئۆرگانێکی زیندوو بریتیە لە ئەندامانی جەستەی کە توانایی‌ەکان لێیانەوە خۆیان نیشان دەدەن. بۆ شتە نازیندهووەکانیش بریتیە لەو مەتریالەی (دار یاخود ئاسن) کە شتەکە لێی دروست کراوە. بۆ مرۆڤیش فۆرم بریتیە لە کۆی توانا رۆحییکان (هەر لە توانای خواردن و خواردنەوەوە بگرە تا توانای بیر کردنەوە)، بەڵآم تۆز بریتیە لەو مەرجە مەتریالیانەی (بۆ وێنە لێنزی چاو) کە دەرفەتی روانین دەکا بە حەقیقەت.

7- تۆز دەرفەت و فۆرم حەقیقەتە (واقع). ئەندامە مەتریالییەکانی مرۆ تەنیا دەرفەتگەلێکن بۆ بوون بە مرۆڤێکی زیندوو و چالاک. بۆ وێنە کاتێک مرۆ دەروانێ، بەشێک لە فۆرمی مرۆ دەبێت بە حەقیقەت. گەشە و پێشکەوتنی مرۆ بریتیە لە رەوتێک کە تێیدا توانا و لێهاتوویيە نوێیەکانی مرۆ گەشە پەیدا دەکەن و دێنە کەڵک لێوەرگرتن.

8- ئەرستو هەروەها لە فۆرم و تۆز وەک هۆکار دەروانێ (فۆرم هۆکار و تۆزهۆکار)، بۆ وێنە لە مرۆدا. ئەم دوو هۆکارە پێکەوە ئەوە روون دەکەنەوە کە بۆچی مرۆ مرۆیە. گەر ئەم دوو هۆکارە لە مرۆدا ورد بکەینەوە دەتوانین بڵێین کە مرۆ

توانای بیرکردنەوەی هەیە (بیرکردنەوە وەک بەشێک لە فۆرمی مرۆ)، هەروەها مرۆ ئەندامێکی هەیە کە توانای بیرکردنەوەی پێ دەبەخشێ (کە بەشێکە لەو تۆزەی مرۆی لێ خوڵقاوە).

9- کاتێک باس لە زانست دەکرێ، مەبەست زانستە سەبارەت بە فۆرمی مرۆ. ئەگەرچی فۆرم لە هەر مرۆیەکدا شکڵی تاکی هەیە، بەڵام فۆرمی مرۆ هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا. ئەمە سەرچاوەی زانستی ئێمەیە سەبارەت بە مرۆ وەک بوونەوەرێک.

10- لای ئەرەستو دەرکی سروشت بریتی بوو لەوەی کە سروشت واقعییەتێکە لە شتە جۆربەجۆرەکان. هەروەها ئەوەی کە هەر شت سروشتی خۆی هەیە و دیاردەکانی ناو سروشت ئاکامی فۆرم و کالێکەری فۆرمەکانە لە سەر یەکتری. کەواتە کلیلی زانست بریتیە لە زانست لە مەڕ فۆرمی شتەکان.

11- پێناسەی مرۆ بەم چەشنەیە: "مرۆ جەستەیەکی زیندووە کە توانای بیرکردنەوەی هەیە." ئەم پێناسەیە نیشاندەری ئەو مانا گشتیەیە کە پێی دەگوترێ مرۆ. لەم پێناسە گشتیەوە دەتوانین گرنگترین خەسڵەتەکانی مرۆ دەستەبەر بکەین. بۆ وێنە ئەوەی کە هەموو مرۆڤەکان دەبێ بمرن.

12- مانا گشتیەکان و زانست بە یارمەتی چڕکردنەوە دێنە چێکرن abstraksjon. ئەمەش تەنیا تایبەت بە مرۆڤە. خاڵی دەستپێک هەستەکانن کە هەموو جەستە زیندووەکان خاوەنین. هەندێ لە جەستە زیندووکان خاوەنی توانای وەبیرهێنانەوەن کە ئەزموونیان پێ دەبەخشێ. مرۆ هەروەها دەتوانێ مانا گشتیەکان دروست بکا بە کەڵک وەرگرتن لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە هاوبەشن لە نێوان نموونەکانی جۆرێک لە بوونەوەراندا.

13- پێناسە definisjon، زانستی راستەوخۆ نیە، بەڵام زانست بە بێ پێناسە بوونی نیە. پێناسە بریتیە لە ناسینی فۆرمی شتەکان لە رێگای هێنانەوەی دەلیلی لۆژیکی، وەها کە ئەم دەلیلە لۆژیکیانە دەتوانن هۆکارە بنەڕەتییەکانی زانست و زانیاری ئێمە دەست نیشان بکەن.

14- زنجیرەی دەلیلە لێکدراوەکان کە پیشاندەری پەیوەندی لە نێوان ئەو دیاردانەدان کە وا دەنوێنن پێکەوە پەیوەندییان هەیە، پێکهێنەری زانستن.

15- ئیمپیریستەکان پێیان وایە کە سەرچاوەی زانست هەستەکانە. Empirisme. توماس ئەکویناس، جان لاک، بێرکێلی و هیوم ئەو بیرمەندە بەناوبانگانەن کە بە ئیمپیریست ناویان دەرکردووە.

16- لە پێناسەیەکی چڕدا زانست بریتیە لە ناسینی هۆکارەکان. تەنیا ناسینی هۆکارەکانە کە دەرکێکی قوڵترمان لە چاو وەسف سەبارەت بە دیاردەکان پێشکەش دەکا. وەسف پێمان دەڵێ کە دیاردە چۆن دەنوێنێ، بەڵام هۆکار پێمان دەڵێ کە بۆچی دیاردەیەکی تایبەت روودەدات. چوار جۆر هۆکارمان هەیە: فۆرم هۆکار، تۆز هۆکار، هۆکاری کارتێکەر و مەبەست هۆکار. بۆ نموونە دەتوانین لە سازکردنی خانوویەکدا هەر چوار هۆکارەکە ببینینەوە: فۆرم هۆکار (پلانی خانووەکە)، تۆزهۆکار (ئەو کەرەسانەی لە چێکرنی خانووەکەدا بەکار دەهێنرێن)، هۆکاری کارتێکەر (ئەوانەی کاری تێدا دەکەن)، مەبەست هۆکار (ئەو مەبەستەی کە خانووەکەی بۆ چێکراوە، واتە ژیان بەسەر بردن تێیدا). کاتێک باسی دیاردە سروشتییەکان دەکرێ فۆرم هۆکار و مەبەست هۆکار دەبنە یەک و لە یەکتردا دەتوێنەوە. بۆ وێنە ئامانجی بە مرۆ بوون بریتیە لە بە واقعییەت کردنی فۆرمی خۆی.

17- ئەرەستو بۆ شیکردنەوەی دیاردە سروشتیەکان لە هەر چوار هۆکارەکە کەڵک وەردەگرێ. بەڵام لە سەدەی هەفدەدا بە هاتنە ئارای راڤەی میکانیکیانە لە سروشت و لە مرۆ، تەنیا باوەڕ بە هۆکاری کارتێکەر و تۆز هۆکار لە مەیداندا مایەوە. هەر بۆیە لەو کاتەدا تەنیا وەسفێک لە دیاردەکان پێشکەش دەکرا و بەس. بۆ وێنە دەگوترا "شووشە پەنجەرە دەشکێ (کارتێکردن) چوونکە بەردی وێکەوتووە (هۆکار).". یان "منداڵ گەورە دەبێ (کارتێکردن) چوونکە دەخوا و دەخواتەوە (هۆکار)." بەڵام ئەرەستو دەپرسێ "بۆچی شووشەی پەنجەرە دەشکێ کاتێک کە بەردی وێ دەکەوێ؟" بۆ وەڵام کەڵک لە فۆرم هۆکار وەردەگرێ و دەڵێ: "چونکە شووشە دەشکێ". لە وەڵامی پرسیاری منداڵەکەشدا دەڵێ: "چوونکە سروشتی

منداڵ وایە". بە واتایەکی دی ڕاڤەی میکانیکیانە باس لە هۆکارە دەرەکیەکان دەکا و ڕاڤەی ئەرەستوش باس لە هۆکارە دەروونیەکان (فۆرم، سروشت و زاتی شتەکان).

18- دەرکی ئەرەستو لە سروشت لە سەر سێ بنەما ڕاوەستاوە: 1- ناتوانین شکڵە جۆراوجۆرەکانی گۆڕان تەنیا بۆ یەک هۆکار دابەزێنین. 2- واقعییەت لە شتە جۆربەجۆرەکان پێک هاتووە، هەر کام بە سروشتی تایبەت بە خۆیەوە. 3- هەر گۆرانێک بە واقعی کردنی دەرفەتێکە.

19- دەرکی ئەرەستو بۆ سروشت لە سەر بڕوا بوون بە چوار جۆرە گۆڕان لە ناو سروشتدا ڕاوەستاوە: 1- گۆڕانی چلۆنایەتی، کە تێیدا چلۆنایەتی شت گۆڕانی بە سەردا دێت، وەک تام و ڕەنگ و بۆ. 2- گۆڕانی چەندایەتی، وەک گۆڕان لە قەوارە و ژمارەدا. 3- گۆڕانی شوێن، کە تێیدا شتەکان جێگۆڕکی دەکەن.

ئەرەستو ئەم سیانە پێکەوە ناودەنێ "گۆڕانی نازاتی"، بەو مانایە کە شتەکان دەگۆڕدرێن بە بێ ئەوەی شتی نوێیان لێبکەوێتەوە، یان بگۆڕدرێن بەرەو شتی نوێ. 4- گۆڕانی زاتی، کە تێیدا شتی نوێ دێتە گۆڕێ، بۆ وێنە گۆڕانێک کە بە هۆی لە دایک بوون و مردنەوە ڕوودەدات.

20- زانستی کۆسمۆلۆگیانەی ئەرەستوش لە سەر چوار ئێلەمێنت ڕۆنراوە: خاک، ئاو، هەوا و ئاگر. لە کۆسمۆسدا (جیهانی بوون) ئەم چوارە بە گوێرەی قورساییان ڕێکخراون. قورسترینیان کە خاکە لە ناوەندی جیهاندا قەراری گرتووە. دوای وی ئاو و هەوا دێن. لە پلەی چوارەمیشدا ئاگرە کە سووکترینیانە. لە دەرەوەی هەمووی ئەمانە پێنجەمین ئێلەمێنت دێت کە ناوت "ئێتێر" ە Eter و شتەکانی ئاسمان لەو چێکراون. لە دەرەکیترین و دواترین بەشی کۆسمۆسیشدا یەکەمین جوڵێنەر (خودا) دەژی کە سەرچاوەی هەموو گۆڕانەکانە لە ناو کۆسمۆسدا. خودا، فۆرمێکی خالس و بێ خەوشە ren form .

21- شتەکان لە کۆسمۆس بە پێی پێکهاتەیەکی هیرارکیانەوە ڕێکخراون. هەرە لە خوارەوە تۆزی خالس و بێ خەوش قەراری گرتووە و هەرە لە سەرەوە فۆرمی خالس و بێ خەوش. ئەو شتانەی کە بەشێکی زۆرتریان لە فۆرمی خالس بەرکەوتووە، پڕبایەخدارترێکن لەوانەی وا کەمتریان بەرکەوتووە.

به کورتی:

واقعییەت لە یەکەمین بڕگەی خۆیدا بریتیە لە شتە بەرهەستەکان، نەک لە ئایدیاکان. هەر شتێک دەتوانرێ بە هۆی فۆرم و تۆزەوە ئانالیزە بکرێ، بەڵام فۆرم و تۆز بە جیا بوونیان نیە. فۆرم ئەو شتەیە کە لە نێوان تاکەکانی جۆرێک لە بوونەوەراندا هاوبەشە و تەنیا ئەمەیە کە ئێمە دەتوانین زانستمان لە سەری هەبێ. تۆز ئەو مەتریالەیە کە مەرجە بۆ ئەوەی فۆرم بتوانێ خۆی ڕئالیزە بکا. لە تۆزدا دەرفەتێک هەیە بۆ ڕئالیزە کردنی فۆرم. هەموو زانستی ئێمە لە سەر هەستەکان ڕاوەستاوە کە سەرەتان بۆ چێکرنی مانا گشتیەکان.

زانست بریتیە لە زانیاری سەبارەت بە هۆکارەکان، ئەو هۆکارانەی کە واوەتر لە وەسف، دەتوانن شیکردنەوەمان پێشکەش بکەن (چوار هۆکار). ڕاڤەی سروشتیانەی ئەرەستو پتر گرنگی دەدا بە هۆکاری فۆرمی (سروشت و زاتی شتەکان). ئەمە بە پێچەوانەی ڕاڤەی میکانیکیانەیە کە کەڵک لە هۆکاری کارتێکەر و تۆزهۆکار وەردەگرێ.

گۆڕان لە سروشتیشدا چوار جۆرە. کۆسمۆس لە چوار ئێلەمێنت پێک هاتووە (ئێلەمێنتی پێنجەمیش ئێتێرە کە شتەکانی ئاسمان لەو دروست بوون). سترۆکتۆری کۆسمۆسیش ئاکامی ئەو شێوە داڕشتن و ڕێک و پێکیەیە کە لە نێوان ئەم ئێلەمێنتانەدا هەیە.

روانگەی ئەرەستو لە سەر ڕۆح، بەشەکانی ڕۆح، لە سەر موڕاڵ وەک بە واقعکردنی دەرفەتەکان. ئایا هەموو مرۆڤەکان وەک یەک دەرفەتی گەشەی موڕاڵیان هەیە؟ هەروەها روانگەی وی سەبارەت بە کۆیلایەتی و ژنان.

1- لە سروشت کە دەستکردی مرۆ نیە، جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان بوونەوەرە گیانلەبەرەکان و بوونەوەرە بێ گیانەکاندا هەیە: گیانلەبەرەکان ئەکتیڤن و خۆیان جوڵێنەری خۆیانن بە بێ پاڵنەرێکی دەرەکی، بەڵام بێ گیانەکان دەجوڵێندرێن. واتە ئەوان پاسیڤن و شتێکی دەرەکی پاڵنەریانە بۆ جوڵە و گۆڕان. ئەرەستو بۆ پێناسە کردنی ڕۆح لەم جیاوازییە گرنگە کەڵک وەردەگرێ، واتە لای ئەو ڕۆح بریتیە لەو توانا ئەکتیڤ و خۆرسکیەی کە بوونەوەرە گیان لەبەرەکان خاوەنین.

2- بە بۆچوونی ئەرەستو هەموو ئۆرگانیزمە زیندووەکان ـ گیا، ئاژەڵ و مرۆ ـ خاوەنی ڕۆحن و جیاوازیی نێوانیان تەنیا لەوەدایە کە تا چەند و چ ئاستێک توانای دەربڕینی ژیانیان هەیە. بە ڕای وی توانای ژیان لە نیوان ئەم ئۆرگانیزمانەدا جیاوازەو هەر بۆیە لە سێ ئاستی جیاوازدان. ئەرەستو ئەم سێ ئاستە لە نزمەوە بەرەو بەرز دەستەبەندی دەکا.

3- گیا و ڕووەک لە ئاستی هەرە نزمدان کە ئاستی دەربڕینی ژیانیان بریتیە لە خۆراک وەرگرتن، نش و نما کردن و زیاد کردن (زاوزێ کردن).

4- لە ئاستی سەرەوەتردا ئاژەڵ ڕاوەستاوە، کە جگە لە تایبەتمەندییەکانی گیا و ڕووەک، توانای هەستکردنیشی هەیە. ئاژەڵ دەتوانێ هەست بە پێداویستیەکانی بکا (بۆ وێنە تینویەتی) و هەوڵ بۆ دابین کردنیان بدات.

5- لە ئاستی هەرە بەرزیشدا مرۆ ڕاوەستاوە کە جگە لەو تایبەتمەندییانەی کە ڕووەک و ئاژەڵ لێی بەهرەمەندن، خاوەنی توانای بیرکردنەوەشە. مرۆ زمان دەخوڵقێنێ، دەتوانێ دیاردەکان لێکبداتەوەو پلان بۆ کردەوەکانی دابڕێژێ، کە ئەمەش لە پێناوی دابینکردنی پێداویستیەکانیدایە.

6- ئەم سێ ئاستە پێکەوە لە یەک کاتدا لە مرۆدا هەن. ئەم پێکەوە بوونە دەبێتە هۆی کارلێکەری دوولایەنەی وان لە سەر یەکتر. بۆ وێنە هەست ژیانی زاوزێ دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و بیریش کار دەکاتە سەر هەست و بە پێچەوانەوە. هەڵبەت ئەو خۆراکەی کە ڕووەک پێویستیەتی جیاوازە لەو خۆراکەی کە ئاژەڵ و مرۆ پێویستیانە. هەست و دەرکی ئاژەڵیش جیاوازە لە هی مرۆ. بەڵام بە هەر حاڵ لە مرۆدا ئەم سێ ئاستە دەبیندرێ.

7- ڕۆح لای ئەرەستو، فۆرمی بوونەوەرە گیانلەبەرەکانە. جەستەشیان تۆزی بوونەوەرە گیانلەبەرەکەیە. چ لە بابەت دیاردە سروشتیەکانەوە و چ لە بابەت دیاردە دەستکردەکانەوە ئەوە فۆرمە کە دەتوانێ دیاریکەرو شیکەرەوەی تۆز بێت. بۆ وێنە چاوی پشیلە کە ئەندامی دیتنیەتی لەوەوە دیاری دەکرێ و شیدەکرێتەوە کە پشیلە ئاژەڵێکی شەوییە. ڕۆح (ژیانی ئۆرگان) دیاریکەری جەستەیە. بۆ وێنە توانای خۆراک وەرگرتن لە گەڵ ئەندامی خۆراک وەرگرتندا دێتەوە (ڕەگ، دەم).

8- توانا و ئۆرگان پێکەوە پێکهێنەری یەکەیەکی لێک نەپچڕاون لە بوونەوەرە گیانلەبەرەکاندا. فۆرم و تۆز دوو لایەنی شتن. فۆرم و جەستەی مرۆ پێک هێنەری یەکەیەکن بە ناوی مرۆ. گەر توانای ژیان (فۆرم) مرۆ جێ بێڵێ، چیدی ئیتر مرۆ نیە. پەیوەندی ڕۆح لە گەڵ جەستە وەک پەیوەندی "کردە" وایە لە گەل "ئەندام"، یان "کارتێکەر" لە گەڵ "ئامراز".

9- کەواتە بە پێچەوانەی ڕای ئەفلاتون ڕۆح دیاردەیەکی نامۆ لە مرۆدا نیە. لە ڕاستیدا ڕۆح بەشێکی جیانەکراوەی مرۆیە. بە پێچەوانەی ڕای ئەفلاتون ڕۆح ناتوانێ سەربەخۆ بژی. ڕۆحی مرۆ دیاریکەری ژیانی مرۆ و تایبەتمەندیی مرۆبوونە.

10- پرسیارە مۆڕالییەکان لە یۆنانی کۆندا بە شێوەی جیاواز لە ئیستا دەهاتنە گۆڕێ و وەڵام دەدرانەوە. ئێمە ئیستا دەپرسین کە:"راستی و ناراستی کامانەن؟" بەڵام ئەرەستو دەیپرسی:"چاکە و خراپە چین؟" مرۆ خاوەن سروشتێکە کە لە کۆمەڵێک ئاست و توانا پێک هاتووە. مرۆ تەنیا کاتێک دەتوانێ سروشتی خۆی وەک مرۆ بەرجەستە بکا و وەک یەکەیەک خۆی بنوێنێ کە بتوانێ توانا جۆراوجۆرەکانی خۆی پێکەوە رێک بخا و بیانگونجێنێ. (ئەفلاتونیش باوەڕی بە هاوئاهەنگیی بەشە جۆربەجۆرەکانی رۆحەوە هەبوو).

11- بڕوایەکی گرنگ لای ئەرەستو: بوونەوەر کاتێک دەتوانێ ژیانێکی باش و بەختەوەرانەی هەبێ کە بە پێی سروشتی خۆی بژی. ئەمە مرۆڤیش دەگرێتەوە: مرۆ کاتێ بەختەوەرە کە دەرفەتی گەشە پێدانی تواناییەکانی هەبێ بە شێوەیەک کە هاریکاریی هو هاوئاهەنگی نێوانیان بتوانێ ئەو کێشانە چارەسەر بکا کە دێتە سەر رێگایان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم شتانە پێویستن: 1) خەسڵەتە پڕباییدارەکان. 2) کۆمەڵگایەکی گونجاو و باش.

12- ئێتیک بریتیە لە گەشە و راگواستنی توانا سروشتیەکانی تاک بەرەو خەسڵەتە پڕباییدارەکان. خەسڵەتە پڕباییدارەکان ئامرازێکی پێویستن بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی، ئەو خۆشبەختیەی کە ئامانجی گەشەی ئەخلاقییە. خەسڵەتە پڕباییدارەکان ناهێڵن کە بۆ وێنە هەست سەرچاوەی کردارەکان بێت، بەڵکو سەرچاوەی کردار دەبێ ئەقڵ و بیرکردنەوە بێت. ئەم خەسڵەتانە یارمەتی مرۆ دەدەن کە بە دژی حەز و کردە ناشازەکان رابوەستێ.

13- خەسڵەتە پڕباییدارەکان سەرچاوەی کردە و ئاکارن. هەروەها پیشاندەری کردەی میانەن لە نێوان دوو جەمسەری زێدەڕۆیی و کەمڕۆییدا. ئەوەی کە دەهێڵێ هەستەکان راستەوخۆ دیاریکەری کردە و ئاکاریان بن، ئەوا بە توش کردە خراپەکانەوە دەبن. بۆ وێنە ترسنۆکی لە ترسی زۆرەوە بێ بانکی لە بڕوا بە خۆبوونێکی لە رادەبەدەرەوە دێت کە هەردووکیان نەشیاون. هەر خەسڵەتێکی پڕباییدارخاڵی نێوان دوو جەمسەری زێدەڕۆیی و کەمڕۆییە.

14- تەنیا لە دوو ئاستی رۆحی ئاژەڵی و رۆحی مرۆییدایە کە دەرفەتی هەڵبژاردن لە بواری کرداردا هەیە، ئەم دەرفەتە لە ئاستی رۆحی ئاژەڵیدا لە بواری پێویستیدا خۆی دەنوێنێ. بۆ وێنە برسیەتی دەبێتە هۆی ئەوە کە برسی بە شوێن تێربووندا بگەڕێ. لە ئاستی مرۆییشدا دەرفەتی هەڵبژاردن لە نێوان ئەڵتەرناتیفە جۆربەجۆرەکاندا هەیە. بۆ وێنە مرۆ وەک ئاژەڵێکی عاقڵ دەتوانێ هەڵسەنگێنێ و هەڵبژێرێ. بیرکردنەوە دەگاتە قۆناغی بڕیاردان، بڕیاردانیش کۆمەڵێک کردەی لێدەکەوێتەوە کە ئاراستەی ئامانج دەکرێ.

15- خەسڵەتە پڕباییدارە ئەخلاقیەکان گرنتیی ژیانێکی بەختەوەرانە ناکەن، چونکە خۆشبەختی پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە. بەڵام خەسڵەتە پڕباییدارە ئەخلاقیەکان دەرفەت بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە باشتر دەڕەخسێنن. خۆشبەختی، دۆخێکی رۆحیە کە بەرهەمی بە ئاکام گەیشتنی هەوڵ و تەقەللا و زاڵ بوون بە سەر کۆسپەکاندایە. خۆشبەختی ئاوێتەی هەوڵە ئازاراوییەکانە و هەربۆیە ناکرێ بڵێین کە خۆشبەختی هەمان لەززەت و خۆشیە. بەڵآم ئەمە بەو مانایە نیە کە خۆشبەختی ناتوانێ لە لەززەت و خۆشی بێ بەهرە بێت.

16- خەسڵەتە پڕباییدارە ئەخلاقییەکان بە سێ شێوە خۆیان نیشان دەدەن: 1) مرۆ دەکرێ بە هۆی سزا و پاداشەوە کردە ئەخلاقیە باشەکان بۆ وێنە ئازایەتی، دڵسۆزی یا دادپەروەری لە خۆی نیشان بدات. لێرەدا کۆمەڵێک دیسیپلین هەیە کە سەرچاوی کردارە. مرۆ دروست هەڵس و کەوت دەکا، بەڵام ئۆتۆماتیکی و تەنیا بەو هۆیەوە کە خۆی لە گەڵ کۆمەڵێک نەریت رێک خستووە 2) بکەر پابەندە بە خەسڵەتە پڕباییدارە ئەخلاقییەکان، چونکە بۆ وێنە ژیریی دەبێتە هۆی ئاکاری باش، واتە خەسڵەتە پڕباییدارەکان دەبنە سەرچاوەی ئاکاری باش. هەڵبەت لێرەدا بکەر رێزیش لە یاسا دەگرێ. 3) لە رێگای لێکدانەوەوە، واتە هەڵبژاردنی ژیریی لە رێگای هەڵسەنگاندنییەوە لە گەڵ ئاکارەکانی دی. ئەنجام: مرۆڤێکی وەها خاوەنی زیرەکییە.

17- زیرەکی خەسڵەتێکی پڕباییداری هوشیارانەیە (نەک ئەخلاقیانە) کە پەیوەندیی بە توانای بیرکردنەوەوە هەیە. لێرەدا ئەم خەسڵەتە خۆی جیا دەکاتەوە لە خەسڵەتی پڕباییداری ئەخلاقی کە لەسەر بنەمای عادەت، پێداویستی و هەست راوەستاوە. ئەوەی کە زیرەکە دەتوانێ دیاری بکا کە چ شتێک باشترینە بۆ مرۆڤ.

18- ئەرەستو پێی وایە کە مرۆ جۆراوجۆرە. سروشت مرۆڤی وەک یەک نەخوڵقاندووە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەرفەتە دەروونیەکانی خۆرئالیزەکردن وەک یەک نەبن و مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر بە شوێن خۆرئالیزەکردنەوەوە بن. بە گوێرەی ئەرەستو پیاو سروشتێکی بدەر و ژن سروشتێکی وەرگری هەیە. ئەمە هەم لە زاوزێ کردندا راستەو هەم لە رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا. هەندێک مرۆ لە بنەڕەتەوە و بە پێی سروشت بۆ کۆیلەتی دروست کراون. واتە ئەو مرۆڤانەی کە دەرفەتی ئەوەیان نیە وەک مرۆ ئازادەکان خەسڵەتە پڕبایدارەکان لە خۆیاندا گەشە پێبدەن و رئالیزە بکەن.

بە کورتی:

مەبەستی ئەرەستو لە رۆح ئەو خەسڵەتەیە کە توانای ژیان دەبەخشێ، واتە توانای خۆ جوڵاندن و گۆڕانی خۆ. ژیان فۆرمی جۆراوجۆری هەیە، لە هەرە سادەوە بگرە هەتا هەرە ئاڵۆزەکەی. رووەکەکان خۆراک وەردەگرن ، گەورە دەبن و زیاد دەکەن. ئاژەڵ جگە لەم خەسڵەتانە بە شوێن تێرکردنی پێداویستیەکانی دیکەیەتی و مرۆڤیش جگە لەمانە خاوەن توانای بیر کردنەوەیە. لای بوونەوەرێکی زیندوو رۆح بریتیە لە توانا جۆربەجۆرەکانی ژیان، بەڵام جەستە بریتیە لەو تۆزەی کە دەرفەتی بە واقع کردنی توانا رۆحیەکان دەرەخسێنێ (بۆ وێنە رەگ، لاسک و گەڵا لای رووەک، هەستەکان لای ئاژەڵ و مێشک لای مرۆڤ). بە پێچەوانەی رای ئەفلاتون رۆح بەشێکی جیانەکراوەیە لە یەکەیەک بە ناوی مرۆڤ.

ئامانجی ئەخلاق:

ئامانجی ئەخلاق دەستەبەرکردنی باشترین ژیانە بۆ مرۆڤ. لە رێگای گەشە پێدانی هەست و توانا سروشتیەکانەوە مرۆ دەتوانێ بەم ئامانجانە بگا. واتە لە رێگای خۆ بە دەستەوەنەدان بە هەست و پێداویستیەکانییەوە، بەڵکو لە رێگای هاوترازکردن و چەشنە هەماهەنگییەک لە نێوان هەستەکان و بیرکردنەوەدا. مرۆ بەم شێوەیە دەتوانێ بە شوێن ئەو کردارانەدا بڕوات کە ئاکامی درێژخایەنتری هەیە، نەک کاتی. وەستان لە دژی حەز و خولیاکان و خۆ دوورخستنەوە لە ژان و ئازار بە مەبەستی گەیشتن بە باشیەکی بەرزتر. جیاوازیی هەیە لە نێوان لەززەت و خۆشبەختیدا.

پیاوان و ژنان دوو جۆرە ئەرکی ئەخلاقیان هەیە. پیاو دەبێ بڕیاردەری ناو ماڵ بێت و ژنانیش دەبێ گوێ رایەڵی ئەو ئەرکانەی بن کە پێیان سپێردراوە. کۆیلەکانیش دەبێ ئامرازی بەردەستی مرۆڤە ئازادەکان بن.

سەدەکانی ناوەڕاست

بە گشتی دەربارەی سەدەکانی ناوەراست

1- لێرەدا لە گەڵ دوو چەمک رووبەڕووین: "بڕوای ئایینی" و "بڕوای زانستی". بڕوای ئایینی هەر وەک بڕوای زانستی لە هەمان ئاستی متمانە و رەزامەندی بەهرەمەندە. هەبوونی زانست تەنیا بە مانای زانیاری متمانە پێکراو نیە، بەڵکو وشیارییەکی ئۆبژکتیڤە (پەیوەندی بە دونیای راستیەکانەوە هەیە) بە شێوەیەک کە مرۆ دەتوانێ لە رێگای هەستەوە راستەوخۆ، یاخود لە رێگای ئەو زانیاریانەوە بە دەستی بێنێ کە پەیوەندی بە سەرچاوە سروشتیەکانەوە هەیە. زانستی

سروشتیش بەو مانایە کە مرۆ زانست لە ڕێگای توانا سروشتیەکانی خۆیەوە، واتە لە ڕێگای هەست و بیرەوە دەستەبەر دەکا .

2- گرنگترین خاڵی دەستپێک بۆ مرۆڤی مەسیحی، بوونی خودایە. لە بابەت زانیاری لە مەڕ بوونی خودا سێ جۆرە بۆچوون هەیە: 1) ناسینی خودا تەنیا لە ڕێگای بڕواوە. 2) ناسینی خودا لە ڕێگای هەست و بیرەوە. 3) ناسینی خودا لە ڕێگای بڕوا و بیرەوە. ئۆگۆستین و ئەکویناس بڕوایان بە بۆچوونی سێهەم هەبوو.

3- ئۆگۆستین پێی وایە کە ناسینی مرۆ لە مەڕ خودا لە بڕواوە دەست پێدەکا (مرۆ دەبێ بڕوای هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ تێبگا). بڕوا دەتوانێ بە هێز بکرێ بە هۆی ئەو زانیاری و بەڵگانەی کە پێک هێنەری زانستن (مرۆ دەبێ تێ بگا بۆ ئەوەی بڕوای هەبێ).

4- ئەو زانیاری و بەڵگانەی کە بوونی خودا دەسەلمێنن، پێیان دەگوترێ "بەڵگەی سەلماندنی خودا"، کە دوو جۆرن: 1) پێش بەڵگە1: بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بە پێی وێنایەک کە مرۆ لە خودا لە بیری خۆیدا هەیەتی، بیر وەشوێن ئەوە دەکەوێ کە ئەم هەبوونە بسەلمێنێ. 2) پاش بەڵگە2: کە بە هۆی کۆمەڵێک فاکت و ڕاستییەوە مرۆ بە بوونی خودا دەگا. خودایەک کە خوڵقێنەری ئەم شتانەیە و دەکرێ هۆکاری هەبوونی دنیامان بۆ شیبکاتەوە. بە ناوبانگترین پاش بەڵگە بۆ سەلماندنی بوونی خودا بۆچوونێکی ئەکویناسە کە بە "ڕێگاکانی گەیشتن بە خودا" ناوبانگی دەرکردووە. ئەم بۆچوونە پێمان دەڵێ کە دنیا پلانێکەو چونکە هەر پلانێکیش خاوەن پلان داڕێژەرێکە، کەواتە خودا داڕێژەری پلانی دنیایە(بوونەوەرێکی وشیار کە خوڵقێنەر و بەڕێوەبەری هەموو شتە سروشتیەکانە).

5- لای ئەکویناس، تیولۆژی هەموو ڕاستیە ئاینییەکان لە خۆ دەگرێ، کە بە چەند شێوە دەناسرێن: 1) لە فۆرمی خودادا کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وەحی یان ئەو پەیامە خوداییانەی کە پەیامبەران ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە بە دەستیان گەیشتووە.2) لە فۆرمی زانستدا کە لە ڕێگای توانا سروشتیەکانی ناسینەوە دەستەبەر دەکرێن (تیۆلۆژی سروشتی). ئەکویناس دەڵێ کە زۆربەی ڕاستییە ئاینییەکان بۆ وێنە بوونی خودا و نەمریی ڕۆح دەکرێ لە هەر دوو ڕێگاوە زانستی لە سەر پەیدا بکەین. بەڵام هەندێک لە ڕاستییەکانی وەک "خوڵقاندنی دنیا" و دۆگمای ئەوەی کە خودا و مەسیح و ڕۆحی موقەدەس یەکەیەکن، تەنیا لە ڕێگای بڕواوە دەتوانین زانستی لە سەر پەیدا بکەین.

6- ئەکویناس هەروەها قسە لە سەر جیاوازییەکانی نێوان زانست، بڕوای ئاینیی و وەهم دەکا. بڕوا وەک زانست ناسینێکی متمانە پێکراوە، بەڵام وەهم بە پێچەوانەوە ناتوانرێ متمانەی پێ بکرێ.

بڕوا جیاوازی هەیە لە گەڵ زانست، لە بەر ئەوەی کە ئەو متمانەیەی بڕوا دەیبەخشێ لە سەر بڕیارێکی خوازراو ڕاوەستاوە کە لە دوا وتەدا سەرچاوەکەی بۆ خودا دەگەڕێتەوە. بۆ وێنە ئەوەی کە "من بڕوام بەوە هەیە کە خودا دنیای خوڵقاندووە" لە سەر ئەو گریمانەیە ڕاوەستاوە کە لەوە پێش من ویستبێتم کە بەم بۆچوونە بڕوا بێنم. ئەوەی کە بۆ وێنە من دەزانم کە دوو کۆی دوو دەبێتە چوار، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من لە ڕێگای پەیوەندی بە ڕاستیەکانی دەرەوەی خۆمەوە، واتە ئەوەی کە لە دونیای واقعدا هەیە، بەم ڕاستیە و زانستە گەیشتووم.

1- Aprioriske bevis

2- Aposterioriske bevis

ڕوانگەی ئۆگۆستین لە بابەت خودا، جیهان و مرۆڤ. ئۆگۆستین چۆن دەڕوانێتە خۆشەویستی. تیۆری وی لە بابەت دەوڵەتی زەمینی، دەوڵەتی خودائی و تیۆری مێژوو.

1- لە راستیدا شوێنی مرۆ لە جیهان بینیی ئۆگۆستیندا دەتوانێ دەستپێکی روانینی وی لە بابەت پەیوەندی نێوان خودا، جیهان و مرۆڤەوە بێت. بە رای ئۆگۆستین مرۆ لە پلەی خوارەوەی خودا و بوونەوەرە ئاسمانیەکاندا قەراری گرتووە، بەڵام هەر لەو حاڵەدا تاجی سەری خڵقەتەو لە هەموو بوونەوەرە زەمینیەکانی دیکە پایەبەرزترێکە. خودا کە بوونەوەرێکی بان سروشتیە، جیهان و مرۆڤی خوڵقاندووە. مرۆ بە گشتی جیاوازە لە بوونەوەرەکانی دیکە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە خودا مرۆڤی لە رووی خۆیەوە خوڵقاندووە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە مرۆ بتوانێ خودا وەک سەرچاوەی بوونی خۆی سەیر بکا و بیناسێ. هەروەها لای ئۆگۆستین ئینسان بوونەوەرێکی رۆحیە (نەک تەنیا بوونەوەرێکی خاوەن توانای بیرکردنەوە، بەو جۆرەی کە ئەرەستو پێناسەی دەکرد).

2- مرۆڤ چونکە خوڵقاوی دەستی خودایە کەواتە نیازی هەیە کە بەرەو وی بگەڕێتەوە. ناسینی خودا بریتی نیە لە وەدەست هێنانی زانست و زانیاری لە مەڕ خودا، بەڵکو بریتیە لە یەکبوون لە گەڵ خودا و خۆش ویستنی، هەر بەو شێوەیەی کە عاشق بە شوێن یارەوەیە. بۆ ئەوەی ئەم یەکبوونە بێتە چێکرن دەبێ خوا بە هۆی روحم و بەزەیی خۆیەوە خۆشەویستی خۆی ئاراستەی مرۆ بکا. خۆشەویستی خودا بۆ مرۆ تەواو کەری خۆشەویستی مرۆیە بۆ خودا. سەرچاوەی گوناە نەبوونی خۆشەویستی یاخود کەمیی خۆشەویستییە بەرامبەر بە خودا. نەبوونی خۆشەویستی هۆی سەرپێچی لە خواستەکانی خواوەندە. خۆشەویستیی خواوەند گەلێک بەرزترە لە خۆشەویستی دونیا و تەنانەت مرۆ خۆیشی. ئەم جۆرە خۆشەویستیە سەرچاوەی بیری گۆشەگیریانەی ئۆگۆستینە کە مرۆ تێیدا بە سادەیی و قەناعەت دەژی و خۆی لە خۆشی و لەززەتی دونیا دوور رادەگرێ.

3- بە رەوایەتی ئەنجیل و بە گوتەی ئۆگۆستین خودا دونیای لە هیچەوە چێکرد. ئەمە رازێکە مرۆ بە زەحمەت تێی دەگا. لە کاتی خڵقەتدا سەرەتا خواوەند تۆزی خوڵقاند، ئەوجا فۆرم و لە گەڵیا کات (ئەفلاتون دەیگوت کە لە پێش خوڵقاندنی دونیادا جیهانی ئایدیاکان هەبووە، رەنگە تۆزیش). لە بەر ئەوەی لە پێش خڵقەتدا هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو و خودا بۆ خۆی هەموو شتێکی دروست کرد، هیچ لێکچونێک لە نێوان خوڵقێنەر (خودا) و خڵقەتدا (دونیا، سروشت) نیە. خودا و جیهان بە تەواوی لێک جودان.

4- کەواتە ناتونین خودا بەو چەمکانەوە پێناسە بکەین کە سەرچاوەیان لە دونیادایە. هەروەها ئێمە ناتوانین لە رێگای توانا سروشتیەکانی خۆمانەوە لە خودا و گەورەیی خودا بگەین. توانا سروشتیەکانی ئێمە تەنیا دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتنی ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان بوونەوەرەکانی دونیادا هەیە. خوا بە هۆی روحم و بەزەیی خۆیەوە وشیاری بە مرۆ دەبەخشێ. هەروەها لە رێگای پەیوەندی راستەوخۆوە (وەحی) ئەشقی ئەو دێتە ژوانی ئەشقی مرۆی شەیدای خودا.

5- عەشق بە خودا گرنگترین و سەرەکیترین جۆری عەشق و خۆشەویستیە. ئەرکی مرۆڤە کە مرۆڤی خۆش بوێت. ئەم ئەرەکە بۆ هەمووانە. ئەگەر ئێمە ناتوانین بە کردەوە ئەشق و خۆشەویستی خۆمان بە هەموو ئینسانەکان نیشان بدەین، پێویستە لە جیاتی ئەمە خۆشەویستی خۆمان سەبارەت بەو مرۆڤانە نیشان بدەین کە لە ژیاندا لە گەڵمان لە پەیوەندیدان. دەبێ مرۆڤمان خۆش بوێت، بەڵام نەک لە بەر خاتری مرۆ، بەڵکو لە بەر خودا و راکێشانی رەزامەندی وی.

6- ئەو مرۆڤانەی کە تەنیا خۆیان خۆش دەوێت دەبن بە شارۆمەندی "دەوڵەتی خودا". ئەوانەش وا بە دنیاوە سەرقاڵن دەبن بە شارۆمەندی "شاری بابیلۆن" واتە "دوەڵەتی زەوی". ئەم دوو دەوڵەتە لە یەک کاتدا پێکەوە لە سەردەمی ئێمەدا هەن. وەک جەستە ئاوێتەی یەکن، بەڵام لە دڵیاندا جودان. دوای مردنی دەوڵەتی زەوی ئەم دووانە لە جەستەشدا لە یەک جودا دەبنەوەو دواتر لە فۆرمی بەهەشت و جەهەننەمدا درێژە بە ژیان دەدەن.

7- تیۆری دوو دەوڵەت و پێشبڕکێ و ململانێی نێوانیان، کاکڵی تێگەیشتنی ئۆگۆستینە لە مێژوو. مێژووی جیهان لە خڵقەتەوە دەست پێدەکا، بە گوناحی ئادەم و حەوا درێژەی دەبێ، دواتر رزگاری دێ، ئەوسا جیهان دەمرێ و دەبێ بە قیامەت. قیامەت نیشانەی سەرکەوتنی خودایە. وەک دەبینین رەوڕەوەی مێژوو لەم تیۆرەدا لە یەک هێڵدا بەرەو پێش دەچێ (تێگەیشتنی هێڵ ئاسا لە مێژوو). هەروەها بە گوێرەی ئەم تیۆرە مێژووی جیهان تەنیا یەک جار روو دەدات. ئەمە بە پێچەوانەی تیۆری سەردەمی کۆنە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وابوو هەموو شتێک دووپات دەبێتەوەو رەوتی مێژووش

بازنەییە. لە ڕاستیدا سەرچاوەی ئەم بۆچوونە باوەی سەردەمی ئێمە کە دەڵێ مێژوو لە گەشە و بەرەو پێش چووندایە بۆ ئۆگۆستین دەگەڕێتەوە.

بە کورتی:

مرۆ لە پلەی خوارەوەی بوونەوەرە ئاسمانیەکاندا قەراری گرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شکۆترین بوونەوەری خڵقەتە. ئینسان تەنیا بوونەوەرێکی بیریار نیە، بەڵکو ڕۆحیشە. واتە توانای ناسینی خودایشی هەیە. ناسینی خودا بریتی نیە لە زانستی ئێمە سەبارەت بە خودا، بەڵکو بریتە لە توانای خۆشەویستی ئێمە بۆ خودا. هۆکاری گوناح لە کەمیی خۆشەویستیدایە بۆ خودا. بزر بوونی خۆشەویستی سەرچاوەی نافرمانیە. مرۆڤ دەبێ لە بەر ڕەزای خودا مرۆ و خودای خۆش بوێت. ئەوانەی خودایان خۆش دەوێت شارۆمەندی دەوڵەتی خودان و ئەوانەیشی خۆشیان ناوێت شارۆمەندی دەوڵەتی زەوی. لە سەر زەوی ململانییەکی درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا لە ئارادایە کە بە کۆتایی جیهان و سەرکەوتنی دەوڵەتی خودایی کۆتایی دێ. ئەم بۆچوونەی ئۆگۆستین کە دەڵێ دنیا خاوەن سەرەتا و کۆتاییە، لە چاو بیری سەردەمی کۆن (یۆنان) بۆچوونێکی تازەیە.

چۆنیەتی پێکەوە گرێدانی مەسیحیەت و فەلسەفە لای توماس ئەکویناس. تێگەیشتنی وی لە توانای سروشتیانەی ناسین لای مرۆڤ.

1- لە سەدەکانی یازدە و دوازدەی زاییندا بەرهەمەکانی ئەرەستو لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا ناسران. لە ڕاستیدا لای بیرمەندان ئەوەندەی لێک گریدانی ئەفلاتون بە بیری مەسیحیەوە ئاسان دەینواند، لێک گرێدانی ئەرەستو ئاسان نەیدەنواند. هۆکاری ئەمە بە دەرەجەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەرەستو لە سێ بواردا لە گەڵ ڕوانگەی مەسیحی ناتەبا بوو: ئەلف) ئەرەستو پێی وابوو کە جیهان بوونێکی ئەزەلی و ئەبەدییە، واتە کەس نەیخوڵقاندووە. ب) ڕۆح لە گەڵ جەستە دەمرێ. واتە ڕۆح لە دوای مردنی جەستە ناتوانێ بژی. پ) ئەو خودایەی کە ئەرەستو باوەڕی پێی هەیە بە دوورە لە وێنای خودایەکی خوڵقێنەر و خودایەک کە دەتوانێ لە دەرەوەی جیهان بوونی هەبێ.

سەبارەت بە ڕوانگەی یەکەم ئەکویناس دەڵێ کە ناتوانین بە شێوەی فەلسەفی تێی بگەین، بەڵام سەبارەت بە دوو ڕوانگەکەی دیکە هەوڵ دەدا کە بە گوێرەی بۆچوونی مەسیحیانە لێکیان بداتەوە.

2- **نەمریی ڕۆح:** ئەرەستو پێی وایە کە فۆرم و تۆز لای مرۆ بریتین لە ڕۆح و جەستە. بەڵام فۆرم ناتوانێ سەربەخۆ بوونی هەبێ. کەواتە ڕۆح فۆرمێکی نەمر نیە. ئەرەستو هەروەها توانا ڕۆحیە جۆربەجۆرەکان لە ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆدا لێک دەداتەوەو پێی وایە هەر کامیان لە توانای ڕۆحیی تایبەت بە خۆیان بەهرەمەندن. ئەرەستو پێی وایە کە هەر توانایەکی ڕۆحی لە گەڵ ئەو بەشەی جەستەدا دەگونجێ کە پێکەوە دێنەوە (بۆ وێنە دیتن کە توانایەکی ڕۆحیە تایبەتە بە ئۆرگانی چاو). هەروەها بە بۆچوونی ئەو بیرکردنەوەش توانایەکی ڕۆحی وابەستە بە ئۆرگانێکی جەستەیە. بابەت و مەتریالەکانی بیرکردنەوە لە ڕێگای هەستەوە دەستەبەر دەکرێن (هوشیاری لە بنەڕەتدا و لە خاڵی دەستپێکی خۆیدا وەک تەختە ڕەشێکە هیچی لە سەر نەنووسرابێت)، بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەرەستو باس لەوە دەکا کە ڕەنگە فۆرمێک بۆ بیرکردنەوە هەبێ، کە مەبەستیشی لەمە ئەو توانایەیە کە دەبێتە هۆی بیرکردنەوە (هۆکاری بیرکردنەوە). بە ڕای وی "هۆکاری بیر" نەمر و ئەبەدییە. زۆربەی ڕاڤەکاران پێیان وایە کە مەبەستی ئەرەستو ئەوەیە کە ئەمە لە نێوان مرۆڤەکاندا هاوبەشە و دیاردەیەکی تاکە کەسی نیە. مەسیحیەت بڕوای بەوەیە کە ڕۆحی تاکەکەس نەمرە. لێرەدا ئەکویناس ئەم بۆچوونەی ئەرەستو وا لێک دەداتەوە کە "هۆکاری بیر" تاکەکەسیە و بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەبەدی و نەمرە. واتە ئەگەرچی لای ئەرەستو "هۆکاری بیر" تاکەکەسی نەبوو، بەڵام ئەکویناس خەسڵەتی تاکەکەسیانەی پێ دەبەخشێ. لای ئەرەستو بە مردنی مرۆ هەم جەستە و هەم ڕۆح دەمرن، بەڵام لای ئەکویناس ڕۆح چونکە پەیوەندی بە "هۆکاری ڕۆح"ەوە هەیە، سەرەڕای تاکەکەسی بوونی، نامرێ.

3- **بوونی خودا:** ئەرەستو لە سەر "جوڵێنەری بێ جوڵە" قسە دەکا، کە دەستەواژەیەکی گەلێک ناڕوونە. بەڵام ئەرەستو مەبەستی پتر لەمە ئەو وزەیە کە شتێک دەخاتە جوڵە و حەرەکەت لە زنجیرەیەک رووداودا کە هەرکامیان دەشێ هۆکاری ئەوی دیکەیان بێت. ئەکویناس ئەم بۆچوونە وا لێک دەداتەوە کە ئەمە ئێمە دەباتەوە سەر یەکەمین جوڵێنەر، واتە ئەو بوونەوەرەی کە یەکەمین هۆکاری هەموو جیهانە. لە درێژەی ئەمەدا دەڵێ کە ئەمە رێک ئەو پرسیارەیە کە باسی خوڵقێنەری سروشت دەهێنێتە ئاراوە. ئەکویناس پێی وایە کە ئەرەستو وێنایەکی لە سەر خودا وەک یەکەمین هۆکاری هەموو شتێک هەیە، واتە ئەو وێنایەی کە لە گەڵ خودای مەسیحیدا دێتەوە.

4- **تێگەیشتنی توماس لە توانا سروشتیەکانی ناسین لای مرۆ** : توانای سروشتیانەی ناسین لای مرۆ لەم دوو بەشە پێک هاتووە: هەست و بیر. توماس وەک ئەرەستو پێی وایە کە وشیاری مرۆ سەرەتا دەبێ سەرچاوەی زانیاریەکانی خۆی لە هەستەکانەوە دەستەبەر بکا. بە بێ هەستەکان مرۆ هیچی بۆ بیرکردنەوە پێ نیە. وشیاری بە بێ هەست تەختەرەشەیەکە کە هیچی لە سەر نەنووسرابێ. وشیاری ئەگەرچی بە بێ شتە بەرهەستەکان هیچی نیە، بەڵام شتە بەرهەستەکان تەنیا کەرەسەی خاون بۆ بیرکردنەوە. وشیاریی مرۆ ئەم کەرەسە خاوانە دەکا بەو وێنایانەی کە خەسڵەتی وشیاریان دەخرێتە پاڵ. واتە وشیاری مرۆ دەتوانێ ئەمانە لە وێنا هەستیەکانەوە بەرەو ئەو وشە و دەستەواژە گشتیانە راگوێزێ کە پێکهێنەری پرۆسە و رەوتی بیری ئابستراکتیانەن. لێرەدا ئیدی مرۆ لە رێگای ئەبستراکتەوە فۆرم لە تۆز جیا دەکاتەوە.

بە کورتی: ئەکویناس بە پشت بەستن بە دەقێکی ئەرەستو پێی وایە کە رۆح نەمر و ئەنەدییە. ئەو پێی وایە کە "جوڵێنەری بێ جوڵە"ی ئەرستو، یەکەمین هۆکار یاخود خوڵقێنەری هەموو جیهانە و ئەم دەستە واژەیە لە گەڵ خودای مەسیحی دەگونجێنێ. توانا سروشتیەکانی ناسین لای مرۆ بریتین لە هەست و عەقڵ. عەقڵ لە سەر ئەو کەرەسە خاوانە کار دەکا کە هەست پێی دەدا و دواتر دەتوانێ وشە و دەستەواژە گشتیەکانی لە سەر بنیات بنێ. وێنا عەقڵیەکان تەواو جیاوازن لە وێنا هەستیەکان.

چۆنیەتی جیابوونەوەی زانستی سروشت و فەلسەفە لە میتۆلۆژی، لە قۆناغی گواستنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ قۆناغی نوێ. جیاوازیی نێوان ریالیزم و نومینالیزم.

1- لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تیۆلۆژی هەموو زانستەکانی لەخۆ دەگرت. ئەو کات زۆربەی بیرمەندان وایان بیر دەکردەوە کە فەلسەفە بە کەڵک و بە نرخە، بەڵام دەبێ لە خزمەت تیۆلۆژیدا بێت. ئەم بۆچوونە هەموو بەشەکانی زانست بۆ وێنە زانستی پزیشکیشی دەگرتەوە. زانستی پزیشکی لە لایەن تیۆلۆگەکانەوە چاوەدێریی دەکرا. لە هەموو بوارەکانی زانستدا دەبا ئەو بابەتانەی کە لە گەڵ ئایین ناتەبا بوون، سانسۆر کرابان. بەڵام بەرەبەرە لە گەڵ گەشەی زانست، لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هاوکاری نێوان کلیسا و زانست (بڕوا و زانست) تا دەهات دژوارتر و دژوارتر دەبوو، بە شێوەیەک کە لە سەدەکانی شانزدە و حەفدەدا شەڕێکی دژوار لە نێوانیاندا هەڵگیرسا (بۆ نموونە بڕوانە جوردانو برۆنۆ و گالیلە).

2- لە سەدەی سێزدەی زاییندا توماس ئەکویناس سێنتێزێکی syntese لە هەموو ئەو زانستە گرنگانە پێشکەش کرد کە لە خانەی تیۆلۆژیدا خۆیان دەبینیەوە. ئەم حاڵەتە ئیدی لە سەدەی چواردە بەولاوە وەک خۆی نەما و زانستەکان روویان لە لێکجودا بوونەوە کرد. ئاکامی ئەمە سەرهەڵدانی دوو گۆرەپانی تیۆلۆژی و فەلسەفە بوو. بەڵام فەلسەفە هەتا سەدەی هەژدە بەردەوام مەکۆی زۆربەی زانستە سروشتیەکان بوو (فەلسەفەی سروشت). لێکۆڵەران و زانایان ئیدی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان سەربەست لە تیۆلۆژی و کلیسا دەهێنایە گۆڕێ (بۆ وێنە تیۆلۆگەکان دژی روانگەی خۆر- ناوەندی بوون و وەک راستیەک چاویان لێنەدەکرد. دەیانگوت کە ئەمە تەنیا گریمانەیەکی ماتماتیکیە)

3- ئەو فاکتۆرانەی دیکە کە بوونە هۆی لێکجودابوونەوەی تیۆلۆژی و فەلسەفە، هەر هەمان ئەو هۆکارانەن کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی رێنسانس. هەروەها ئەم فاکتۆرانە پەیوەندییان هەیە بە کۆمەڵێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. واتە گۆڕان لە کۆمەڵگای کشت و کاڵی بەرەو کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، زۆر بوون و گەورەبوونی شارەکان، بازاڕەکان و شتی لەم بابەتە. ئەم ئاڵ و گۆڕانە داواکاریی تەکنیکیی نوێ ئاراستەی لێکۆڵەران دەکەن.

4- لە سەدەی حەفدەوە کۆمەڵێک جیابوونەوە لە ناو فەلسەفەدا روودەدات کە لە ئەنجامدا زانستگەلی وەک فیزیا، ماتماتیک کیمیا و ژینناسی دەبنە خاوەن کەسایەتی سەربەخۆی خۆیان. ئەم زانستانە ئیدی دەبنە خاوەن پرنسیپ و میتۆدی تایبەت بە خۆیان. ئیمپیریزم (ئەزموونگەرایی) و لێکۆڵینەوەی پشت ئەستور بە تاقیکردنەوە، تایبەتمەندیی ئەم قۆناغەن. ئەمە جودایە لە میتۆدی فەلسەفە کە تێیدا لێکۆڵینەوە لە رێگای راڤە، رەخنە و هەڵسەنگاندنەوە روودات (بە پێچەوانەی ئیمپیریزم واتە ئەزموونگەرایی).

5- نومینالیستەکان دەیانگوت کە مرۆ ناتوانێ ببێ بە خاوەنی ئایدیا هاوبەشە روونەکان. بەڵام لە جیاتی ئەمە مرۆ دەتوانێ خاوەنی ناو ی هاوبەش یاخود وشە بێت (nomen) مەسیحیەکان بیروبۆچوونی نومیانالیستەکانیان بە جێی مەترسی

دەزانی. بۆ وێنە ئەگەر شتێکی هاوبەش لە نێوان خودا، کوڕ و ڕۆحی پیرۆزدا نەبێ، چلۆن دەکرێ بڵێین کە ئەم سیانە لە ڕاستیدا یەک شتن (ئایینی مەسیحی ئەم سیانە لە ڕاستیدا بە یەک بوونەوەر دەزانێ. Treenighetslæren)

بە کورتی: لە سەدەکانی ناوەڕاست تیۆلۆژی هەموو زانستەکانی لە خۆ دەگرت. لە سەدەی سێزدەی زایینەوە ئەو بەشانەی لێ جیا دەبنەوە کە پەیوەندیان بە ئایینەوە نەبوو، وەک فەلسەفە. لە سەدەی شازدەوە کۆمەڵێک زانست بە میتۆد و پرینسیپی تایبەت بە خۆیانەوە لە فەلسەفە جودا دەبنەوە. هۆکارێکی دیکەی لێکجودا بوونەوەی فەلسەفە لە تیۆلۆژی ئەو گۆڕانە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەن کە دواتر دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ڕێنسانس. نومینالیسمیش تیۆرێکە کە دەچێتە بەربەرکانێی دۆگما مەسیحیەکان و هەوڵی ناشتنیان دەدات.

سەردەمی نوێ

بیروبۆچوونە نوێیەکانی هۆبز و مەکیاڤیلی لە بابەت مرۆ، کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە

1- هیومانیزمی سەردەمی ڕێنسانس دەیویست ئەو بایەخانە لە کۆمەڵگادا بچەسپێنێ کە ئەو دەرفەتەیان بە مرۆ دەدا وەک بوونەوەرێکی سروشتی بژی. لای هیومانیستەکان ژیانی سەر زەوی لە ژیانی ئاسمانەکان بایەخی زیاتری هەبوو. ئاکامی بە کردەوەی ئەم بۆچوونە ئەوە بوو کە مرۆ ئیدی کەمتر سەرنجی دەدایە ژیانی گۆشەنشینی و دەست کێشانەوە لە لەزەتەکانی دنیا. هیومانیستەکان ئەم بۆچوونەیان دەدایە بەر ڕەخنە و هێرش لە بابەت ئەوەی کە گوایا مرۆ بوونەوەرێکی گوناهبارە. بە رای وان هیچ شتێکی مرۆ خۆی لە خۆیدا خراپ و سەرچاوەی کرداری ناشایست نەبوو. بۆ ئەوان ئەوە گرنگ بوو کە "مرۆڤ چۆنە"، نەک ئەوەی "دەتوانێ چلۆن بێ". کۆمەڵگا وەک کۆی تاکەکان سەیر دەکرا. کەواتە زانست لە مەڕ کۆمەڵگا بریتی بوو لە زانست لە بابەت سروشتی تاکەکانەوە. ئیدی بەم پێیە کۆمەڵگا دەبوو بە شوێنی کێشە و کێبەرکێی نێوان تاکەکان، جا بۆ بەرگری کردن لە ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەم دیاردەیە دەبا دەوڵەتێکی بەهێز لە گۆڕێدا بایە.

2- ریالیزمی ڕێنسانس کلیلی تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسیە نوێیەکانە. سیاسەت ئیتر باسی مرۆ بوو بە چاکە و خراپەکانیەوە. پرسیاری گرنگ لای مەکیاڤیلی بریتی بوو لەوەی کە داخۆ دەبێ ئامانجی پیاوی دەسەڵاتدار چ بێت؟ هەر بۆخۆیشی وەڵامی دەدایەوە کە: "راگرتنی دەوڵەت و بە هێزکردنی". لای وی ئەم ئامانجە پاساوی هەموو ئەو ئامرازانە دەداتەوە کە بۆ ئەم مەبەستە بە کار دەهێنران. تەنانەت ئەمە ئەو ئامرازانەش دەگرێتەوە کە لە سۆنگەی مۆڕالەوە جێی پەسند نین. بۆ وێنە درۆ، کوشتن، فێڵ و دووڕوویی. بەڵام بۆچی کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و کردە نامۆڕالییەکان پێویستن؟ چونکە مرۆ خۆویستە و بە شوێن سێ شتەوەیە: سەروەت و سامان، دەسەڵات و ناوبانگ. گرنگترین جیاوازیی نیوان مرۆ و ئاژەڵ ئەوەیە کە مرۆ بە هۆی توانای بیرەوە دەتوانێ لە خەفادا کەڵک لەو ئامراز و ڕێگایانە وەرگرێ کە دەتوانن یارمەتی بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاژەڵ توانای ئەمەی نیە. سیاسەتڤان دەبێ هەم لە یەک کاتدا ئاژەڵ بێت و هەم مرۆ. سیاسەتڤان دەبێ توانای تێکەڵاو کردنی خەسڵەتەکانی ئاژەڵە جۆربەجۆرەکانی هەبێ. بۆ وێنە لە ڕێویەوە فرت و فێڵ فێر بێت و لە شێرەوە هێز و هەیبەت. کتێبی شازادەی مەکیاڤیلی کتێبی خۆشەویست و جێ متمانەی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە بوو. بۆ وێنە دوو دەسەڵاتدار کە ناویان Lorenzo و Firenzes بووە.

3- هۆبز لە هەمان ئەزموونی مەکیاڤیلی لە بابەت مرۆڤەکانەوە دەست پێدەکا. مرۆ بە بێ دەسەڵاتێکی بانی سەر وەک ئاژەڵ دەژی. لە دۆخێکی وادا ژیان بریتی دەبێ لە ژیانێکی پڕ لە تەنیایی، هەژاری، ئاژەڵ ئاسا و کورت. لە راستیدا وەها دۆخێک دەبێ بە شەڕی هەموو لە دژی هەمووان. هۆبز ئەم دۆخە ناو دەنێ "دۆخی سروشتی". لە دۆخێکی وەهادا لە درێژخایەندا کەس ناتوانێ براوە بێت. چونکە هەموو لە دۆخێکی نامتمانە دەژین و کەس بڕوای بەوی دیکە نیە.

4- بۆیە بۆ چێکرنی دۆخێکی دڵنیا و متمانە پێکراو، هەموو سەرئەنجام دێنە سەر ئەو رایەی کە پەیمانێک لە ناو خۆیاندا بۆ کۆتایی هێنان بەم دۆخە نالەبارە مۆر بکەن (کۆمەڵگا). لەم پەیمانەدا هەموو مافەکان جگە لە مافی ژیان و ئەستاندنی دەدرێتە دەست کەسێک. ئەم کەسە دەبێ بە خاوەن دەسەڵاتێکی رەها بە سەر ئەوانی دیکەدا. دەسەڵاتدار جاروبار ئەو مافەی هەیە کە هەر کەسێک پێی خۆش بێت بکوژێ، بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەم کەسە دەتوانێ لە هەموو ئامرازەکان بۆ پاراستنی گیانی خۆی کەڵک وەرگرێ.

بە کورتی: لە سەردەمی رێنسانسدا مرۆ بە مەبەستی سەر لە نوێ لە دایک بوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی سەردەمی کۆن. بۆ ئەوەی بە کەڵک وەرگرتن لەم سەرچاوانە دالَدە و یارمەتی بیرە نوێیەکانی خۆی بدا. مرۆ لەم سەردەمەدا هیومانیزم دێنێتە ئاراوە کە بە مانای پێداگرتن و بڕوا هێنان بە بایەخی مرۆڤ و ژیانیەتی. لای مەکیاڤیلی راگرتنی دەسەڵات، بنەڕەتی ترین پرس بوو. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە هەموو ئامرازەکانی بە رەوا دەزانی. هۆبز لەوەدا لە گەڵ مەکیاڤیلی هاوڕا بوو کە "دۆخی سروشتی" بە مانای شەڕی مرۆ لە گەڵ مرۆیە. هەر بۆیە مرۆڤ دەبێ پەیمانێک لە ناو خۆیدا ببەستێ و لەم پەیمانەدا هەموو ماڤەکان بۆ دەسەڵاتدار جێ بێڵێ. لە دۆخێکی وادا ئەوسا مرۆ دەتوانێ دۆخێکی متمانە پێکراو بۆ درێژەدان بە ژیانی دەستەبەر بکا.

کورتەیەک لە مەڕ جیهان بینیی کپلێر، گالیلە و نیۆتۆن کە درێژەدەری جیهان بینیی کۆپرنیکۆس بوون. جیاوازییەکانی نێوان تیۆری تیۆلۆژی و تیۆری میکانیستی.

1- بە کورتی دەتوانین بڵێین کە خاڵی شۆڕشگێرانە لە بیرو بۆچوونی نوێدا بریتی بوو لەو جیهانبینیە نوێیەی کە پێشکەشی دەکرد، واتە گۆڕان لەو جیهانبینیەوە کە دەیگوت زەوی سەنتەری دنیایە بەرەو ئەو جیهانبینیەی کە هەتاوی وەک سەنتەر دەبینی. ئەم گۆڕانە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی هەبوو بە گۆڕان لە فیزیادا، واتە گۆڕان لە جیهان بینیی ئەرەستۆییەوە بەرەو جیهانبینیی میکانیکیستیانە. جیاکردنەوەی ئەم دووانە لە یەک یەکجار گرنگە.

2- پرسیارێکی ئەستێرەناسانە: شوێنی زەوی لە جیهاندا لە کوێیە؟ پرسیارێکی فیزیکی: شتەکان خاوەنی چ خەسڵەتگەلێکی بنەڕەتین؟ ئەرستۆ دەیگوت کە شتەکانی سەر زەوی لە خەسڵەتدا بە شێوەیەکی بنەڕەتیی لە گەڵ شتەکانی ناو ئاسمان جیاوازییان هەیە. بەڵام فیزیکی میکانیستی دەیگوت کە هەر هەموویان لە یەک جۆرن. تۆز لە هەموو جیهان هەر هەمانە، هەر بۆیە یاساکانی ناو سروشتیش لە هەموو شوێنێ وەک یەکن.

3- شۆڕش لە زانستی سروشتناسیدا لە دوو ئاستدا روویدا: ئەلف) لە بواری ئەستێرەناسیدا: لە سەدەی پازدەدا بە هۆی کۆپرنیکۆسەوە گۆڕان لە زەوی - سەنتەری بەرەو خۆر - سەنتەری روویدا. ب) لە بواری فیزیادا کە کپلێر، گالیلە و نیۆتۆن لە سەدەی شازدەدا هێنایانە ئاراوە. ئەمە بە مانای گۆڕان لە جیهان بینیی ئەرەستۆییەوە بەرەو فیزیکی میکانیکی و سروشتناسی بوو. بواری دووهەم گرنگترە، چونکە بەو مانایە بوو کە ئیتر شتە ئاسمانیەکان و جوڵەیان بە گوێرەی تیۆری فیزیای کۆنەوە راڤە نەدەکران.

4- بە گوێرەی فیزیای ئەرەستۆیی، شتە ئاسمانییەکان لە ئیلەمێنتێکی روون چێکرابوون کە لە سەر زەوی پەیدا نەدەبوو. شتە ئاسمانییەکان لە بازنەیەکی تەواودا لە جوڵەدا بوون. ئەم بازنەیە خاوەن فۆڕمێکی خڕ بوو و لە مەزنیی خاوەند بەهرەی هەبوو، کەواتە لە دەرەوەی بازنەی تێگەیشتنی مرۆدا بوو. جا دەبا مرۆ تەنیا پێی سەرسام بایە و وەک سیمبۆلێک لە گەورەیی و مەزنیی خودا سەیری کردبا. ئەمە لە راستیدا بۆچوونی باوی سەدەکانی ناوەڕاست بوو.

5- کۆپرنیکۆس سیستەمی خۆر - سەنتەری تەنیا وەک گریمانەیەکی ماتماتیکی چاو لێدەکرد. دواتر کە بیریارانی دیکە لە سەدەی شازدەدا پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە ئەم گریمانیە راستەو دەربڕی راستەقینەی جیهانی ئێمەیە، لە لایەن پاپی ڤاتیکانەوە رەفز کرایەوە و درایە بەر هێرش. هەر لەم ماوەیەشدا فیزیای نوێ بەرە بەرە گەشەی سەند و پێشکەوتنی پتری بە خۆیەوە بینی.

6- کارلێکەریەکانی کپلێر: ئەلف) تیۆری ئەستیرە ناسی نابێ تەنیا وەک گریمانەیەک سەیری بکرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ ئەو داوایەمان لێی هەبێ کە پێشکەشکەری وێنایەکی راستەقینە لە جیهان بێ. ب) ئەگەر زەوی سەنتەری جیهان نیە، کەواتە سروشت و یاساکانی زەوی لە سروشت و یاساکانی جیهان ناتوانێ جودا بێ. پ) خێرایی جوڵەی هەسارەکان پەیوەندیی بە مەودای وانەوە هەیە بە هەتاو. (کپلێر خاوەن سێ تیۆرە کە یەک لەوان باس لەوە دەکا کە هەسارەکان لە بازنەیەکی هێلکەییدا بە دەوری هەتاودا دەسوڕێنەوە). ت) هەسارەکان خۆیان جوڵێنەری خۆیان نین، بەڵکو لە ژێر سریمەی ئەو هێزانەدان کە بە هۆی دووری و نزیکییانەوە لە شتەکانی دیکە کاریان لە سەر دەکا. **ئاکام:** هەسارەکان وەک دەگوترا کامڵ و بێ عەیب نین. ئەوان لە زەوی دەچن و خاوەن هەمان ئەو تایبەتمەندییانەن کە زەوی هەیەتی.

7- کارلێکەرییەکانی گالیلە: ئەلف) شتەکان چ لە سەر زەویەکی خاوەن جوڵەدا بن یان بێ جوڵە، بە یەک شێوە هەڵس و کەوت دەکەن. ب) بە یارمەتیی تلێسکۆپ سەلماندی کە ڤینۆس دەگۆڕدرێ، جاری وایە گەورە دەنوێنێ و جاری وایشە بچوک. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە هەم زەوی و هەم ڤینۆس بە دەوری هەتاودا دەسوڕێنەوە. پ) شتەکانی ناو ئاسمان کامڵ و بێ عەیب نین: مانگ بەرز و نزمیی هەیە و هەتاویش پەڵەی تێدایە. **ئاکام:** هەسارەکان لە هەمان خەسڵەتگەلی زەوی بەهرەمەندن و زەویش لە هەمان خەسڵەتگەلی وان. بەڵام گالیلە نەیتوانی وەڵامی ئەوە بداتەوە کە بۆچی زەوی دەگەڕێ.

8- بە یارمەتیی "یاسای هێزی راکێشان" نیۆتۆن وەڵامی ئەوەی دایەوە کە بۆچی لە جیهاندا جوڵە هەیە. یاساکانی جوڵەی وی لە یەک کاتدا هەم وەڵامدەری جوڵە لە سەر زەوی بوون و هەم جوڵەی ناو ئاسمان. هێزی راکێشان دەتوانێ بۆمان روون بکاتەوە کە بۆچی مانگ بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە و بۆچی سێو کە لە درەخت بەردەبێتەوە دەکەوێتە سەر زەوی. لە نێوان شتەکان لە راستیدا هێزی راکێشان هەیە. دەتوانین بیری نوێ لێرەدا بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: ئەلف)

شتە فیزیکیەکان لە هەموو جیهاندا لە هەمان تایبەتمەندی بەهرەمەندن. ب) لە بەر ئەوەی سروشت یەک جۆرە، بۆیە یاسا سروشتیەکانیش لە هەموو جیهاندا یەکن. پ) یاسا سروشتیەکان روونکەرەوەی دیاردە سروشتیەکانی جیهانی نازیندوون.

9- مەبەست لە تێگەیشتنی میکانیکیانەی سروشت ئەوەیە کە: سروشت وەک ماشینێک وایە و دەکرێ وەک ماشینێک لێک بدرێتەوە. مەبەست لە ماشێن فنۆمێنێکە کە لە چەند بەش پێک هاتووە و بەشەکانیش لە سەر یەکتر کارتێکەرییان هەیە، بە شیوەیەک کە بەشێک دەتوانێ بەشەکانی دیکە بخاتە جوڵەوە. لە تێگەیشتنێکی هەمەکیدا جیهانی راستی لە تۆز پێک هاتووە و هەر جوڵەیەکیش بە هۆی کارتێکەریی دەرەکییەوەیە.

10- بەو بۆچوونەی کە دەڵێ جیهانی راستی تەنیا لە تۆز (مەتریاڵ) پێک هاتووە، دەگوترێ مەتریالیزم (ئەم مەتریالیزمە جیاوازیی هەیە لە گەڵ مەتریالیزمی مارکس). ئەم بۆچوونە دەرخەری گرنگترین جیاوازیی ئەم روانگەیە لە گەڵ روانگەی ئەرەستۆیی. ئەرەستو پێی وابوو کە شتەکان لە تۆز و فۆڕم پێک هاتوون و ئەوە فۆڕمە کە دیاریکەری جوڵە و گۆڕانە، بەڵام میکانیستەکان دەیانگوت کە شت تەنیا لە تۆز دروست کراوە و خەسڵەتی بنەڕەتیی تۆزیش نەجوڵانە (اینرسی یان treghet)، واتە شت بە هۆی دۆخیەوە لە دژی گۆڕانە، بەڵام کارتێکەرە لە سەر شتەکانی دی و هەر بۆیە دیاریکەری هەموو جۆرە گۆڕان و جوڵەیەکە. بیرمەندێک روانگەی میکانیستیانە بەم شێوەیە فۆرمولە دەکا: **ئەلف)** کارتێکەریی میکانیستیانە: تەواوی ئەو شتانەی کە لە سروشتدا روو دەدەن دەبێ بە هۆی ئەو هێزانەوە شی بکرێنەوە کە بە شێوەی میکانیکیانە کار دەکەنە سەر شتەکان (جا ئەم کارتێکەرییە چ بە هۆی وێک کەوتنەوە بێت، یان لە رێگای دوورەوە). هەر پرۆسەیەک دەبێ بە سەر زنجیرەی هۆکارەکاندا دابەش بکرێ و هەر گۆرانێک بریتیە لە کارتێکەریی نێوان دوو شتی جیاواز (بۆ وێنە کارلێکەریی نێوان زەوی و مانگ، یاخود کاتێک کەللای A کەللای B دەجوڵێنێ). ئەمە هەروەها بوونەوەرە گیانلەبەرەکانیش دەگرێتەوە (ئەرەستو گۆڕان لە ئۆرگانیسمە زیندووەکاندا بە یارمەتیی هۆکاری مەبەستەوە لێک دەداتەوە، واتە بە هۆی سروشتی بوونەوەرەکەوە). **ب)** لە سروشتدا تەنیا خەسڵەتە سەرەتاییەکان بوونیان هەیە. ئەوەی کە تەنیا لە راستیدا تۆز (مەتریاڵ) بوونی هەیە، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە شتەکان دەبێ لە چ تایبەتمەنییەک بەهرەمەند بن بۆ ئەوەی وەک تۆز رەچاو بکرێن؟ ئەو خەسڵەتانە چین کە بە بێ ئەوان شتەکان ناتوانن بوونیان هەبێ؟ وەڵام بریتیە لە خەسڵەتە بنەڕەتی یاخود سەرەتاییەکان، واتە ئەو خەسڵەتانەی کە سروشت هەیەتی، بەدەر لەوەی کە مرۆ هەستیان پێ بکا یان نا. بە دوای ئەمەدا خەسڵەتە پلە دووهەمەکان دێن (وەک بۆن، رەنگ، تام، دەنگ و هەستی ئینسانی) کە لە سروشتدا نین و تەنیا دیاردەگەلێن کە لە هەستی مرۆڤەکاندا روودەدن و بوونیان نیە. سروشت تەنیا خەسڵەتگەلی وەک ئەندازە، فۆرم، جوڵە، ژمارە و شوێنی هەیە. ئەم خەسڵەتانە لە هەمان کاتدا دەتوانرێ ئەندازەیان دیاری بکرێ و بە زمانی ماتماتیک بەیان بکرێن. **پ)** تەنیا گۆڕانێک کە هەیە بریتیە لە گۆڕان لە شوێندا. بۆ وێنە گۆڕان لە رەنگی گەڵای درەختدا دەتوانین بەم شێوەیە لێک بدەینەوە: دەنکە تۆزییەکانی (بۆ وێنە ئێلەمێنتە کیمیاوییەکان) ی گەڵاکە بە شیوەی تر لە گەڵ یەکتردا پەیوەندی دەگرن. ئەم گۆڕانە بریتیە لە گۆڕانی شوێنی دەنکە تۆزییەکان لە بەرامبەر یەکتردا. (رەنگ لە سروشتدا روو نادات، بەڵکو تەنیا دەبێ لە رێگای خەسڵەتە سەرەتاییەکانەوە لێک بدرێتەوە). **ت)** تۆز و جوڵە بە تەواوی بوونی راستەقینەیان هەیە. لای ئەرەستو تۆز ئیمکان و دەرفەتێک بوو کە فۆڕم بوونی پێ دەبەخشی. بەڵام لای میکانیستەکان تۆز تەنیا بوونی راستەقینەیە کە قەت نافەوتێ. تۆز ناگۆڕێ، تەنیا شوێن دەگۆڕێ (بۆچوونەکانی ئەرەستو زۆرتر جیهانی گیانلەبەران دەگرێتەوەو بۆچوونی میکانیستیش جیهانی ناگیانلەبەران). **ج)** جیهانی راستەقینە دەتوانرێ بە زمانی ماتماتیک بەیان بکرێ. ئەمە پەیوەندیی بەو بۆچوونە میکانیستیانەوە هەیە کە دەڵێ لە دنیای راستەقینەدا تەنیا خەسڵەتە سەرەتاییەکان هەن، واتە ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەکرێ بپێورێن و ئەندازە بگیرێن (گالیلە دەڵێ کتێبی سروشت بە زمانی ماتماتیک نووسراوە). چ) تۆز، لە هەموو شوێنێک یەک جۆرە. یاسا سروشتیەکانیش، جیهانین. یاسا بنەڕەتیەکانی جوڵە، بۆ هەموو شتەکان لە هەر کوێیەک و لە هەر فۆڕمێکدا بن یەکە.

بە کورتی: گۆڕان لە ئەستێرە ناسی و فیزیادا دوو لایەنی گرنگی شۆڕشی زانستی لە سەدەکانی پازدە و شازدەدا بوون. بە بۆنەوە هەم وێنای مرۆ لە جیهان گۆڕانی بەسەردا هات و هەم خەسڵەتی فیزیکیی شتەکان. کۆپرنیکوس گریمانەی خۆر ـ سەنتەری هێنایە ئاراوە. کپلێر سەلماندی کە زەوی هەسارەیە. گالیلە وتی زەوی هەسارەیەکە وەک هەسارەکانی دی بە هەمان خەسڵەتەوە. نیۆتۆنیش لە ڕێگای تیۆری هێزی ڕاکێشانەوە، جوڵەی ناو جیهانی شی کردەوە.

جودایی نێوان تیۆلۆژی و جیهان بینیی میکانیستیانە، سەرەتای جیاوازیی نێوان ئەو دوو بۆچوونە بوو کە یەکیان جیهانی وەک ئۆرگانیسمێک دەبینی و ئەوی دیکە وەک ماشین.

تۆز تەنیا ڕاستیەکە کە هەیە. چوار هۆکارەکەی ئەرەستو کەم کرایەوە بۆ دوو هۆکار: هۆکاری کارتێکەر و هۆکاری تۆزی. هەڵبەت ئەمەی دووهەم چیدی وەک هۆکار سەیری ناکرێ و تەنیا بنەمایەکە بۆ ئەو شتانەی کە ڕوو دەدەن. ڕوانگەی میکانیستی لە ناو سروشتدا تەنیا باوەڕی بە خەسڵەتە سەرەتاییەکان هەیە.

بۆچوونی دێکارت لە بابەت میتۆد. چۆنیەتی گەیشتنی وی بە ڕستەی "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم". بەڵگەی سەلماندنی خودا، تیۆری دوو سوبستانس و چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ڕۆح و جەستە. ڕوانینی وی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەست و بیر.

1) دیکارت لە میتۆدی ماتماتیکی بۆ حەللی پرسە فەلسەفیەکان کەڵکی وەردەگرت. میتۆدی ماتماتیکی (بۆ وێنە ئەندازیاری) لە شتە هەرە سادەکانەوە دەست پێدەکا و دواتر لە ڕێگای سێنتێزەوە ڕاستیە ئاڵۆز و دژوارەکان بنیاد دەنێ. فیلسووفەکانیش بە پرسێکەوە دەست پێدەکەن، واتە پرسێک کە ئاڵۆزە و مرۆ سەرەتا دەسەڵاتی بە سەردا ناشکێ. جا لێرەدا لە ڕێگای ئانالیزە کردنی پرسەکەوە فیلسوف دەتوانێ بە ڕاستیە ڕوونەکان یاخود شتە سادەکان بگات (فیلسوف دیاردە ئاڵۆزەکە بە سەر چەند بەشی سادە و ڕووندا دابەش دەکا). لێرەدا دەبینین کە میتۆدی ماتماتیک و فەلسەفە ئاراستەکەیان جیاوازە. واتە ماتماتیک لە سادەوە بەرەو ئاڵۆزەو، فەلسەفەش لە ئاڵۆزەوە بەرەو سادە.

2) دیکارت بەم شێوەیە میتۆدگەلی ماتماتیک و فەلسەفە پێکەوە گرێ دەدات: مرۆ لە A وە دەست پێدەکا کە پرسێکی ئاوێتە و ناڕیزبەندە. لێرەدا فیلسووف هەوڵ دەدا لە ڕێگای ئانالیزەوە بگاتە B کە دیاردە و ڕاستیەکی ڕوون و سادەیە. واتە لێرەدا فیلسوف دیاردە ئاڵۆزەکەی بە سەر هەندێ بەشی سادە و ڕووندا دابەش کردووە. دواتر لە ڕێگای سێنتێزەوە ئەم بەشە ورد و ڕوونانە پێکەوە گرێ دەدا و دەگا بە C کە ئاوێتەیەکە لێیان. بەڵام ئێستا ئیتر ئەم ئاوێتەیە ڕاستیەکی ئاڵۆز نیە و مرۆ دەتوانێ ڕیزبەندی بکا و توانای بە سەریدا بشکێ. ئەم میتۆدە لە چوار یاسا پێک هاتووە: ئەلف) کاتێک ڕووبەڕووی دیاردەیەک دەبیتەوە، لەو بەشەیەوە دەست پێبکە کە ڕوون و سادەیە، ئاڵۆز نیە و بە هیچ جۆرێک ناکرێ گومانی لە سەر بکرێ (لێرەدا مەبەست قۆناغی B یە کە پێشتر ئاماژەی پێکرا. ب) تا دەتوانی پرسەکە بە سەر بەشی وردتردا دابەش بکە، هەتا ئەو جێگایەی دەست دەدا (ئانالیزە کردن لە A وە بۆ B). پ) دواتر لە سادەوە بەرەو ئاوێتە دەست بدەوە بە سازدانیان (سێنتێزە لە B وە بۆ C). ت) بەراوەردێکی کامڵ ئەنجام بدە (ئەمە هەڵبەت هەموو ڕەوتەکە دەگرێتەوە).

3) ئەم میتۆدە لە دوو بواردا کەڵکی لێ وەردەگیرێ: ئەلف) لە بواری کێشەی هەستدا، واتە ئەو نادڵنیاییەی کە سەبارەت بە هەست هەمانە وەک سەرچاوەی ناسین، بەو مانایە کە داخۆ مرۆ دەتوانێ پێ لە سەر هەندێک لایەنی هەست دابگرێ و دڵنیا بێت لەوەی کە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی ناسینە. ب) لە بواری ئانالیزەدا، ئانالیزە بە گوێرەی "گومانی میتۆدیک"

دەچێتە پێش کە بەرە بەرە هەموو ئەو ناسینانە فڕێ دەدا کە جێگای گومانن. هەڵبەت گومان بەو مانایە نیە کە ئیدی هیچ شتێک جێگای متمانە و باوەر نیە. گومان فۆڕمێکی بیرکردنەوەیە و بیرکردنەوە پێویستیی بە بوونێکی بیرمەند هەیە. جا ئەمە دەتوانێ بە رستەی "کۆگیتۆ" مان Cogito بگەیەنێ کە دەڵێ: "من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم!". راستیەکەی ئەوەیە کە من وەک بوونێکی بیرمەند هەم، واتە لێرەدا بە قۆناغی B گەیشتووین، ئەو قۆناغەی کە سادەیە و دەربڕی حەقیقەتی روونە.

4) دیکارت پێی وا نیە کە تەنیا کۆگیتۆ راستیەکی روون و ئاشکرایە. بەڵکو شتی دیکەش هەن. بۆ وێنە: ئەلف) وێنای هۆکار: ئەم وێنایە ئەوەمان پێ دەڵێ کە بە بێ هۆکار هیچ کارتێکردنێک ناتوانێ لە ئارادا بێت. کارتێکەری سەرچاوەکانی خۆی لە هۆکاردا دەبینێتەوە. ب) وێنای خودا: سەرەڕای ئەوەی کە مرۆ دەتوانێ بوونی خودا رەد بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە وێنای بوونێکی کامڵ و بێ عەیب لە بیر و زەینی مرۆدا هەیە. وێنای خودا دەبێ ریشەی لە هۆکارێکدا هەبێ، جا ئەم هۆکارەش ناتوانێ من بێت ئەگەر من بوونێکی کامڵ بم (واتە بوونی کامڵ ناتوانێ بیر لە بوونی کامڵ بکاتەوە. وەرگێڕ). هۆکار دەتوانێ خودا خۆی بێت وەک بوونێکی کامڵ. بۆیە دیکارت لە B وە بەرەو C دەچێ واتە ئەو قۆناغەی کە ئاوێتەی منی بیرمەند و خودا ئیدی راستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

5) گەر خودا بوونێکی کامڵە، ئیدی تەنیا دەتوانێ بەخشێنەری وێنا روون و ئاشکراکان بێت. بەڵام هەر لەو کاتەدا وێنایەکی روون و سادە و ئاشکرای دیکەش لە زەینی مرۆڤدایە ئەویش ئەوەیە کە مەتریاڵ بوونی هەیە، واتە ئەو شتانەی کە بە دەوری منەوەن و خاوەن بارستایی، پانتایی و درێژین. هەر وەها منیش بۆ خۆم خاوەن مەتریاڵێکی لەم چەشنەم. کەواتە گومان لەوەدا نیە کە لە پاڵ بوونی بیرمەند، جەستە، واتە شتیش هەیە.

6) مرۆ یەکەیەکە پێکهاتوو لە جەستەو بیر (رۆح). ئەمە وێنایەکە لای مرۆ. بەڵام چونکە مرۆ لەوە دڵنیایە کە وەک بوونێکی بیرمەند جودا لە جەستە بوونی هەیە، دیکارت بەو ئاکامە دەگا کە مرۆ وەک رۆح بە تەواوی جودا لە جەستە بوونی هەیە.

7) رۆح هەڵگری ئەو وێنایانەیە کە لە رێگای جەستەوە (هەستەکان) پێی دەگا، بەڵام ئەم وێنا هەستیەکان لە چاو وێنا عەقڵیەکان کە راستەوخۆ لە رێگای عەقڵەوە پێی دەگا، ناڕوونن. کەواتە وێنا هەستیەکان ناتوانن وەک وێنا عەقڵییەکان بەخشێنەری ناسینێکی روون و جێگای رەزامەندی بن.

رەخنەی هیوم لە ئایدیا و لە پرسی هۆکار. چۆنیەتی روانینی وی بۆ پەیوەندی نێوان هەست و بیر

1) بە بۆچوونی هیوم زەینی مرۆڤ سەرەتا وەک تەختەرەشەیەکە کە هیچی لە سەر نەنووسرابێت. هەموو ئەو ئایدیا و بیرانەی کە دواتر ئەم تەختە رەشە داگیر دەکەن لە هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرن. بە واتایەکی دی هەست سەرچاوەی مەتریالی بیر و ئەندێشەکانی مرۆڤە.

2) وێنا و بیری مرۆ کۆپیی کارتێکەرییەکانی جیهانی دەرەوەیە لە سەر هەست. هەربۆیە ئایدیاکان ناتوانن بە قەدەر خۆدی ئەم سریمە و کارتێکەریانە زیندوو و بە هێز بن. کارتێکەرییەکان، ئەزموونن (بۆ وێنە وەک ژان و ئازار) وێناکانیش یان لە فۆڕمی یادەوەریدا خۆیان دەنوێنن یان لە فۆڕمی فانتازیدا (بۆ وێنە وەک ئەزموونی ژان). لە پاڵ سریمەی رووتی هەستدا (ئەوەی کە شتێک کار دەکاتە سەر هەست) سریمەی کاردانەوەی مرۆ هەیە (بۆ وێنە وەک خۆشحاڵی و هومێد) هەروەها ئەو وێنایانەی کە لە سریمەکانی سەر هەست دەچن.

3) بە بێ سریمەی سەر هەست ئایدیا، بیر یا خود وێناش ناتوانن لە مرۆدا پێک بێن. هەر لەو کاتەدا مرۆ دەتوانێ وێنا سادەکان (کە بە هۆی سریمەوە پێک هاتوون) بخاتە پاڵ یەک وێنایەکی ئاوێتەیان لێ ساز بکات. بە جۆرێک کە ئیدی

هاوتراز نین لە گەڵ سریمەکان (بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە دەستەواژەی "کێوی ئاڵتون" بکەین کە "کێو" و "ئاڵتون" سریمەی جیهانی دەرەوەن لە سەر ئێمە، بەڵام "کێوی ئاڵتون" کە بەرهەمی لێکدانی "کێو" و "ئاڵتون" ە، داهێنراوی مرۆڤە و لە راستدا دەربڕی سریمەی راستەوخۆی جیهانی دەرەوە لە سەر ئێمە نیە).

4) توانای مرۆ لە بابەت لێکدانی وێناکان و ئەوەی کە ئەم وێنائاوێتانە راستەقینە نین، هیوم بەرەو ئەوە پاڵ پێوە دەنێ کە کۆمەڵێک رەخنە ئاراستەی ئەم دیاردەیە بکا. بە رای وی زۆربەی ئایدیا، بیر و وێنا ناڕوونەکان وێناگەلی لێک گرێدراون (واتە مرۆ بۆ خۆی سازیان دەکا۔ وەرگێر). کەواتە بۆ بەدیارخستنیان دەتوانین لە رەوشی ئانالیزە کەڵک وەربگرین و ئەم ئایدیا لێک گرێدراوانە بە سەر بەشە سادەکاندا دابەش بکەین. ئەوسا سەبارەت بە هەر بەشێک ئەم پرسیارە ئاراستە بکەین: "ئەم وێنایە لە چ سریمەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە؟". ئەم شێوەیە لە سەر ئەوە بڕیار نادا کە کام وێنا راستە، بەڵکو ناوەڕۆکی روونی وێناکەمان پیشان دەدا.

5) گرنگترین وێنا کە هیوم لێی دەکۆڵێتەوە "وێنای هۆکارە".ئەوەی کە A و B لە پەیوەندێکی هۆکارگرانەدان بە جۆرێک کە A کاتێک وەبەر B دەکەوێ دەبێتە هۆی جوڵەی B. هیوم بەم شێوەیە وێنای هۆکار شی دەکاتەوە: ئەلف) A و B لە شوێن و کاتدا وەبەر یەک دەکەون. ب) A پێش B دەکەوێ. پ) پەیوەندیی پێویست لە نێوان A و B دا هەیە، بە جۆرێک کاتێک A هەیە، بە ناچار و بە گوێرەی پێویست B ش هەیە، یاخود دێتە رووودان.

6) لە ئانالیزەدا هەر بەشێک دەگەڕێندرێتەوە بۆ سەرچاوە هەستیەکەی، واتە ئەو سریمەیەی کە لە سەر هەست بوویەتی. گەر سەیری قۆناغەکانی ئەلف و بێ لە بەشی پێنجدا بکەین، دەبینین کە ئەمە دەتوانێ کردەیەکی سەرکەوتوو بێت. بەڵام سەبارەت بە بەشی پ وەها نیە، چونکە پەیوەندی نێوان A و B پەیوەندێک نیە کە سەرچاوەی لە هەستدا بێت. ئێمە A و B هەست پێدەکەین، بەڵام پەیوەندی نێوان ئەم دووانە هەست پێ ناکەین.

7) هیوم لێرەدا ئەم دیاردیە بە دەستەواژەی "سریمە ۔ کاردانەوە" شیدەکاتەوە. مرۆ گەلێک جار دەبینێ کە A و B وەبەریەک دەکەون و دوای ئەوەی کە A دەجوڵێ و وەبەر B دەکەوێ، B ش دەکەوێتە جوڵە. دووپات بوونەوەی ئەم حاڵەتە چاوەڕوانیەک لە ئێمەدا دروست دەکا (ئەوەی کە A دواتر B دەخاتە جوڵە) . جا ئەم چاوڕروانیە بنەمای وێنای پەیوەندی پێویستی نێوان A و B یە. ئەم چاوەڕوانیە مەیلێکی زاتیە لە مرۆدا بۆ چێکرنی عادەت.

8) وێنای "زەروورەت و پێویستی" ئیلەمێنتی بنەڕەتی لە وێنای هۆکاردایە. مرۆ ئەمە چێ دەکا و بە سروشتی زیاد دەکا. بە واتایەکی دی ناتوانین بڵێین کە پەیوەندییە زەروورییەکان لە ناو سروشتدا هەن. "وێنای هۆکار" تەنیا لە زەینی مرۆدایە و خاوەن مانایەکی پراکتیکی گرنگە لە ژیانی رۆژانەدا.

بە کورتی: هەر چەشنە بیر و وێنایەک رەگی لە سریمەدا هەیە، جا ئەو سریمەیە لە رێگای هەستەکانەوە بێت یان لە رێگای کاردانەوەوە. ئەو وێنایانەی کە رەگیان لە سریمەدا نیە، ناروونن و هەر بۆیە شیاوی فڕێ دانن. "وێنای هۆکار" ئەگەر چی رەگی لە چاوەڕوانی مرۆدا هەیە و سریمەیەکی دەروونیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بێ کەڵکە و جێی بڕوا نیە. "وێنا هۆکار" رەگی لە سروشتی مرۆدا هەیە.

چۆنیەتی لێکدانەوەی مۆڕال لای هیوم

1) هیوم دوو پرسی سەرەکی لە فەلسەفەی مۆڕاڵدا لێک جیا دەکاتەوە: ئەلف) موتیف یاخود هاندەری ئاکار ب) سەرچاوەی لێکدانەوەی ئاکار. مەبەستی هیوم لە بەشی ب دیاریکردنی پێودانگی هەڵسەنگاندنی کردەی ئەخلاقە. لێرەدا مەبەست دەرخستنی بنەڕەتی لێکدانەوەی کردە ئەخلاقیەکانە.
2) لە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمدا هیوم دەڵێ کە بیر (عەقڵ) سەرچاوەی ئاکار نیە. هەروەها بیر ناتوانێ لە ئەنجامدانی کردەیەک مرۆ پەشیمان بکاتەوە. لە راستیدا هەست، خواست و جوڵە رۆحیەکانی وەک ترس و برسیەتی و حەز و... سەرچاوەی ئاکارن. هەروەها هەڵخرێنەرێکی هەستی تەنیا دەتوانێ بە هۆی هەڵخرێنەرێکی هەستیی دیکەوە بەتاڵ بکرێتەوە (بۆ وێنە ترس لە سزا وەرگرتن).
3) هەڵبەت بیر دەتوانی دەوری لە ئاکاردا هەبێ، بەڵام نەک لە دیاری کردنی ئامانجی ئاکاردا، بەڵکو لە دۆزینەوەی رێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج (بۆ وێنە من سەرمامە و دەبێ خۆم گەرم بکەمەوە. لێرەدا بیر یارمەتی دەدا بەوەی کە چلۆن من دەتوانم خۆم گەرم بکەمەوە). بیر تەنیا کۆیلەی هەستەکانە و بۆیە دەبێ خزمەتکار و گوێرایەڵیان بێت.
4) لە وەڵامی پرسیاری دووهەمدا هیوم پێی وایە کە لەم بەشەدا عەقڵ رۆڵێکی لە جاران زۆرتر دەگێڕێ و بە رواڵەت وادەردەکەوێ کە لە گەڵ هەستەکان کارتێکەری هەیە. بەڵام هەر لەو کاتەدا حوکمە مۆڕالیەکانی ئێمە پەیوەستن بە هەستێکی دەروونیەوە. بیر تەنیا دەتوانێ ئێمە لە بابەت ئەو حەقیقەتەوە کە پەیوەستە بە ئاکارێکەوە، وشیار بکاتەوە (بۆ وێنە حەقیقەتی کوشتن). دیاریکەری حوکمە ئەخلاقیەکان لە کاردانەوەی هەستیانەی مرۆدان، نەک لە واقعە رووتەکاندا. بێزاری مرۆ لە قەتڵ لە دەروونی مرۆدایە نەک لە واقعی کوشتنەکەدا. ئەم کاردانەوەیە لە هەستەوەیە نەک لە بیرەوە. بنەڕەت و ئەساسی هەستی ئەخلاقیانەی مرۆ لە مەیلێکی سروشتیدایە کە لە مرۆڤدا هەیە، واتە لە کاردانەوەی لە بەرامبەر سریمەدا.

5) بێزاری یاخود حەزی مرۆ بەرامبەر بە ئاکارێک، هەستێکی لە خۆڕا و کتوپڕی نیە، بەڵکو رەگی لە حەز و خۆشیدا هەیە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان تێگەیشتنێکی هاوبەشیان لە ئاکار هەبێ. هەستێکی دەروونی لە مرۆڤەکاندا هەیە کە لە نێوانیاندا هاوبەشە و ئەمە پێوەرێکی نەگۆڕ و گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی کردە و ئاکارە ئەخلاقییەکان بە مرۆ دەبەخشێ.
6) ئەم هەستە ئەخلاقیە هاوبەشە، کاتێک لاواز دەبێ کە حەزە تاکەکەسیەکان بە تەواوی بە سەر هەستەکاندا زاڵ بن. بۆ ئەوەی مرۆ شیاوی دانی حوکمی ئەخلاقی بێت، دەبێ لەم حاڵەتە دوور کەوێتەوە (دادوەری بێ لایەن).

بە کورتی:
سەبارەت بەم دوو پرسیارە کە ئەلف) هۆکاری ئاکار چیە و ب) بنەڕەتی هەڵسەنگاندنە ئەخلاقیەکان کامانەن، هیوم وەڵام دەداتەوە کە هۆکار و بنەرەتەکان لە هەستدان نەک لەو زانیاریەکانمان سەبارەت بە کردە ئەخلاقیەکان. دادوەرێکی ئەخلاقیی باش بێ لایەنە، واتە کاتێک حوکمی ئەخلاقی دەدا، بە گوێرەی ئەو هەستە ئەخلاقیانە دەری دەکا کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هاوبەشە.

مەبەستی کانت لە ئاپریۆری a priori، روانگەی وی سەبارەت بە فۆڕمە ئاپریۆریەکان و رۆڵی ئەم فۆڕمانە لە زانیاریدا. کانت لە نێوان ئەزموونگەراکان و عەقڵگەراکاندا.

1) کانت لە گەڵ ئەزموونگەراکان هاوڕایە کە ناسینی مرۆڤ لە بابەت دنیای دەرهەست، لە هەستەکانەوە دەست پێدەکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا شتێک بەم بۆچوونەش زیاد دەکا کە ئێمە وەبیری عەقڵگەراکان دەخاتەوە. ئەویش ئەوەیە کە ناسینی

مه لە بابەت دنیای دەرهەست لە گشتیەتی خۆیدا تەنیا لە ئەزموونەوە بە دەست نایەت. مرۆ لە ریگای هەستەکانەوە دنیای مەتریال ئەزمون دەکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا بە هۆی ئەو پێکهاتە هوشیاریەی کە لە مرۆدا هەیە، ئەو ئەزموونانە لە فۆرمگەلی دیاریکراودا دەرک پێدەکا. کەواتە ناسینی دنیای دەرهەست پێکهاتەیەکە کە لە دوو بەش یاخود فاکتۆر پێک هاتووە: یەکەم ئەو شتانەی کە مرۆ لە رێگای هەستەکانەوە وەریاندەگرێ، واتە ئەو شتانەی لە رێی ئەزموونەوە (ئاپۆستریۆری) پێیان دەگا. دووهەم ئەو توانا ناسینیەی کە لە مرۆدا هەیە و بەهۆیەوە مرۆ دەتوانێ بەشداری لە پرۆسەی ناسیندا بکا. کە ئەمەش وەک وترا ئەزموونی نیە، بەڵکو توانایەکە کە لە مرۆدا هەیە و پێش ئەزموون دەکەوێ (ئاپریۆری). ئاپریۆری، بە دنیای دەرهەست کۆمەڵێک تایبەتمەنی دەبەخشێ کە بنەڕەتین.

2) ئەو کارەی کە بەشی وشیاریی مرۆ لە گەڵ ئەزموونە هەستیەکان دەیکا، لە چەند قۆناغی یەک بە دوای یەکدا خۆیان نیشان دەدەن، کە بەم شێوەن: ئەلف) جیهان کە سەربەخۆیە لە مرۆ (وەک بوونێک لە خۆیدا) لە سەر هەستەکان کارتێکەری هەیە، بە شێوەیەک کە ئەم کارتێکەریانە سەرەتا کۆمەڵێک ئەزموونی هەستین کە ناڕێک و پێکن و هێشتا مرۆ نەیتوانیووە کاریان لە سەر بکا. ب) کارتێکەریە هەستیەکان بە هۆی ئەو فۆڕمانەی کە لە وشیاریی مرۆڤدا هەن (وەک کات و شوێن) ریک و پێک دەکرێن و لە کات و شوێندا بە هۆی وشیاریی مرۆڤەوە رێک دەخرێن. کات و شوێن دوو دیاردەی ئاپریورین کە لە وشیاریی مرۆفدا هەن و جۆری هەست پێکردنی جیهانی دەرهەست دیاری دەکەن.
هەروەها وشیاری دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەزموونە هەستیەکان بە شێوەی دیاریکراو پێکەوە گرێ بدرێن بۆ ئەوەی مرۆ بتوانێ دەرکیان بکا. ت) ئەم فۆڕمانە لە توانای بیرکردنەوەی مرۆفدان و ئاپریورین (واتە لە ئەزموونەوە نایەن و پێش ئەزموون دەکەون). گرنگترین داوا لێرەدا ئەوەیە کە ئەزموونە هەستیەکان دەبێ لە پەیوەندییەکی هۆکارانەدا لە گەڵ یەکتر بن (kausalitet).

3) کەواتە دەبێ چەند شت لە یەک جودا بکەینەوە: لە لایەک ئەزموونە هەستیەکان و لە لایەکی دیکەوە ئەو شێوە ئاپریۆریانەی کە لە شێوەی روانین و تێگەیشتنی ئێمەدا هەن (واتە کات و شوێن کە فۆڕمن و تێیاندا روانین و تێگەیشتن و هۆکار بەرجەستە دەکرێن). شێوە ئاپریۆریەکان لە مرۆدا هەن و پێش ئەزموون دەکەون و مرۆ توانای سڕینەوەیانی نیە. توانای ئاپریۆریانە لە روانیندا، ئەو دەرفەتە بە مرۆ دەدەن کە ئەزموونە هەستیەکان بخاتە نێو چوارچێوەی کات و شوێنەوە و لە تێگەیشتنیشدا ئەو دەرفەتە دەدەن کە مرۆ دیاردە هەستیەکانی جێگرتوو لە کات و شوێندا پێکەوە گرێ بدا (بۆ وێنە بیانخاتە ناو پەیوەندییەکی هۆ و هۆوەرگردا).

4) کەواتە ئەو تایبەتمەندییە گرینگانەی کە لە کاتی دەرکی جیهانی دەرهەست لە پرۆسەی ناسیندا خۆیان نیشان دەدەن، نە بەرهەمی جیهانی دەرەوە، بەڵکو بەرهەمی فۆڕمەکانی روانین (کات و شوێن) و فۆڕمەکانی تێگەیشتنن (هۆ و هۆدار) کە لە خودی مرۆڤدا هەن (ئاپریۆرین). کانت لێرەدا دەتوانێ بڵێ کە ئیدی جیهان بە گوێرەی فۆڕمەکانی ناو وشیاری مرۆڤ رێک و پێکی وەردەگرن. هەربۆیە مرۆ بدەری یاسا سروشتیەکانە. بیری مرۆ سەرچاوەی زۆربەی ئەو خەسڵەتە بنەڕەتیانەن کە وەپاڵ سروشت دەدرێن (شۆرشی کۆپێرنیکوسیانەی کانت: بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنەی کانت، مەتڕیال لە ریگای ناسینەوە فۆڕمی رێک و پێک وەردەگرێ، نەک ئەوەی کە ناسین لە ریگای مەتریاڵەوە فۆڕمی رێک و پێک وەربگرێ). جیهان ئیتر لەم کاتەدا لە خۆیدا نیە و بەڵکو وەک دیاردەیەکە کە خۆی نیشانی ئێمە دەدا (فینومێن). جیهان لێرەدا بە گوێرەی فۆڕمەکانی ناو وشیاری مرۆڤ رێک دەخرێ.

5) بنەمای شۆرشی کۆپێرنیکۆسیانەی کانت لە هەندێک فۆڕمی ئاپریۆریانە و سێنتەزیانەدا خۆی دەبینێتەوە. بەو مانایە کە ئەم فۆڕمانە پێویستن و بە گشتی دەربارەی جیهانی دەرهەستن و هەندێک زانیاری راستەقینەمان لە بابەت دنیای دەرهەستەوە پێشکەش دەکەن.
ئەم فۆڕمانە زانیاری مرۆ سەبارەت بە دنیای دەرهەست بەربڵاوتر دەکەن، بەڵام پێویستیان بەوە نیە کە لە رێگای ئەزموونەوە تەئید بکرێن. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە راستیی وان لە ئەزموونەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو لە وشیاریی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم فۆڕمانە پەیوەندییان بە شێوەی جیهانی دەرهەستەوە هەیە. زۆربەی فۆڕمەکانی وەک شوێن، کات و هۆ و هۆوەرگر فۆڕمی ناسینن و سێنتەزی و ئاپریۆرین. پێش ئەوەی کە مرۆ جیهانی دەرهەست ئەزموون بکا، لە رێگای ئەم فۆرمانەوە دیاری دەکا کە جیهانی دەرهەست دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیی گەلێک بێت.

6) لێرەدا چەند نموونەیەک لە فۆڕمی روانین و فۆڕمی تێگەیشتن دەهێنینەوە: "تەنیا یەک شوێن هەیە"، "رابردوو ناگەڕێتەوە"، هەر رووداوێک هۆکارێکی هەیە". دوو نمونەی یەکەم پیشاندەری فۆڕمەکانی روانینن (واتە فۆڕمەکانی کات و شوێن). رستەی سێهەمیش نموونەی فۆڕمی تێگەیشتنە (واتە هۆ و هۆوەرگر). فۆڕمەکانی روانین پێکهێنەری بنەمای ماتماتیکن، فۆڕمی تێگەیشتنیش پێکهێنەری زانستی سروشتناسی. بە بۆچوونی کانت رستە ماتماتیکی و فیزیکیەکان سێنتەزی و ئاپریۆرانەن.

7) به بڕوای کانت مرۆ ناتوانێ جیهان وەک بوونێکی سەربەخۆ لە خۆی، وەک بوونێک لە خۆیدا بناسێ. مرۆڤ تەنیا دەتوانێ تەنیا کاتێک سەبارەت بە جیهان ببێ بە خاوەنی زانیاری و زانست کە جیهان وەک دیاردەیەک لە سەر هەستەکانی ئێمە کارتێکەری هەبێ و بەم شێوەیە لەم ڕێگای هەستەکانمانەوە جیهان وەک دیاردەیەک بناسین. واتە مرۆ ناتوانێ جیهان وەک خۆی بناسێ، بەڵکو تەنیا دەتوانێ تا ئەو جێگایە بیناسێ کە وەک دیاردیەک خۆی نیشانی مرۆ دەدا. هەروەها ناتوانین بڵێین کە شتەکان وەک "شت لە خۆیاندا" لە دەرەوەی ئێمە بوونیان هەیە، چونکە شوێن فۆرمێکی دیتنە لە مرۆڤدا. "شت لە خۆیدا" بە دوورە لە سنووری ناسینی مرۆ.
لە کۆتاییدا بە گشتی دەتوانین بڵێین کە کانت لە نێوان ئەزموونگەراکان و عەقڵگەراکاندا ڕاوەستاوە.

ڕوانگەی کانت سەبارەت بە موڕاڵ. پەیوەندی نێوان یاسای موڕاڵ (ئەمری ئیجبار) 1و بایەخ و ئازادی مرۆڤ

1- لە کاتی ناسینی ڕاستیەکاندا عەقڵی مرۆ وەک یاسا دانەرێک خۆی دەردەخا. جا هەر بە هەمان شێوە عەقڵی پڕاکتیکیانەی مرۆ لە بواری موڕاڵیشدا خۆی دەردەخا. واتە وەک یاسادانەرێکی بواری ئاکار و کردە. کاتەگۆریەکانی عەقڵی تیۆریستانەی مرۆ ئاپریۆرین (پێش ئەزموون دەکەون) و فۆرمەکانی ئەزموون دیاری دەکەن. هەر بە هەمان شێوە یاسا موڕاڵیەکانیش ئاپریۆرین فۆرمی ئاکار لە ڕێگای " ئەمری ئیجبار"وە دیاری دەکەن. مرۆ بوونەوەرێکی سەربەستە لەوەی کە گوێڕایەڵی یاسایەکی موڕاڵی بێت یان نەبێت. ئاپریۆری بوونی یاسا موڕاڵیەکانیش خۆ بە خۆ بە مانای ڕەچاو کردنیان لە لایەن مرۆڤەکانەوە نیە. هەر بۆیە یاسا موڕاڵیەکان خۆیان بە شێوەی ئەمر نیشان دەدەن و وەک ئەرکێک خۆیان دەنوێنن.

2- لێرەدا دوو پرسیار دهێتە گۆڕێ: ئەلف) چلۆن عەقڵی پڕاکتیکی لە ڕێگای یاسای موڕاڵییەوە کردار و ئاکار دیاری دەکا؟ ب) یاسای موڕاڵی چ دەڵێ؟ چۆن مرۆ دەتوانێ لەوە دڵنیا بێت کە ئەوەی ئاراستەی کراوە، خاوەن یاسای موڕاڵیە؟

3- سەرەتا کانت بە بێ خۆ نزیک کردنەوە لە یاسای موڕاڵ بڕیارێکی لەم چەشنە دەردەکا: ئەلف) جوڵێنەرەکانی کردە لە دوو شتدان، لە جیهانی دەرەوەو لە پێویستیە دەروونیەکاندا (وەک حەز و خولیاکان). ب) مەیل دوای هەڵسەنگاندن هەڵدەبژێرێ. کە ئەمە دەبێتە هۆی پ) ئەوەی کە مرۆ کردەیەک ڕەچاو کا و بەم کردەیە بەرەو گەیشتن بە مەبەست هەنگاو هەڵبگرێت. جا یاسای موڕاڵ دەتوانێ ڕاستەوخۆ ئەم پرۆسەیە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. واتە بە شێوەیەک کە "مەیل" ئیدی تەنیا لە ژێر کاریگەریی یاسای موڕاڵیدا بێت نەک لە ژێر بزوێنەرە ئەزموونیەکاندا.

4- لە ترمینۆلۆژی کانت دا تەنیا زەمانێک کردە دەتوانێ پڕاوپڕ ئەخلاقی بێت کە مەیل لە ژێر کاریگەری یاسای موڕاڵیدا بڕیاری دابێت. بۆ نموونە گەر من مەبەستم لە یارمەتیدانی خەڵک ئەوە بێت کە ئەوان شادمان بکەم ئەوا کردەکەم ئەخلاقیە، بەڵام ئەگەر لە پێناوی حەز و مەیلەکانی خۆمدا ئەو کارەم کردبێت ئەوا کردەکەم شایانی مەدح نیە. یاسای موڕاڵ، دەبێ تەنیا بزوێنەر و موتیڤی ئەخلاق بێت. تەنیا، ئەو کردە ئەخلاقیە، کە بە هۆی ئەرکەوە بەڕێوە بچێت. هەربۆیە یاسای ئەخلاقی مەجبوورکەرانەیە و بەم شێوەیە فۆرموڵ بەندی دەکرێت: "تۆ دەبێ...".

5- بەڵام ئیجبار بوونی یاسای موڕاڵ بە مانای ئەوە نیە کە مرۆ هەست بە یەخسیری و نائازاد بوونی خۆی بکات. چونکە یاسای موڕاڵ لە دەروونی مرۆڤدایە و بەشێکە لە عەقڵی مرۆڤ، نەک دیاردەیەک لە دەرەوەی مرۆڤ. تێگەیشتن لەوەی کە یاسای مۆڕاڵ لە مرۆڤدایە دەبێتە هۆی سەرسوڕمان و ڕێزی مرۆ لە یاسای موڕاڵ. ڕێزی مرۆ بۆ یاسای موڕاڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیدی مرۆ ڕەچاوی بکا. ئەرک بریتیە لە : "پێویستیی کردە بە هۆی ڕێز بۆ یاسا".

6- یاسای موڕاڵ لە بابەت چ شتێکەوەیە؟ لە گەڵ ئەوەی کە یاسای موڕاڵ فۆڕمی کردە دیاری دەکا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بۆ هەر کردەیەکی ڕۆژانە پێشنیاری تایبەتی هەبێ. یاسای ئەخلاقی تەنیا دەتوانێ کۆمەڵێک فورمولی گشتی دەست

نیشان بکا. ئەو رستانەی کە یاسای مۆڕاڵیان تێدا فۆرموڵە دەکرێ بە "تۆ دەبێ..." دەست پێدەکەن و وەک وترا پێیان دەگوترێ "ئەمری ئیجبار". بۆ وێنە یەک لەوان دەڵێ: "تۆ دەبێ کردەت وەها بێت کە یاسای بڕبڕەی کردەکەت بتوانێ ببێ بە یاسایەکی گشتی". دۆزینەوەی یاسای موڕاڵ زۆر دژوار نیە، بەس مرۆ تەنیا دەتوانێ لە کاتی رەچاو کردنی کردەیەکدا لە خۆی بپرسێ کە داخۆ یاسای بربڕەی ئەم کردەیە دەتوانێ ببێ بە یاسایەکی گشتی وەها کە هەمووان بتوانن قبوڵی بکەن و رەچاوی بکەن!

7ـ ئەمرە ئیجباریەکانی دیکەی کانت باس لەوە دەکەن کە هەموو مرۆڤەکان لە خۆیاندا خاوەن یاسای موڕاڵن و ئەمە بایەخێکی وەها بە مرۆ دەدا کە بتوانێ ببێ بە پاشای بوونەوەرەکان. ئەم بایەخە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تەنیا وەک ئامراز سەیر نەکرێت، بەڵکو وەک ئامانجیش. مرۆ تەنیا بوونەوەرێکی ئازادی سەر رووی زەوییە، چونکە تەنیا مرۆڤە کە دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە یاسا موراڵیەکان، یاسا بۆ خۆی دیاری بکا (ئەوتۆنۆمە). لەو کاتەدا هەر مرۆڤێک یاسا بۆ خۆی دیاری دەکا، راستەوخۆ ئەم یاسانە بۆ مرۆڤەکانی دیش دەشێن. هەر مرۆڤێک دانەری یاسای گشتیە. واتە مرۆڤەکان هەموویان لەمبارەیەوە یەکسانن و کەس لە کەسی دی بانتر یاخود خوارتر نیە.

بە کورتی: یاسای موڕال (عەقڵی بە کردە) ئاپریوریە و کردە دەخاتە چوارچێوەی داوای دیاریکراوەوە. بۆ وێنە دەڵێ کە ئەو یاسایەی کە دەبێتە بناغەی کردەی مرۆڤ، دەبێ بتوانێ یاسایەک بێت کە هەمووان بگرێتەوە. یاسای موڕاڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆ شوێنی تایبەت و جیای لە بوونەوەرەکانی دیکە هەبێ و لەباری بایەخەوە بەرزتر لە بوونەوەرەکانی دیکە لە چەرخی گەردووندا رابوەستێ.

1- det kategoriske imperativ

سەردەمی ئێستا

تایبەتمەندییەکانی روانگەی مێژوویی هیگل

1) هیگل لە دوو بواری بە رواڵەت لێک جیاوازدا کەڵک لە واژەی دیالکتیک وەردەگرێ: یەکەم) لە بواری دارشتنی مودێلێک بۆ رەوتە مێژووییە گرینگەکان (ئەو رەوتانەی کە مەودایەکی زەمەنی درێژخایەن لە مێژوو داگیر دەکەن). دووهەم) لە بواری داڕشتنی مودێلێک بۆ ئەو بیرو ئایدیانەی کە لە رەوتی مێژوودا خۆیان بەدیار دەخەن.
2) بەم مودیلانە یاخود مودێلە دەگوترێ دیالکتیکی (لە دیالۆگەوە دێت) چونکە جارێکی دی لە ئاڵ و گۆڕی ئەندێشە و مانادا خۆی دەبینێتەوە و لە سێ قۆناغ پێک دیت: 1) تێز Tese. 2) ئانتی تێز Anti Tese. 3) سێنتێز Syntese. تێز لە گەڵ ئانتی تێز رووبەڕوو دێبێتەوە کە ئەنجامی ئەم وێک کەوتن و رووبەروو بوونەوەیە سێنتێزە. بۆ وێنە کەسێک بۆچوونێک دێنێتە گۆڕێ (تێز)، یەکی دی هەروا بە ئاسانی قەبوڵی ناکا و هەوڵ دەدا بە هێنانی بەڵگە رووبەرووی بێتەوە (ئانتی تێز)، سەرئەنجام هەردوو لا بە ئاکامێکی مامناوەندی دەگەن (سێنتێز) کە بەرهەمی جەدەل و وتووێژی نێوانیانە. سێنتێز، لێرەدا قۆناغێکی بەرزترە کە تێیدا دژبەرەکان یەکیان گرتووەتەوە.
3) لە رەوتی مێژوودا دیالک تیک بەم شێوەیە خۆی نیشان دەدا: بۆ وێنە سەرەتا وەک ئەلف) بزووتنەوەیەکی گوتاری، کە دواتر ب) بەرەوڕووی بەرەنگاری (دژ) دەبێتەوەو سەرئەنجام پ) ئەو رفۆرمانەی کە لایەنە بەشدارەکانی بە سەریاندا دێت. لە بیرکردنەوەشدا شێوەی بیرکردنەوە وەهایە کە مانا بە مانا دەچێتە پێش. لێرەدا نموونەیەکی بە ناوبانگی خودی

هیگل دێنینەوە کە تێیدا ئەلف) "بوونی بێ خەوش" 1 هەڵگری ب) "هیچ"ە کە دژی خۆیەتی. پ) ئاکامی رووبەڕووبوونەوەو دژایەتی ئەم دووانە بریتیە پێک هاتنی جیهان، جیهانێک کە لە نێوان "هیچ" و بوونی بێ خەوشدا راوەستاوە. لە راستیدا ئەوە ئایدیا هیگلیەکانن کە بە ناو ئەم قۆناغانەدا گوزەر دەکەن و لە رەوتە مێژوویی و رەوتە فیکریەکاندا دەبنە هۆی گەشە و بەرەوپێش چوون.
4) مێژووی جیهان لە گەشەی خۆیدا ئەم سێ قۆناغە لە سێ دەورەدا نیشان دەدا: ئەلف) جیهانی رۆژ هەڵات. ب) جیهانی رۆمی ـ یۆنانی. پ) جیهانی ژێرمەنی. ئەو ئایدیایەی کە لەم رەوتەدا خۆی گەشە پێدەدا و خۆی واقعی دەکاتەوە، ئایدیای ئازادیە: ئەلف) لە دنیای رۆژ هەڵاتدا تەنیا یەک مرۆڤ ئازادە (دەسەڵاتداری سەرەڕۆ). ب) لە جیهانی رۆمی ـ یۆنانیدا کۆمەڵێک کەس ئازادن و پ) لە جیهانی ژێرمەنیدا هەمووان ئازادن. ئەو هێزەی کە پاڵنەری بەرەوپێش بردن و گەشەی جیهانە، هیگل ناوی دەنێ "رۆحی جیهان".
5) کەس ناتوانێ بەر بە رۆحی جیهان بگری، بەڵام مرۆ دەتوانێ بەرەنگاریی خۆی بەرامبەر بە رۆحی جیهان تاقی بکاتەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکشکاندنی لە ژێر چەرخە بە هێزەکانی مێژوودا. کەسانی دیکەش دەتوانن ئەم بەرەوپێش چوونە دەرک بکەن و ببن بەو ئامرازانەی کە لە رووی مەیل و حەزەوە خۆیان پێشکەش بە رۆحی جیهانی کردووە (وەک ئەلکساندرای مەزن، سێزار و ناپلیۆن). ئەمانە بۆ ماوەیەک دەتوانن ببن بە رێبەری رۆحی جیهانی و دواتر بۆ هەمیشە بزر ببن. مێژوو "یەکیەتیەکە لە ئازادی و زەروورەت": لە رایەڵەی گەورەی جیهاندا هەم تانی "گەشەی زەروورانەی مێژوو" هەیە و هەم پۆی "بەشداری کردنی ئازادانەی مرۆڤ".
6) وەک گوترا هەموو مرۆڤەکان لە دەوڵەتی ژێرمەنیدا بە ئازادی دەگەن، بەڵام ئازادی بەو مانایە نیە کە مرۆڤ چی پێ خۆش بوو بیکا. هیگل دەڵێ "ئازادیی راستەقینە" بریتیە لە "زانین و ئەنجام دانی ئەو شتانەی کە یاساییین"، زانینی ئەوەی کە یاسای دەوڵەت چیە و چلۆن مرۆ دەتوانێ بە کردەوە رەچاوی بکا. تەنیا بەم شێوەیە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن لە ئاستێکی دیاریکراودا ببنە خاوەنی ئازادی. ئازادی بۆ هەمووان ئاکامی هەبوونی ئەو یاسایانەیە کە دەبێ هەمووان لە ناو کۆمەڵگادا رەچاوی بکەن.

کیرکەگارد و "سێ شێوازی بوون". مەبەستی وی لە رستەی "سوبژە راستیە". فیلسووفە بوونگەرا مۆدێرنەکان.

1ـ کیرکەگارد رستەیەکی بە ناوبانگی هەیە کە تێیدا دەڵێ "سوبژە راستیە". لە فەلسەفە و بۆچوونی ویدا لە نێوان سێ شێوازی بوون و ئەم رستەیەدا پەیوەندی هەیە. لە قۆناغی یەکەم یاخود خوارەوەدا ئەم رستەیە مانایەکی کەمی بۆ مرۆڤ هەیە، واتە لەم قۆناغەدا راستییە سۆبژێکتیڤیەکان لە ئاستێکی کەمدان. بەڵام لە قۆناغی سێهەم یاخود هەرە سەرەوەدا راستیە سۆنژێکتیڤیەکان ئاست و گرنگیان روو لەزیاد بوون دەکا، کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بڕوای مەزهەبی بکەین. ئەم سێ قۆناغە بەم سێ تایبەتمەندییەوە پێناسە دەکرێن: قۆناغی یەکەم بە جیددیەتێک کە لە زیادبووندایە، قۆناغی دووهەم بە هاودڵی و قۆناغی سێهەم بە سۆز.

2ـ باسمان لە سێ شێوازی بوون کرد. کیرکەگارد شێواز یا خود قۆناغی یەکەم بە ستاتیکا پێناسە دەکا (هەڵبەت ستاتیکا لە مانا بنەڕەتیەکەی خۆیدا واتە لە مانا هەستیەکەیدا). ستاتیکەرەکان بە هەستەکانیان دەژین، بۆیە پەیوەندی یاخود تێگەیشتنێکی رواڵەتیان سەبارەت بە ژیان هەیە. ئەم پەیوەندییە نە جیددیەتی تێدایە و نە هاودڵی و نە سۆز. ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان لەم قۆناغەدان و بەم شێوازە لە گەڵ ژیان لە پەیوەندیدان. ستاتیکەرەکان تێگەیشتنێکی کەمیان لە بایەخەکان واتە شتە گرنگەکانی ژیان هەیە. ئەوان پێیان وایە کە مرۆ تەنیا جارێک دەژی و هەر بۆیە تەنیا دەبێ هەڵگری ئەوەندە بێ کە پێی پێشنیار دەکرێ.

3ـ گۆڕان لە هەر شێوازێکەوە بەرەو شێوازی دیکە بە شێوەی کتوپڕ یاخود "پەڕین" روودەدات. ئەم گۆڕانە زۆر جاران بە هۆی رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو یاخود هەڕەشە ئامێزەوەیە کە ترس و ناهومێدیمان تیا پێک دێنێ. بەڵام لە هەمان کاتدا چاومان دەکاتەوە لە ئاست ئەوەی کە لە راستیدا چ شتێک دەتوانێ مانا بە ژیان ببەخشێ.

4- ئەزمونێکی وەها دەتوانێ ئێمە بەرەو شێواز یاخود قۆناغی موڕاڵ (واتە شێوازی دووهەم - وەرگێڕ) ببات کە تێیدا مرۆ بە وشیاری لە بابەت بایەخەکان گەیشتووە و دەتوانێ شێوازی هەڵس و کەوت و ژیانی خۆی لە رووی ئەوانەوە دیاری بکا (لێرەدا جیاوازییەک لە گەڵ کانت دا خۆی نیشان دەدا، ئەویش ئەوەیە کە بە گوێرەی ئەم بۆچوونە هیچ چەشنە یاسایەکی موڕاڵی گشتی بوونی نیە. هەر تاکێک دەبێ بۆخۆی بایەخەکانی خۆی دیاری بکا، واتە ئەوەی کە چ شتێک بۆ ئەو خاوەنی گرنگترین مانایە لە ژیاندا). نموونەیەک بۆ ئەم شێوازە واتە شێوازی موڕاڵ: بروتوس Brutus کە سیاسەتمەدارێکی رۆمی بوو کورەکەی خۆی کوشت چونکە شۆڕشی ساز کردبوو. ئەو بایەخەی کە لێرەدا بروتوس هەڵس و کەوتی پێ دەکا ئەوەیە کە وڵات لە منداڵ بایەخی زیاترە. لێرەدا کردەیەکی ئەقڵانی ئەنجام دراوە.

5- لە شێواز یاخود قۆناغی سێهەمدا هەندێ شتی ناعەقڵانی خۆیان بە دیار دەخەن، کە لێرەدا بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە "بڕوای کوێرانە" بکەین. وەک دەزانین بڕوای کوێرانە دەتوانێ ببێتە هۆی پێشێل کردنی موڕاڵ و یاساکان. بۆ نمونە لە دەقە ئایینیەکاندا هاتووە کە ئیبراهیم ویستی ئیسحاقی کوڕی بکوژێ. گەر ئەم ویستەی ئیبراهیم لە گەڵ کردەی بروتوس بەراوەرد بکەین دەتوانین بڵێین کە کردەی ئیبراهیم لە رووی بڕواوە بوو و کردەی بروتوس لە رووی ئەرکەوە. لای ئیبراهیم خودا لە یاسا موڕاڵیەکان گرنگتر بوو. واتە گەر یاسا موڕاڵیەکان بکەینە پێوەر دەبینین کە کوشتنی ئیسحاق کردەیەکی ناپەسەند و دژە ئەخلاقیە. واتە قەتڵە و قەتڵیش دژی عەقڵە. بەڵام لە روانگەی مەزهەبییەوە ئەمە قوربانییەک بوو بۆ خودا و ئەو هەستەی کە ئیبراهیم بەرامبەر بە خودا لە خۆیدا هەستی پێدەکرد لە هەموو شتێکی دیکە بە لایەوە گرنگتر بوو.

6- مرۆ دەتوانێ خۆی لە جیاتی بروتوس دابنێ و لە کردەی وی تێبگا، بەڵام ناتوانێ لە کردەی ئیبراهیم تێبگا. کردەی ئیبراهیم (یاخود شێوەی بیرکردنەوەی) کردەیەکی سوبژکتیڤییە کە مرۆ ناتوانێ تێی بگا. بەڵام ئەمە رێک ئەو شێوازە یاخود قۆناغەیە کە کیرکەگارد بە شێواز یاخود قۆناغی هەرە بەرز ناوی دەبا، چونکە لەم قۆناغەدایە کە مرۆ بە جیددیەتی تەواوەوە، هاودڵانە و لە رووی سۆزەوە دەجوڵێتەوە. لێرەدا مرۆڤ لە وەفادارییەکی تەواودایە بەرامبەر بە خۆی.

7- بۆ کەسێکی ئەخلاقی (ئێتیکەر)، ئەرک گەورەترین بەهای هەیە و بۆ مرۆڤێکی مەزهەبی، خۆشەویستی.

8- کیرکەگارد بە توندی لە ژێر کاریگەریی هیگڵ دا بوو، بەڵام لە تەمەنی بیستساڵیدا کاردانەوەیەکی توندی نیشان دا بەرامبەر بەو مەیلەی کە لە فەلسەفەی هیگڵ دا هەبوو. واتە بەرامبەر ئەو بیرە سیستەماتیکەی کە هەموو شتێکی لە چوارچێوەی دیاریکراودا دادەنا. بەلام لە هەمووی زیاتر دژی ئەو مەیلەی هیگڵ راوەستا کە تاک واتە ئیندیڤیدی دەخستە ژێر دەسەلاتی کۆمەڵگا یاخود دەوڵەتەوە. لای ئەو تاک گرنگترین بوو نەک سیستەم، کۆمەڵگا یاخود دەوڵەت.

9- لای فەیلەسووفە پێشووەکان، مرۆڤ بوون بریتی بوو لەوەی کە مرۆڤ نموونەیەک لە نەوعی مرۆڤ یاخود مرۆڤایەتی بێت. ئەوان سەریان بەو دیاردانەوە قاڵ بوو کە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا هاوبەش بوون. بەڵام لای کیرکەگارد مرۆڤ بوون بریتی بوو لەوەی کە مرۆ سەرقاڵی خۆی بێت. واتە بیر کردنەوە لە تاک و وشیاری وی سەبارەت بە بوونی خۆی. بە باوەڕی ئەو، بوون لە جەوهەر گرنگتر بوو.

10- گرنگترین پەیوەندی و دیاردەکان لە ژیانی تاکدا ئەو شتانەن کە لە تاکایەتییەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ وێنە تەنیا تاکە کە بوونی هەیە، بیردەکاتەوەو هەڵدەبژێرێ. تەنیا تاکە کە کردە لەخۆی نیشان دەدات، باوەڕی هەیە بە خودا و پەیوەندی لە گەڵیدا هەیە.

11- کۆمەڵێک راستی ئۆبژێکتیفی هەن، بەڵام زۆربەیان ئاسایین و لە ئاستێکی ئەوتۆدا نین. راستی ئۆبژێکتیڤی بریتیە لە وێنایەک لە مێشکی مرۆڤدا کە لە گەڵ دیاردەیەکی دەرەکیدا هاوتەبان. راستی سۆبژکتیڤی وێنایەکە لە دۆخ یاخود پەیوەندییەک کە مانایەکی گرنگی هەیە لای ئەو کەسەی کە خاوەنیەتی. کیرکەگارد لەم پەیوەندیەدا نموونەیەک دێنێتەوە: ئەگەر خودا بوونی هەبێ، بوونەکەی راستیەکی ئۆبژکتیڤیە. بەڵام بوونی خودا راستیەکی سۆبژکتیڤیە تا ئەو جیگای کە مانایەکی یەکجار گرنگی لای من هەیە، جا چ خودا بوونێکی ئۆبژکتیڤی هەبێ یان نەیبێ. بە یارمەتی سۆزی بە پایان من دەتوانم ئەم ئۆبژە نادیارە بگرم.

12- بە پێچەوانەی راستیە ئۆبژێکتیڤیەکان (بۆ نموونە ماتماتیک یان ئەو زانیاریانەی کە لە بابەت دنیای واقعەوە هەمانە) راستیە سۆبژێکتیڤیەکان لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤی دی بە پێی ئاستی گرنگیان دەگۆڕدرێن. هەر بۆیە ناتوانین بە شێوەیەکی ئاسایی لە راستیە سۆبژێکتیڤیەکان بگەین. واتە ئەم جۆرە راستیانە ناتوانین لە گەڵ کەسانی دیکە بەش بکەین. بۆ مندال خۆشەویستیی دایک و باوک راستیەکی سۆبژێکتیڤیە، جا چ پەیوەندی ئەو لە گەڵیانا راستیەکی ئۆبژێکتیڤی بێت یان نەبێت. منداڵەکە ناتوانێ کەسانی دیکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەم خۆشەویستیە بگەیەنێ، بەڵام دەتوانێ راستیە ئۆبژکتیڤیەکان راستەوخۆ بۆ کەسانی دیکە راگویزێ.

فیلسووفە بوونگەرا مۆدێرنەکان

13- ئەو جیاوازییە ئاساییەی کە فیلسووفەکانی پێشوو لە نێوان سوبیەکت و ئۆبیەکتدا دەیکەن، بوونگەراکان تێر ناکات. بە گوێرەی وان مرۆ چاوەدێر نیە، بەڵکو بەشداری لە جیهاندا دەکا. مرۆڤ بوونیکی پاسیف نیە، بەڵکو ئەکتیڤ و چالاکە. ئاکامی رۆڵێکی وا ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی ببێتە چێکەری جیهانی خۆی.

14- ئەوەی گرنگە لە جیهاندا پەیوەندی بە حەز و داواکانی تاکەوە هەیە، هەر بۆیە تایبەتمەندیی تاک و ئەو دۆخە هەنووکەییەی تێیدا دەژی، گرنگترینن. لای بوونگەراکان دابەش کردنی مرۆڤەکان بە پێی سیستەمی دیاریکراو و پێناسەی هەمیشەیی، ناتوانێ زانیاریەکی زۆرمان سەبارەت بە مرۆ پێشکەش بکات.

15- ئەوەی مرۆ لە بوونەوەرەکانی دی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ سەبارەت بە بوون و مەرگی خۆی خاوەن وشیاریە. جا هەر ئەمەیە دەبێتە سەرچاوەی ترس و دڵەراوکێ و ناهومێدی تێیدا، هەر وەها هەر ئەمەیە کە بنەمای تێگەیشتنی وی لە خۆی وەک بوونێک لە جیهاندا دەرک پێک دێنێ. (کیرکەگارد)

16- وشیاری سەبارەت بە بوونی خۆ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لای بوونەوەری وشیار، درێژە و بەردەوامی | "بوون" ببێتە کێشەی سەرەکی. لێرەدا مرۆ دەکەوێتە ناو دەرفەتی هەڵبژاردنێکەوە کە تێیدا مرۆ بوونی خۆی بە گوێرەی ئەو بایەخانەوە دیاری دەکا کە لای ئەو گرنگترینن. جا گەر مرۆ نەتوانێ هەڵبژێرێ، دەکەوێتە دۆخێکەوە کە تێیدا بەرپرسیارە لە ئاست ئاکامەکانی. ئەو ئازادیەی کە تێیدا مرۆڤ دەتوانێ بە گوێرەی بایەخەکانیەوە هەڵبژێرێ، دۆخێکە کە مرۆ ناتوانێ خۆی لێ دەرباز کا.

17- بۆ نموونە وشیاری سەبارەت بە گرنگیی هەڵبژاردن، دەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆ زۆر زیاتر لە جاران هەست بە لاوازی و بێ دیفاعیی خۆی لە بەرامبەر دنیای دەوروبەریدا بکا. ئەمە دەبێتە سەرچاوەی ترس، دڵەراوکێ، ناهومێدی و ئازار. بەڵام لە هەمان کاتدا وەها حاڵەتگەلێکن کە دەبنە هۆی کرانەوەی چاو لە ئاست دیاردە گرنگەکانی بوون. ترسی زۆر ئاکامی ترسێکە کە سەبارەت بە بوون هەمانە، نەک ترس سەبارەت بە شتێکی دیاریکراو.

18- وشیارکردنەوەی کەسێک لە بابەت راستیەکانی بوونی (راستیە سۆبژێکتیڤیەکان - کیرکەگارد) کەسێکی دی دژوارە. سارتێر لەم پەیوەندیەدا باس لەوە دەکا کە وشیاری خۆی لە خۆیدا خاڵیە، واتە هیچی تێدا نیە. ئەوەی کە لە راستیدا بۆ ئێمە هەیە و ئێمە دەتوانین لە بابەتیەوە وشیار بین ئەو دیاردانەیە Fenomen کە "بوون" لێیانەوە خۆی نیشان دەدات. لەمەوە سارتێر بەو ئەنجامە دەگا کە نە وشیاری بوونی هەیە و نە شت، بەڵکو تەنیا دیاردەکانن Fenomen کە هەن (بۆ ئێمە). شتەکان واتە جیهانی ئۆبژێکتیڤی سەرەتا لەو مانایەدا هەن کە بۆ من هەن، واتە لە پەیوەندی لە گەڵ جیهانی مندا، کاتێک من هەڵیدەبژێرم لەو پەیوەندیەدا کە پەیوەندی بە منەوە هەیە. ئەمە مرۆڤەکانی دیکەش دەگرێتەوە، کاتێک بۆ وێنە من دەمەوێ ببمە بەشێک لە جیهانی کەسێکی دی. بەم جۆرە ناکۆکی لە نێوان دوو مرۆڤ بۆ وێنە پیاو و ژنێکدا سەر هەڵدەدات.

بە کورتی: لەم بابەتەدا باسی سێ شێوازی بوون کرا: ستاتیکی، ئیتیکی و ئایینی. هەر کامیانیشمان بەم تایبەتمەندییانەوە پێناسە کرد: جیددیەتێکی روو لەزیاد بوون، هاودڵی و سۆز. هەروەها جەختیشمان لە سەر مرۆ کرد وەک تاک لە جیاتی بوونەوەرێکی گشتی. مرۆڤ سەرقاڵی خۆیەتی وەک بوونێک، هەروەها سەرقاڵی راستیە سۆبژێکتیڤیەکانە (واتە ئەو راستیانەی کە مانایان هەیە بۆ خاوەنەکانیان وەک بوونێک). راستیە سۆبژێکتیڤیەکان ناتوانرێن راستەوخۆ بۆ مرۆڤێکی دی بگوازرێنەوە. هەر وەها سەبارەت بە بوونگەرا مودێرنەکان گوتمان کە ئەوان چیدی قایل بە جیاوازیی نێوان سوبژە و ئوبژە نین، بە تاکایەتی مرۆڤەوە سەرقاڵن، باس لە وشیاری مرۆ دەکەن سەبارەت بە بوونی خۆی و هەروەها لە کۆتاییدا دەرفەتی هەڵبژاردن لای ئەوان پرسێکی یەکجار گرنگە.

تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی تێگەیشتنی مارکس لە مێژوو. مەبەستی لە هێزی جوڵێنەری مێژوو، خەباتی چینایەتی و چەوساندنەوە بە تایبەت لە سیستەمی سەرمایەداریدا

1- تیۆری مارکس لە بابەت گەشەی مێژوو، هەم دەربڕی قۆناغەکانی مێژووەوەو هەم دەربڕی چۆنیەتی گەشەیەتی لە داهاتوودا. بەڵام گرنگترین شت لەم تیۆرەدا تیۆری جوڵێنەری مێژووە.

2- بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی هیگڵ کە مارکس بە توندی لە ژێر سریمەی دا بوو، مارکس پێی وابوو کە جۆری هێزی جوڵێنەری مێژوو لە مەتریاڵە. مەتریالیسمی مێژوویی مارکس یاخود "تێگەیشتنی مەتریالیستی لە مێژوو" باس لەوە دەکا کە هۆکارە مەتریالی و ئابووریەکان کە لە پەیوەندی لە گەڵ کار و بەرهەمهێناندان، هێزە سەرەکیەکانی جوڵە لە سروشت و مێژوودان.

3- مێژوو و کۆمەڵگا خاوەن بنەمای مەتریالین و ئەنجامی وزەی بەرهەم هێنەر، بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانن. وزەی بەرهەمهینان بریتیە لە چاوگە سروشتیەکانی وەک ئاو، با، نەوت، هێزی مرۆڤ و زانیاری و ئەزموونەکانی، هەروەها ئامرازەکانی بەرهەم هێنان (وەک تکنۆلۆژی و کەرەسەکان). لە گەڵ بەکارهێنانی هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنان، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بارودۆخی ژیانی مرۆ لە کۆمەڵگا، پەیوەندی نێوان خاوەندار و کرێکاران، مووچە خۆر و کاربەدەست، بە گشتی دۆخی چینایەتی گۆڕانی بەسەردا دێت.

4- لە سەر ئەم بنەما مەتریالییە (ژێرخان)، سەرخان دادەمەزرێ کە بریتیە لە ئایدیاکان، سیستەمی یاسایی، موڕاڵ، هونەر و ئایین. بەڵام ئەمانە بەرهەمی لاوەکیی پەیوەندییە مەتریالیەکانی بەرهەمهێنانن. سەرخان، شوێنی نواندنەوە و بە هێزکردنەوەی پەیوەندییە مەتریالیەکانی بەرهەمهێنان و ئابووریە. بۆ وێنە ئەم رستەیە کە دەڵێ "دین تریاکی جەماوەرە" باس لەوە دەکا کە لە وەها دۆخێکدا دین دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک رازیی بن بەو دۆخەی کە تێیدان و لە راستیدا ئارامیان دەکاتەوە و متمانەیان پێ دەبەخشێت. مارکس پێی وایە کە بوونی کۆمەڵایەتی دیاریکەری وشیاریی مرۆڤە.

5- هەر وەک گوترا پێ بە پێی گەشە و بەرەوپێش چوونی وزەکانی بەرهەمهێنان، هەم پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نوێ دەخولقێ و هەم دۆخی ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی سیاسی لە دەورانە جۆربەجۆرەکاندا. مارکس لەم پەیوەندییەدا باس لە چوار دەوران دەکا: 1) دەورانی کۆیلایەتی. 2) فئۆدالیزم (کە دەورانی کۆیلایەتی دەسرێتەوە). 3) دەورانی سەرمایەداری کە تێیدا فئۆدالەکان سەروەریی ئابووریان لە دەست دەدەن. 4) سەرئەنجام دەورانی کۆمۆنیستی. هەڵبەت مارکس پێی وایە کە لە دوای روخانی دەسەڵاتی سەرمایەداران بە هۆی

شۆڕشی کرێکاری، بۆ ماوەیەک دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دادەمەزرێ کە رێگا بۆ چێکرنی سیستەمی کۆمۆنیستی خۆش دەکا.

6) لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا دۆخی ژیان و دەسەلات، جیاوازییەکی بنەڕەتیی لە گەڵ جۆری کۆمەڵگاکانی پێش خۆیدا هەیە. چونکە چیدی چینەکان نامێنن و ژێردەستە و باڵادەست مانای خۆیان لە دەست دەدەن.

7) لە سێ دەورانی یەکەمدا، واتە لە سیستەمی کۆیلایەتی، فئۆدالیزم و سەرمایەداریدا هاودژییەکی بنەڕەتیانە لە نێوان چینە جۆربەجۆرەکاندا هەیە. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی "خەباتی چینایەتی" کە زۆربەی کات بە شێوەیەکی نهێنی لە ئارادایە، بەڵام جاروبار خۆی لە ململانێیەکی ئاشکراو و سەختیشدا نیشان دەدات.

8) خەباتی چینایەتی، شەڕێکە لە نێوان کرێکاران و ئەوانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن. لە سەردەمی کۆیلایەتیدا شەڕێکە لە نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلە، لە فئۆدالیزمدا لە نێوان خاوەن زەوی و جووتیاردا و، لە سەرمایەداریشدا لە نێوان سەرمایەدار و کرێکاردا. تەنیا لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدایە کە خەباتی چینایەتی مانای نامێنێ، چونکە ئامرازی بەرهەمهێنان لە خاوەنداریەتی کۆمەڵگادایە.

9) لە هەر سێ سەردەمی پێش کۆمۆنیزمدا، کرێکاران لە لایەن چینی باڵادەستەوە تا ئەو پەڕی خۆی دەچەوسێندرێنەوە. هۆکارەکیشی ئەوەیە کە ئەم چینە تەنیا ئابووریی لە ژێر کۆنترۆڵدا نیە، بەڵکوو دەسەلاتیشی بە دەستەوەیە (یاسا و هێز). هەربۆیە دەتوانێ کرێکاران مل کەچی ئەو دۆخەی بکا کە بۆ خۆی پێی خۆشە.

10) لەم سێ سەردەمەدا چەوساندنەوە بە رواڵەت بە شێوەی جۆراوجۆر، بەڵام لەهەمان کاتدا بە سێ شێوەی وەک یەک بەرێوە دەچێ: کرێکار ناچار دەکرێ کە زیاتر لەوەی کار بکا کە بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و بنەماڵەکەی پێویستە. بایەخی ئەم کارە زیادیە (قازانج) دەچێتە گیرفانی خاوەنکارەوە. تەنیا شتێک کە ئەم سێ جۆر کۆمەڵگایە لە یەکتر جودا دەکاتەوە ئەو شێوازەیە کە کاری زیادی پێ دەسەپێندری بە سەر کرێکارەکەدا.

11) بۆ وێنە لە دوانزە ساعەت کاری رۆژانە شەش ساعەت کار بەسە بۆ ئەوەی کە کرێکارەکە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی پێ دابین بکا. بەڵام کرێکارەکە (لە سیستەمی کۆیلایەتیدا کۆیلە، لە فئۆدالیزمدا جوتیار و لە سەرمایەداریدا کرێکار) لە هەر سێ کۆمەڵگاکەدا لە شەش سەعات زیاتر کار دەکات. ئەوان تەنیا حەقدەستی ئەم شەش سەعاتە وەردەگرن و ئەو شەش سەعاتەی دیکە دەچێتە گیرفانی خاوەن کارەکەوە (واتە کۆیلەدار، ئاغا و سەرمایەدار).

12) مارکسیزم دەیەوێ کۆتایی بە وەها سیستەمێک بێنێ، واتە سیستەمێک کە زۆربەی خەڵک بەرەو هەژاری پاڵ پێوە دەنێ. رێگا چارەش لەوەدایە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ببێ بە موڵکی گشتی و ئەو قازانجەی کە بەرهەمی بەرهەمهێنانە وەک یەک بە سەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێ.

تایبەتمەندییەکانی تیۆری گەشەی داروین (گەشەی ئارام) و ئاکامەکانی لە سەر مرۆڤ

1) هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدە ئەم بیروباوەڕە زاڵ بوو کە جیاوازیی نێوان رووەک، ئاژەڵ و مرۆڤ جیاوازییەکی نەگۆڕە. واتە تایبەتمەندییەکانی هەر کام لەمانە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە رادەگوێزرێ بە بێ هیچ چەشنە گۆڕانێک. ئایدیای ئەفلاتونی و بۆچوونەکانی ئەرەستوو لە بابەت فۆرمەوە لە سەر ئەم بنیاتە رۆنراون.

2) به سەرنج و خوێندنەوەی وردتری سروشت، بە تایبەت ئەو ئاڵ و گۆڕە مەبەستدارانەی کە مرۆ لە ئاژەڵی دەستەمۆدا دەیکا، بە جوانی دەردەکەوێ کە ئاژەڵ دەتوانێ گۆڕانی بە سەردا بێت، ئەو گۆڕانەی کە دەشێ ئارام روو بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ماوەیەکی درێژ خایەندا ببێتە هۆکاری گۆڕانی بنەڕەتی تێیدا. ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی داروین ئەوە نیشان دەدەن (لە بەشی بێگڵ Beagle دا) کە لە رووەک و ئاژەڵدا گۆڕانکاریەک روودەدات کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆگونجاندنی ئەو رووەک یان ئاژەڵە لە گەڵ سروشت و شوێنی ژیان و دەورووبەری.

3) گرنگترین بەرهەمی زانستیانەی داروین کتێبی "تیۆری گەشە" یە کە تێیدا باس لە هۆکارەکانی گۆڕانی ئارام هاتووە. داروین لەم کتێبەدا بە وردی باس لەم هۆکارانە دەکا. ئەو بۆ خۆی پێی وایە کە کلیلی ئەم تیۆرە خۆی لە تیۆری توماس ماڵتوس دا دەبینێتەوە کە تێیدا باس لەوە کراوە کە حەشیمەتی مرۆ زۆر خێراتر لە خۆراک گەشە دەکا و پەرە دەستێنێ. کە ئاکامی ئەمە دەبێتە هۆی شەڕێکی بەردەوام لە پێناوی بووندا. شەڕێک کە تێیدا زۆر کەس پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی زاوزێ لە ناو دەچن. تەنیا ئەوانەی دەمێننەوە و درێژە بە ژیان دەدەن کە لە ئامرازی باشتر بەهرەمەندن.

4) رەوتێکی وا تایبەت بە هەموو سروشتە. لە شەڕ لە پێناوی بووندا هەندێک تاک سەرکەوتن بە دەست دێنن، کە ئەمەش بە هۆی هەبوونی ئامراز و تایبەتمەندیی باشترەوەیە. ئەم ئامراز و تایبەتمەندییانە دەرفەتی خۆگونجاندن لە گەڵ شوێنی ژیان و دەورووبەر دەدەن. تەنیا ئەمانە دەتوانن زاوزێ بکەن و درێژە بە نەسڵی خۆیان بدەن. لێرەدا داروین کەڵک لە دەستەواژەی "هەڵبژاردنی سروشتیانە" وەردەگرێ. کە مەبەست لەم دەستەواژە ئەوەیە کە سروشت بۆخۆی، ئەوانە بۆ درێژەدان بە ژیان و مانەوە هەڵدەبژێرێ کە خاوەن ئامرازی باشترن.

5) ئەم بۆچوونە لە سەر ئەو بنەمایە راوەستاوە کە جیاوازیی بچوک، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگ لە نێوان ئەندامانی جۆرێک لە ئاژەڵ یان رووەک لە باری میراتەوە هەیە. وەک دەردەکەوێ لێرەدا داروین لە گەڵ گۆڕانی کتوپڕی ژێنەکان واتە موتاسیۆن Mutasjon نامۆ بووە.

6) داروین پێی وایە کە ئاژەڵەکان لە راستیدا سەرەتا خاوەن فۆڕمێکی هاوبەش بوونە، کە دواتر لە پرۆسەیەکدا بە هۆی هەڵبژاردنی سروشتییەوە توانیویانە ئەم فۆڕمەی ئێستایان سەقامگیر بکەن. دەتوانین بڵێین کە ئاژەڵەکان هەموویان لە پەیوەندییەکی خزمایەتی لە گەڵ یەکتریدان. کلیلی تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی ئەندامەکانیان لە یەکتر دەچن دەگەڕێتەوە بۆ رەگەز و بنچینە، واتە ئەو خزمایەتیەی کە لە ژێنەکاندا هەیانە.

7) بە بۆچوونی داروین مرۆڤی ئەم سەردەمە بەرهەمی گەشەی پلە بە پلەی فۆڕمەکانی پێشوتری خۆیەتی. شەمپانزە (کە مەیموون ـ مرۆڤێکە) و مرۆڤ دوو لکی بوونەوەرێکی هاوبەشن کە ئێستاکە لەناو چووە. بۆچوونی داروین لە مەڕ رەگەزی مەیموونانەی مرۆڤ، گەلێک هەڵوێستی توند و تیژی لێکەوتووەتەوە. دژبەران پێیان وایە کە وەها تیۆر و بۆچوونێک هەم بە دژی مەسیحیەتە و هەم لە بایەخی مرۆ کەم دەکاتەوە.

8) لە بابەت رەگ، بنچینە و بایەخی مرۆڤ، لایەنگرانی تیۆری گەشە لە ئاست دوو پرسیاردا لێک جودا دەبنەوە: ئەلف) ئایا مرۆڤ و ئاژەڵەکانی دیکەی ئەم سەردەمە سەرەتایەکی هاوبەشیان هەیە؟ ب) ئایا جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە ئاستێکی وەهادایە کە مرۆڤ بە تەواوی لەوانی دی جیا بکاتەوە؟ ئەگەر وایە ئەم جیاوازیە خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟

9) ئەوەی کە بۆچی لە سروشتدا شەڕ لە پێناوی مانەوە روو دەدا بۆ رادە و ئاستی خواردەمەنی دەگەڕێتەوە. ئەو خواردەمەنییەی کە لە بەر دەست ئاژەڵە جۆربەجۆرەکاندایە، لە ئاستێکی وەهادا نیە کە بتوانێ بە شێوەیەکی سروشتی بەشی هەموو تاکەکانی سەر بە جۆرێک لە ئاژەڵێکی تایبەت بکات، بۆیە شەڕێکی سروشتی لە نێوانیاندا روو دەدات و لەم شەڕەدا تەنیا ئەوانە دەبینەوە کە لە توانای باشتر بەهرەمەندن و دواتر دەتوانن لە رێگای زاوزێوە درێژە بە ژیانی نەوعی خۆیان بدەن و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بۆ وەچەکانی داهاتوو رابگوێزن.

تیۆر و خوێندنەوەی فرۆید لە بابەت مرۆڤ

1) پێش فرۆید، بیرو رای زاڵ ئەوە بوو کە زەمیر و رۆحی مرۆڤ هەمان وشیاری مرۆڤە. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە زەمیر دوو شتی دەگرتەوە: ئەلف) کارتێکەریەکانی سەر هەست و هەستەکان (باسەکانی هیوم لە مەڕ سریمە). 2) وێنا و ماناکان (باسەکانی هیوم لە بابەت وێنا و ئایدیا). فرۆید بە باڵاخانەی وشیاری، قاتێک وەک ژێرخان زیاد دەکا و ناوی دەنێ ناوشیاری. لە ناوشیاریدا حەجمێکی تێک ترنجاو لە سریمە و هەستەکان هەن کە تەنیا بۆ ساتێک لە شکڵی وشیاریدا خۆیان دەردەخەن. ئەم حەجمە خۆی لە وشیاری جودا دەکاتەوە بۆ ئەوەی تەنیا وەک هەڵخڕێنەرو جوڵێنەری رۆح لە ناوشیاریدا بژیت. لەم ژێرخانەدا ئەم حەجمە بە شاراوەیی دەژی، بەڵام نەک بە شێوەیەکی لە بیرکراو. ئەم حەجمە بەردەوام هەوڵ دەدا کە بەرەو وشیاری بگەرێتەوە، بە تایبەت کاتێک کەسەکە وشیار نیە و بۆ وێنە لە خەودایە.

2) ئەو هەست و ئەزموونانەی کە دەچەپێندرێنە ناو ناوشیارییەوە بریتین لەو حەز و بیرانەی کە ئازاراوی، ناخۆش، نائەخلاقین و جێی نامتمانەیین. واتە لە گەڵ ئەخلاقی ئەو کەسە و داوا ئەخلاقیەکان بە گشتی نایەنەوە. چەپێندراوەکانی ناو رۆح دواتر دەتوانن ببنە هۆی ترس، فشاری رۆحی، کوێری و ئیفلیجی. بۆ تیماری کەسێکی لەم چەشنە پێویستە کە چەپێندراوەکانی ناو ناوشیاری ئاشکرا بکرێن و چەند و چۆنیان دیاری بکرێن، بە شێوەیەک کە کەسی موبتەلا لە ئاستیان وشیار بێتەوە. لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم حاڵەتەدا فرۆید تیۆرێکی هێناوەتە گۆڕێ کە باس لە چۆنیەتی گەشەی ئاسایی و نۆڕماڵی کەسایەتی مرۆڤ دەکا. بە گوێرەی ئەم تیۆرە کەسایەتی مرۆڤ بە شێوەی نۆڕماڵ ئاکامی سێ قۆناغە: ئەلف) ئید یاخود غەریزە ب) ئێگۆ یاخود "من" . پ) سوپێر ئێگۆ. مرۆڤێکی بەختەوەر و سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە تێیدا هارمۆنی و هاوئاهەنگی لە نێوان ئەم سێ بەشەودا پێک هاتبێ.

3) هەر منداڵێکی تازە لە دایک بوو، وەحشێکی بچووکە تەیار بە هێزە سەرەتاییەکانی ژیان. کۆی ئەم هێزانە کە بە شوێن مورتاح بوونی خۆیانەوەن، "ئید" پێک دێنن. لە ئیددا پیش هەموو شتێک "لیبیدۆ" واتە هێزی سێکس دەبیندرێ کە حەز پاڵنەریەتی. هێزی سێکس بە هۆی خۆشەویستی، هەستی هاوسۆزی و لایەنگرییەوە مانای پێ دەبەخشرێ.

4) لە گەڵ گەورە بوون، منداڵ بەرە بەرە خۆی لە ئید دەرباز دەکا و سەرنجی بەرەو بوونی خۆی واتە ئیگۆ رادەکێشرێ. بە هۆی ئەوەوە کە ئیگۆ لە گەڵ پرینسیپەکانی جیهانی واقعدا سەروکاری هەیە، بۆیە دەکرێ بکەوێتە ململانێ لە گەڵ ئید. سەرنجی ئیگۆ بەرەو ئەو سۆزانە دەکشێ کە راستیەکان بۆی دادەنێن. ژیانێکی هارمۆنیک و هاوئاهەنگ پێویستی بەوەیە کە ئید بە شوێن بەدیهێنانی هەموو داواکارییەکانیەوە نەبێ.

5) پاش ئیگۆ، مرۆڤ لە گەڵ قۆناغی سوپێرئیگۆ بەرەوڕوویە. لەم قۆناغەدا منداڵ رووبەڕووی یاسا موڕاڵیەکان دەبێتەوە، واتە ئەو یاسایانەی کە نیشانەی هاوڕایی نێوان مرۆڤەکانە و هەر تاکێک دەبێ رەچاویان بکا بۆ ئەوەی لە لایەن بەرامبەرەوە قبوڵ بکرێ. سوپێرئیگۆ سەرەتا لە لایەن دایک و باوکەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک ویژدانی گشتی لە ناو کۆمەڵگایشدا خۆی دەردەخا و دەبێتە سەرچاوە بۆ کەسایەتی.

6) ئەم سێ بەشە یەکتر چاوەدێری دەکەن، بەڵام دەبێ بگوترێ کە زۆربەی کات لە گەڵ یەکتر لە ململانێدان. ئیگۆ لە نێوان ئید و سوپێرئیگۆدا قەراری گرتووە، کە هەر دووکیان رکەبەری ئەون و هەوڵ دەدەن بە سەریدا زاڵ بن. ئیگۆ بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئید و سوپێرئیگۆ بە سەریدا زاڵ نەبن. سەرکەوتنی سوپێرئیگۆ دەبێتە هۆی چەپاندن، ئازاری جەستە و رۆح. سەرکەوتنی ئیدیش دەبێتە هۆی رووخانی ئەو پردانەی کە ژیانی هاوبەشیان لە سەر بنیات نراوە. ئامانج ئەوەیە کە ژیانی رۆحی مرۆڤ لە هاوئاهەنگی و هارمۆنیدا بێت. مەبەستی فرۆید ئەوەیە کە مرۆڤ خاوەن سەلامەتیی رۆحی و دەروونی بێت.

"ئید" بە پێی پرینسیپی حەز، ئیگۆ بە هۆی پرینسیپی رئاڵ و سوپێر ئیگۆ بە گوێرەی پرینسیپی ویژدان دەجوڵێنەوە.

ئازادیی کۆمەڵایەتی ژنان و بارابەریی سیاسیان. بۆچوونەکانی جان ستوارت میل، هاریەت تایلۆر، فیدریک ئینگێڵس و سیمۆن دوبوڤار لەم پەیوەندییەدا. لەمپەرە فەلسەفی و زانستیەکانی سەر رێگای ئازادی ژنان.

1) وا چاکە سێ هۆکاری زەحمت و زۆر لە سەر ژنان لە یەکتر جیا بکەینەوە: ئەلف) هۆکاری سیاسی ـ کۆمەڵایەتی کە بۆ وێنە لە سەردەمی یۆنانی کۆندا باو بوو. ب) هۆکاری بیۆلۆژی کە بۆ وێنە لە بیرو بۆچوونەکانی ئەرەستوودا هەیە. پ) وێنا ئایینیەکان کە لای توماس ئەکویناس دەبیندرێن.

سەبارەت بە هۆکاری سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دەتوانین ئاماژە بکەین بە نەبوونی مافی سیاسی. بۆ وێنە دەبینین کە لە ئاتێنی یۆنانی کۆندا ژنان وەک پیاوان لە مافی هاوولاتی بوون بەهرەمەند نەبوون و هەر بۆیە لە بڕیارە سیاسیەکاندا هیچ دەورو نەخشێکیان نەبوو. ژنان لە مافی خوێندن بە تایبەت لەو بوارانەدا کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە زانیاریە سەرەتاییەکانەوە بوو، بەهرەمەند نەبوون، هەروەها لە مافی پەرە پێدانی بە کردەی پیشە بێ بەری بوون. کچان هەر لە تەمەنی سیانزە تا شازدە ساڵیەوە بە پیاوانی گەلێک بە تەمەنتر لە خۆیان بە شوو دەدران. ئەرکی ئەوان وەک هاوسەر تەنیا منداڵ بەخێوکردن و خانەداری بوو. ژنان لە راستیدا لە چوارچێوەی ماڵدا یەخسیر کرابوون و زۆر جار بە هۆی زاوزێی زۆر و خراپی خۆراک هەر لە تەمەنی گەنجیەتیدا دەمردن.

2) هۆکاری بیۆلۆژیکی: بە پێی تیۆری ئەرەستوو چ لە جیهانی ئاژەڵان و چ لە جیهانی مرۆڤدا ئەوە نێرینەیە کە رۆڵی چالاکی دەگێڕێ و مێینەش پاسیف و وەرگرە. ئەرەستوو پێی وابوو کە ئەوە پیاو یاخود نێرینەیە کە منداڵ دەخوڵقێنێ و ژن یاخود مێینە تەنیا ئەرکی راگرتن، بەخێوکردن و خەملاندنی لە ئەستودایە. لە ترمینۆلۆژیی فەلسەفیی ئەرەستوودا نێرینە فۆڕمی بە تاک (منداڵ) دەبەخشێ و مێینە "تۆز".

3) وێنا ئایینیەکان: بە گوێرەی بۆچوونی توماس ئەکویناس داستانی خڵقەت لە بابەت ژنەوە هۆکاری ژێردەستەبوونی ژنی روون کردووەتەوە. وەک دەزانین لە داستانی خڵقەتدا باس لەوە کراوە کە "خودا ژنی لە کەلەکەی پیاو خوڵقاند"، نەک لە سەری. ئەمە بەڵگەیە بۆ رابەر بوونی پیاو. بەڵام لە هەمان کاتدا نەگوتراوە کە ژن لە قاچی پیاو دروست کراوە. لە بەر ئەوەی کە نەگوترێ پیاو مافی پێشێل کردنی ژنی هەیە.

4) "جان ستوارت میل" باوەڕی بە دابین کردنی مافی دەنگدان هەبوو بۆ هەموو گەورەکان. لە سەردەمی ئەودا ژنان کەمتر خۆیان لە قەرەی کێشەکانی کۆمەڵگا دەدا، هەر بۆیە ئەو پێی وابوو کە دابین کردنی مافی دەنگدان بۆ ژنان دەبێتە هۆی جوڵاندنی ژنان ۆ بەشداری کردنیان لە کاروباری کۆمەڵگاو لە سیاسەتدا.

5) باوکی جان ستوارت میل واتە جەیمز میل لە دژی ئەم بۆچوونە بوو و پێی وابوو کە ئەم ئەرکە لە ئەستۆی پیاوانە. جان ستوارت میل رەخنەی لەم بۆچوونە دەگرت و دەیگوت کە تاکەکان بۆخۆیان باشتر دەتوانن پارێزگاری لە حەز و داواکانی خۆیان بکەن. هەڵبەت ئەمە منداڵان و ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە پێویستیان بە سەرپەرستی کردن هەیە. کەواتە ژنان نابێ بهێڵین کە پیاوان لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەن.

6) لە بەرامبەر ئەوکەسانەیدا کە بەرگریان لە فرە ژنی دەکرد و پێیان وابوو کە بەم شێوەیە ژن بەختەوەرترێکە، جان ستوارت میل دەیگوت کە ئەم جۆرە کەسانە چەوسێنەری ژن و منداڵەکانیانن. لە وەڵامی ئەم رستەیەشدا کە گوایا ژن بە شێوەیەکی سروشتی لە خزمەت ئەوی دیدایە، میل دەیگوت: سروشتی بوون پێش هەر شتێک بریتیە لە دەرفەتێک کە تێیدا ژنان بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە خۆیان بەرەو پێش بەرن. واتە دەرفەتی بەرامبەر و یەکسان لە گەڵ پیاوان.

7) مەبەست لە ئازادی ژنان ئەوە نیە کە کە ئیتر ژنان لە پەیوەندی و وابەستییدا نەبن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ژنان بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە و بە پێی حەز و داواکانی خۆیان، ژیانیان چێ بکەن.

8) ئنگڵس پێی وایە کە ژن لە بنەماڵەدا دەچەوسێندرێتەوە. هەروەها پێی وایە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ژن وەک ئامرازی بەرهەمهێنانە، پیاو دەیپارێزێ بۆ ئەوەی خزمەتی بکا. پیاو لە وەها کۆمەڵگایەکدا خاوەن دەسەلاتی ئابووری و نان هێنەری ماڵە. ژنیش کرێکاری پیاوە و لە راستیدا کار دەکا لە پیناوی مانەوەو بەردەوامیی ژیانی لە ناو بنەماڵەدا.

9) لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا چیدیکە ژن بە هۆی ئابووریەوە بە پیاو نابەسترێتەوە. چونکە ئەوە کۆمەلگایە کە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە و ژنانیش وەک پیاوان دەرفەتی ئەوەیان دەبێ کە لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن و سەهم و بەشی پێویستی خۆیان وەرگرن. لە وەها کۆمەڵگایەکدا بنەماڵە لە ناو دەچێ، چونکە چیدی نابێتە پەنا بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ژن و منداڵ. لە راستیدا ئەوە کۆمەڵگایە کە ئەم ئەرکە راستەوخۆ لە ئەستۆ دەگرێ و مندالان لە باغچەی منداڵاندا پەروەردە دەکرێن.

10) "سیمون دوبوڤار" یش پێی وایە کە گەمەی دەسەلات لە ناو ژن و پیاودا هۆکاری مێژوویی هەیە، نەک سروشتی. واتە دەسەڵاتی پیاو لە سروشتەوە نایەت. لە گەمەی دەسەڵات لە نێوان ژن و پیاودا ژنان شەڕ دەکەن لە پێناوی بەرابەری و یەکسانیدا.